تا ژیان بەردەوام بێ، خەبات بەردەوامە
XEBAT
خەبات
ڕۆژنامەیەکی سیاسیی ڕۆژانەیە
ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردستانە
ژمارە (5906) چوارشەمە 8ی کانوونی دووەم 2020 «16» لاپەڕە «500» دینار

پەیامێک لە سەرۆک بارزانییەوە بۆ ڕای گشتیی عێراقی و کوردستانی

پێویستە بۆ دۆزینەوەی چارەسەر گوێ لە عەقڵ و مەنتیق بگیرێت نەک بەدوای عاتیفە و موزایەداتی بێهوودەوە بین

لەگەڵ ئەوەدا نابین کە وڵات تووشی شەڕی بە وەکالەت و چارەنووسی نادیار بکرێت

لە هەموو لایەک هەست بە مەترسییەکی گەورە دەکرێت و گرفتەکان زۆر ئاڵۆزن



دوێنێ سێشەمە 2020/1/7 سەرۆک بارزانی لەبارەی بارودۆخی ئاڵۆزی ناچەکەو عێراق پەیامێکی بڵاوکردەوەو ڕایگەیاند "پێویستە بۆ دۆزینەوەی چارەسەر گوێ لە عەقڵ و مەنتیق بگیرێت نەک بەدوای عاتیفە و موزایەداتی بێهوودە بین". ئەمەش دەقی پەیامەکەیە:

بەناوی خودای بەخشندە و میهرەبان

لە ماوەی چەند ڕۆژێ ڕابردوودا بارودۆخێکی زۆر ترسناک لە ناوچەکە و عێراقدا هاتۆتە ئاراوە و لە هەموو لایەک هەست بە مەترسییەکی گەورە دەکرێت. لە حاڵەتی ئەوهایشدا پێویستە بۆ دۆزینەوەی چارەسەر گوێ لە عەقڵ و مەنتیق بگیرێت نەک بەدوای عاتیفە و موزایەداتی بێهوودە بین.

ئێستا بارودۆخەکە لە لێواری تەقینەوەیە و گرفتەکان زۆر ئاڵۆزن. بۆیە دەبێ لە هەموو لایەک ئەو خاڵکەی هەست بە مەسئولیەت دەکەن بە عەقڵ و حیکمەتەوە چارەسەرێکی مەعقوڵ بدۆزنەوە کە لە خزمەتی گشت لایەک بێت. ئەگەر بێتوو پڕۆسەی چارەسەرکردن لەسەر ڕێگەیەکی ئەوها بێت ئەوە ئێمە لە یارمەتیدانی بۆ دۆزینەوەی چارەسەر دریخی ناکەین بەڵام لەگەڵ ئەوەدا نابین کە وڵات تووشی شەڕی بە وەکالەت و چارەنووسی نادیار بکات.

41مین ساڵەی هەوڵی تیرۆرکردنی سەرۆک بارزانی لە ڤیەننا

بابەتێکە لەلاپەرە چوار بخوێنەوە

ڕوونکردنەوەیەک لە نووسینگەی ڕاگەیاندنی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستانەوە دەربارەی هەواڵێکی ناڕاستی (کیهان) ی ئێرانی:

هەواڵەکەی (کیهان) هیچ بنەمایەکی ڕاستی نییە



ڕۆژنامەی (کیهان)ی ئێرانی هەواڵێکی بڵاوکردووەتەوە گوایا وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا مایک پۆمپێیۆ لە پەیوەندییە تەلەفۆنیەکەیدا سوپاسی مەسرور بارزانی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستانی کردووە لە هاوکاریکردنی لە "پرسی تیرۆرکردنی جەنەراڵ قاسم سولەیمانی".

ئەم هەواڵە هەڵبەستراوە و دوورە لە ڕاستییەوە. جێی داخیشە هەندێک میدیا هەواڵی چەواشەکارانەی لەو چەشنە بڵاودەکەنەوە. بە پێچەوانەوە لە پەیوەندییە تەلەفۆنیەکەدا، مەسرور بارزانی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان نیگەرانیی خۆی لە تێکچوونی بارودۆخی ناوچەکە دەربڕیوە و جەختیشی لە هێورکردنەوەی دۆخەکە کردووەتەوە و تەنیا باسی پەیوەندی نێوان هەرێمی کوردستان و ئەمەریکا کراوە و بە هیچ شێوەیەک باسی ئەو بابەتە نەکراوە کە ڕۆژنامەی (کیهان) بڵاوی کردووەتەوە.

داواش لە بەرپرسانی ئەو ڕۆژنامەیە دەکەین ڕوونکردنەوە بدەن لە سەر بڵاوکردنەوەی ئەو هەواڵە چەواشەکارانەیە.


نووسینگەی ڕاگەیاندنی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان

2020/1/6

ئەمڕۆ حکوومەتی هەرێمی کوردستان دوا پێشهات و پەرەسەندنەکانی بارودۆخی عێراق و ناوچەکە تاوتوێ دەکات

بڕیارە ئەمڕۆ چوارشەمە 2020/1/8 ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان بە سەرپەرشتی مەسرور بارزانی سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران و ئامادەبوونی قوباد تاڵەبانی جێگری سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران کۆ ببێتەوە .بە گوێرەی زانیارییەکان لە کۆبوونەوەکەدا، دوا پێشهات و پەرەسەندنەکانی بارودۆخی عێراق و ناوچەکە تاوتوێ دەکرێت.

شایانی باسە دوای کوشتنی قاسم سولەیمانی، فەرماندەی پێشووی سوپای قودس و ئەبومەهدی موهەندیس، جێگری سەرۆکی دەستەی حەشدی شەعبی لە لایەن ئەمەریکاوە، دۆخی عێراق و ناوچەکە گرژی تێکەوتووە. هەرێمی کوردستانیش چەند جارێک داوای کردووە، عێراق نەکرێتە مەیدانی جەنگ و ڕێگا لە ئاڵۆزی زیاتر بگیرێت.



14

بەشێکی هاوینەهەواری جوندیان بە دیزاینێکی نوێ نۆژەن دەکرێتەوە

دەزگای هەڵبژاردنی پارتی بۆ خەبات: ئەستەمە لە عێراقدا هەڵبژاردنی پێشوەختە بکرێت

بەرپرسی بەشی یاسایی دەزگای هەڵبژاردنی پارتی بە خەباتی ڕاگەیاند: هەڵبژاردن پێویستی بە دۆخێکی ئارامە لە دۆخێکی سیاسیی ئارامدا هەڵبژاردن دەکرێت، بۆیە هەڵبژاردنی پێشوەختە بە کەشێکی ئارام بەستراوەتەوە، بەڵام ئەوەی چاوەڕوان دەکرێت هەڵبژاردنی پێشوەختە بۆ ئێستای عێراق ئاستەمە، جیا لەوەی زۆربەی لایەنەکان تانەیان لەو یاسا نوێیە داوە کە پەسەند کراوە.

گوتیشی: دادگای فیدراڵی وادەی دیاری کردووە کە ئەو یاسایە جارێکی دیکە هەموار بکرێتەوە، بەو پێیەی لەگەڵ دەستووری عێراقدا بگونجێت، بۆیە چاوەڕوان ناکرێت هەڵبژاردنی پێشوەختە بکرێت.

هاوار محەمەد ڕاشیگەیاند: ئەو یاسایەی کە بەمدواییانە پەسەند کرا، دەرفەتی ئەوەی تێدا نییە هەڵبژاردنی پێشوەختەی پێ بکرێت، چونکە ئاڵۆزیی زۆری تێدایە، بەتایبەت لەسەر ئاستی قەزاکان و بازنەکانی هەڵبژاردن جیا لەوەش کە ویستی سیاسی لەو بارەوە نییە.



وەک خۆ ئامادەکردنێک بۆ ئەگەری هەر هێرشێکی ئێران

ئەمەریکا فڕۆکەی بۆمباهاوێژی B52 ڕەوانەی زەریای هیندی دەکات

2



مەترسییەکانی دەوڵەتی خاوەن نەوت

وردبوونەوە لە پارادۆکسی زۆری

تێری لێین کارڵ

و : نەژاد عزیز سورمێ

5

وەزیری بەرگریی ئەمەریکا: هیچ بڕیارێکمان سەبارەت بە کشانەوەی هێزەکانمان لە عێراق نییە



وەزیری بەرگریی ئەمەریکا، مارک ئێسپەر دەنگۆی کشانەوەی هێزەکانیان لە عێراق ڕەتکردەوە و ڕایگەیاند کە وڵاتەکەی هیچ بڕیارێکی لەبارەوە نەداوە. داوی بڵاوبوونەوەی نامەیەکی سوپای ئەمەریکا کە تیایدا باس لەوە دەکات، عێراق بە فەرمی لەبارەی کشانەوەی هێزەکانی ئەمەریکا لە عێراق ئاگادارکراوەتەوە، مارک ئێسپەر لەوبارەوە دوا و گوتی: هیچ بڕیارێکمان سەبارەت بە کشانەوەی هێزەکانمان لە عێراق نەداوە.

ئەمەش لە کاتێکدایە ڕۆژی دووشەمەی ڕابردوو سەرۆکی ئەمەریکا، دۆنالد ترەمپ هەڕشەی کردبوو لەوەی ئەگەر بەغدا داوای کشانەوەی هێزەکانی ئەمەریکا بکات ئەوا سزا بەسەر عێراقدا دەسەپێنێت. هەڕەشەکەی دۆنالد ترەمپ دوای ئەوە هات کە ڕۆژی یەکشەمەی ڕابردوو ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق بە زۆرینەی دەنگی ئەندامانی دەنگی دا لەسەر بڕیارێک کە تیایدا داوا لە حکوومەتی عێراق دەکات کە کۆتایی بهێنێت بە بوونی سەربازی ئەمەریکا لە وڵات.

لای خۆیەوە حکوومەتی عێراق ڕایگەیاند، ڕێکاری یاسایی دەگرێتەبەر بۆ ئەوەی بڕیارەکەی ئەنجوومەنی نوێنەران جێبەجێ بکات. ئەم پێشهاتەش دوای ئەوە دێت کە ڕۆژی هەینی وەزارەتی بەرگریی ئەمەریکا (پنتاگۆن) ڕایگەیاندبوو کە فەرماندەی فەیلەقی قودس سەربە سوپای پاسدارانی ئێران، قاسم سولەیمانی و جێگری سەرۆکی یەکشەمەی هەشدی شەعبی و هێزە ئەمنییەکانی عێراق، مارک ئێسپەر لەوبارەوە دوا و گوتی: هیچ بڕیارێکمان سەبارەت بە کشانەوەی هێزەکانمان لە عێراق نییە.

کەرکووک.. هێزێکی ئەمنی هەڵی کوتایە سەر گەڕەکێکی دیکەی کوردنشین

دوێنێ سێشەممە 2020/1/7 هێزێکی لیوای 61ی سەر بە حکوومەتی عێراقی کە ماوەیەکە سەپێندراون بەسەر شارەکەدا و وەک دەسەڵاتێ یەکەمی سەربازی خۆیان نیشان دەدەن، هەڵیانکوتاوەتە سەر گەڕەکی کوردستان (فەیلەق)ی شاری کەرکووک، بە بیانووی پشکنینی ماڵان و دەستبەسەرداگرتنی چەکی بێ مۆڵەت، ئەو گەڕەکەش کە پشکنینیان بۆ ئەنجام داوە گەڕەکێکی کوردنشینە.

ناوبەناو میلیشیاکانی حەشدی شەعبی و هێزە ئەمنییەکانی دیکەی عێراق، بە بیانووی پشکنین هەڵدەکوتنە سەر گەڕەکە کوردنشینەکانی کەرکووک و ئەمەش نیگەرانیی لای دانیشتوانی ئەو گەڕەکانە دروست کردووە و بەشێک لە دانیشتوانی گەڕەکەکان ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کە داعش لە گەڕەکە عەرەبشینەکان و حەویجە و ناوچەکانی دیکە هەن، کەچی هێزە ئەمنییەکان دێن گەڕەکە کوردنشینەکان بە شێوەیەنی نایاسایی دەپشکنن و شتومەکی نێو ماڵەکانیش تێک دەدەن. لە 16ی ئۆکتۆبەری 2017 میلیشیاکانی حەشدی شەعبی کەرکووکیان بە ڕێککەوتن لەگەڵ گرووپێکی خیانەتکاری کورد داگیر کرد و لەو کاتەوە دۆخی پارێزگاکە لە هەموو ڕوویەکەوە نالەبارە و فشارەکان زیاتر بۆ سەر کوردانی شارەکەیە .

قایمقامی سەپێندراوی خورماتوو دوو مانگ زیاترە هەڵاتووە

بە چەندین دۆسیەی گەندەڵی تۆمەتبارە

ماوەی زیاتر لە دوو مانگە قایمقامی سەپێندراوی خورماتوو هەڵاتووە و بە چەندین دۆسیەی گەندەڵی تۆمەتبارە. سەرچاوەیەک لەناو قایمقامیەتی خورماتوو کە نەیویست ناوی ئاشکرا بکرێت بەخەباتی ڕاگەیاند، زیاتر لە دوو مانگە حەسەن زەینولعابدین، قایمقامی سەپێندراوی خورماتوو بۆ شوێنێکی نادیار هەڵاتووە و نەگەڕاوەتەوە سەر کارەکەی.

ئاشکراشی کرد، قایمقامی خورماتوو چەندین دۆسیەی گەندەڵی لەسەرە و دەستەی نەزاهەی عێراقیش گەندەڵییەکانی ئاشکرا کردووە و ئێستاش لەلایەن دادگاوە داوا کراوە. لەم بارەیەوە، عیماد جەمیل، سکرتێری قایمقامیەتی خورماتوو، بە خەباتی ڕاگەیاند، تاکوو ئێستا قایمقامی خورماتوو نەگەڕاوەتەوە سەر کارەکەی و ئەو مۆڵەتی وەرگرتبوو. گوتیشی: لە شوێنەکەی ئێستا (تالیب محەمەد) بەڕێوەبەری ناحیەی سلێمان بەگ بە شێوەی وەکالەت کارەکانی قایمقامیەتی خورماتوو ڕایی دەکات.

خورماتوو شارێکی کوردستانییە و دەکەوێتە سنووری پارێزگای سەڵاحەدین و لەڕێگەی نێوان کەرکووک - بەغدایە و لە 16ی ئۆکتۆبەری 2017 بە ڕێککەوتن لەگەڵ گرووپێکی خیانەتکاری کورد، میلشیاکانی حەشدی شەعبی داگیریان کرد و هەزاران کوردی ئەو شارە ئاوارەی هەرێمی کوردستان بوون و پاشان قایمقامی شارەکە کە کوردێک بوو تاکوو ئێستا ئاوارەیە لە هەرێمی کوردستان و ئینجا میلیشاکانی حەشدی تورکمانی قایمقامێکی سەپێندراوی سەر بەخۆیان دانا و ئێستا ئەویش لە چەندین دۆسیەدا ئاشکرا کراوە کە گەندەڵی کردووە و زیاتر لە دوو مانگیشە هەڵاتووە و چارەنووسی نادیارە.

وەزیری دەرەوەی ئێران: سەرەتای کۆتاییهێنان بە بوونی سەربازیی ئەمەریکا لە ناوچەکە دەستپێکرد

وەزیری دەرەوەی ئێران، محەمەد جەواد زەریف ڕایگەیاند کە ئەمەریکا بە کوشتنی قاسم سولەیمانی هەڵەیەکی گەورەی کرد، چونکە ئەوە بووە سەرەتای کۆتاییهێنان بە بوونی سەربازیی خۆی لە ناوچەکە.

ئاژانسی هەواڵیی فەرمی ئێران بڵاویکردەوە لە دەستپێکی کۆنگرەی تاران بۆ گفتوگۆ، محەمەد جەواد زەریف گوتارێکی پێشکەش کرد. وەزیری دەرەوەی ئێران، محەمەد جەواد زەریف گوتی: سزای کوشتنی ئەو فەرماندە باڵایەی (قاسم سولەیمانی)، زوو یان درەنگ ئەمەریکییەکان لە ڕۆژهەڵات تا ڕۆژئاوا دەگرێتەوە.

سەبارەت بە ڕەوشی ئێستای ناوچەکەش محەمەد جەواد زەریف ئاماژەی بەوە کردووە، ئەوەی ئێستا ناوچەکە پێویستەیەتی گفتوگۆیە لەسەر ئاستی هەرێمیی و گوتی: ئەمڕۆ ڕووبەڕووی گەورەترین درۆی میژوویی بووینەتەوە کە ئەویش ئەوەیە گوایە ئەمەریکا هەوڵدەدات ئاشتی و ئاسایش لە ناوچەکە و جیهان بەرقەرار بکات.

وەزیری دەرەوەی ئێران، محەمەد جەواد زەریف گوتیشی: سەرەتای کۆتاییهێنان بە بوونی سەربازی ئەمەریکا لە ناوچەی ڕۆژئاوای ئاسیا دەستپێکرد. محەمەد جەواد زەریف ئەوشی گوت: خەرجی سیاسەتی دەرەوەی ئەمەریکا لە ڕۆژئاوای ئاسیا هەشت تریلیۆن دۆلاری تێپەڕاندووە، هەروەها جەنگ کە لە پەیوەندییەکانی نێودەوڵەتییدا جیاکراوەتەوە، ئەمڕۆ بووەتە بنەمایەک لە ناوچەکەدا.

وەزیری دەرەوەی ئێران، محەمەد جەواد زەریف تیشکی خستە سەر ئەوەی کە تەنها بە تێگەیشتن و گفتوگۆ ئاسایش لە ڕۆژئاوای ئاسیا، کەنداو و ناوچەکە بەدی دێت، ئەو ڕێگایەی کە ئەمەریکاش هەڵیبژاردووە، ڕێگەی جەنگ و خوێن ڕشتنە و گوتیشی: ئەمەریکا وەڵامی گەمژەییەکەی لە کاتی گونجاودا وەردەگرێت.

وەک خۆ ئامادەکردنێک بۆ ئەگەری هەر هێرشێکی ئێران

ئەمەریکا فڕۆکەی بۆمباهاوێژی B52 ڕەوانەی زەریای هیندی دەکات



بۆمباهاوێژانە لەلایەن پێنتاگۆنەوە بۆ وەڵامدانەوەی هەر هێرشێکی پێشبینیکراوی ئێرانە دوای کوشتنی قاسم سولەیمانی.

هەروەها سەرچاوەیەکی ئەمنی لە پارێزگای ئەنبار ئاشکرای کرد، هێزەکانی ئەمەریکا بە نیازن فڕۆکەخانەیەکی تایبەت بە فڕۆکەی زەبەلاحی B52 لە بنکەی (عێن ئەسەد)ی ئاسمانی لە ڕۆژئاوای پارێزگاکە دروست بکەن.

میدیاکانی عێراق لە زاری سەرچاوەیەکی ئەمنیی ئەنبارەوە ئاشکرایان کردووە، هێزەکانی ئەمەریکا بە نیازن فڕۆکەخانەیەکی زەبەلاح بە تایبەتمەندییەکی جیهانی بۆ فڕۆکەی B52ی زەبەلاح لە بنکەی عێن ئەسەد لە ناحیەی بەغدادیی سەر بە قەزای هیت لە ڕۆژئاوای پارێزگای ئەنبار دروست بکەن. ئەوەشی ئاشکرا کرد کە هێزەکانی ئەمەریکا ئێستا لە نێو بنکەکەدا دەستیان بە کاری فراوانکردنی بنکەکە کردووە، تاوەکو ڕێژەی هەڵفڕینی فڕۆکەخانەکە دروست بکەن.

سەرچاوەکە ئاشکرای کردووە، ئەم فڕۆکەخانەیە لە حاڵەتی دروستکردنی، دەبێتە یەکێک لە گرنگترین فڕۆکەخانەکانی جیهان کە بۆ فڕۆکەی B52ی زەبەلاح دروست کرابێت، هەروەک ئەو فڕۆکەخانەیەی لە بەریتانیادا هەیە.

ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا 6 فڕۆکەی بۆمباهاوێژ لەجۆری B52 دەگوازێتەوە بۆ یەکێک لە دوورگەکانی زەریای هیندی، وەک خۆ ئامادەکردنێک بۆ ئەگەری هەر هێرشێکی ئێران. ئەو بەرپرسانە پێیانوایە، جوولەپێکردنی ئەم فڕۆکە هیچ ڕێنماییەک نەدراوە. دوورگەی دیگۆ گارسیا دەکەوێتە بەری خوارەوەی باشووری زەریای هیندی و نزیکەی چوار هەزار کیلۆمەتر لە ئێرانەوە دوورە.

هەر سەبارەت بەم بابەتە چەند بەرپرسێکی باڵا لە پێنتاگۆن بە تۆڕی فۆکس نیوز ڕاگەیاندووە، بەم نزیکانە گرتنەبەری ڕێوشوێنی پێویست لە ئەگەری تەشەنەسەندنی زیاتری گرژییەکان لەگەڵ ئێران فڕۆکەی جۆری B52 ڕەوانەی دوورگەی دیگۆ گارسیا لە زەریای هیندی دەکرێت. بەرپرسەکە ئاماژەی بەوە داوە کە بەمەبەستی دەستوەردان لە ئێران فڕۆکەکە لە ئامادەباشیدا دەهێڵدرێتەوە، بەڵام هێشتا ڕایگەیاندبوو کە فەرماندەی فەیلەقی قودس سەربە سوپای پاسدارانی ئێران، قاسم سولەیمانی و جێگری سەرۆکی دەستەی حەشدی شەعبی، ئەبو مەهدی موهەندیس لە هێرشێکی ئاسمانیی سوپای ئەمەریکادا لەسەر ڕێگای فڕۆکەخانەی بەغدا، کوژراون. لە هێرشەکەدا لەپاڵ قاسم سولەیمانی و ئەبو مەهدی موهەندیس، هەروەها ژمارەیەک ئەفسەری ئێرانی سەربە سوپای پاسداران و پێنج کەسی عێراقی کە سەرجەمیان 10 کەس بوون، کوژران.

ئێران.. ڕێوڕەسمی بەخاکسپاردنی قاسم سولەیمانی 240 قوربانی لێکەوتەوە



سەرۆکی دەزگای فریاکەوتنی ئێران، پیر حوسێن کولیوەند ڕایگەیاند، ژمارەی ئەو کەسانەی کە لە ئاکامی ڕووداوەکانی قەرەباڵغی لەمیانی بەخاکسپاردنی قاسم سولەیمانیدا بوونەتە قوربانی گەیشتە، 40 کوژراو و 200 بریندار. ئاژانسی هەواڵیی فارس لە پیر حوسێن کولیوەندی گواستووەتەوە کە بەهۆی ڕووداوەکانی قەرەباڵغی لەمیانی بەخاکسپاردنی قاسم سولەیمانیدا بوونەتە قوربانی گەیشتووەتە، 32 کوژراو و 190 بریندار. جێی باسە ڕۆژی هەینی ڕابردوو وەزارەتی بەرگریی ئەمەریکا (پنتاگۆن) 40 کەس کوژراون و 200ی دیکەش بریندارببوون.

سەرۆکی دەزگای فریاکەوتنی ئێران، پیر حوسێن کولیوەند ئاماژەی بەوەیشکردووە کە ئەگەری هەیە ژمارەی قوربانییەکان بەرزببێتەوە. پێشتر کەنالی فەرمی ئێران بڵاویکردبوویەوە کە ژمارەی ئەو کەسانەی لە ئاکامی ڕووداوەکانی قەرەباڵغی لەمیانی بەخاکسپاردنی قاسم سولەیمانیدا بوونەتە قوربانی گەیشتووەتە، 40 کەس کوژراون و 200 بریندارن. ئاژانسی هەواڵیی فارس لە پیر حوسێن کولیوەندی گواستووەتەوە کە بەهۆی ڕووداوەکانی قەرەباڵغی لەمیانی بەخاکسپاردنی قاسم سولەیمانیدا لە شاری کرمان باشووری ڕۆژهەڵاتی ئێران کە دوێنێ سێشەممە بەڕێوەچوو، ڕایگەیاندبوو کە فەرماندەی فەیلەقی قودس سەربە سوپای پاسدارانی ئێران، قاسم سولەیمانی و جێگری سەرۆکی دەستەی حەشدی شەعبی، ئەبو مەهدی موهەندیس لە هێرشێکی ئاسمانیی سوپای ئەمەریکادا لەسەر ڕێگای فڕۆکەخانەی بەغدا، کوژراون. لە هێرشەکەدا لەپاڵ قاسم سولەیمانی و ئەبو مەهدی موهەندیس، هەروەها ژمارەیەک ئەفسەری ئێرانی سەربە سوپای پاسداران و پێنج کەسی عێراقی کە سەرجەمیان 10 کەس بوون، کوژران.

www.xebat.net
چوارشەممە 2020/1/8 ژمارە (5906)
خەبات

بانکی ناوەندی عێراق رۆژانە نزیکەی 250 ملیۆن دۆلار دەخاتە بازاڕەوە

بڕیاردەری لیژنەی دارایی پەرلەمانی عێراق: ئەگەر ئەمەریکا سزای ئابووری بەسەر عێراقدا بسەپێنێت نرخی دۆلار زیاتر گران دەبێت



خەبات/عدلی بانیشاری:

پاش هەڕەشەکانی دۆنالد ترامپ، سەرۆکی ئەمەریکا بۆ سەر عێراق و ئەگەری سەپاندنی سزای ئابووری بێ وێنە بەسەریدا، رۆژ بە رۆژ بەهای دۆلای ئەمەریکی بەرامبەر بە دیناری عێراق زیاتر بەرز دەبێتەوە. ئێستا نرخی دۆلاری سێ شەممە7ی کانوونی دووەم 100 دۆلاری ئەمەریکی بە 123 هەزار و 700 دینار مامەڵەی پێوە کرا.

بڕیاردەری لیژنەی دارایی لە پەرلەمانی عێراق دەڵێ: لە ئەگەری سەپاندی سزای ئابووری بەسەر عێراقدا لەلایەن ئەمەریکاوە بەهای دیناری عێراقی زیاتر دێتە خوارەوە.

د.ئەحمەد سلێمان سەفار، بڕیاردەری لیژنەی دارایی پەرلەمانی عێراق بە(خەبات)ی راگەیاند: بەرزبوونەوەی نرخی دۆلاری ئەمەریکی بەرامبەر بە دیناری عێراقی پەیوەندی بە گرژییەکانی نێوان ئەمەریکا و عێراقەوە هەیە. ئەحمەد سەفار گوتی: پاش بڕیارەکەی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق بۆ دەرکردنی هێزە بیانییەکان لە خاکی عێراق بەهای دۆلاری ئەمەریکی بەرامبەر بە دیناری عێراقی زیاتر بەرزبوویەوە.

بڕیاردەری لیژنەی دارایی پەرلەمانی عێراق گوتیشی: ئەگەر ئەمەریکا سزای ئابووری عێراق بدات، ئەوا بانکی ناوەندی عێراق ناتوانێت دۆلار بخاتە بازاڕەوە بەوەش بەهای دیناری عێراق دادەبەزێت و نرخی دۆلاریش گران دەبێت.

دەشڵێت: ئەگەر هێزەکانی ئەمەریکا لە عێراق دەربکرێت ئەگەری زۆرە ئەمەریکا ئەو سزا ئابووریە بەسەر عێراقدا بسەپێنێت، ئەوکاتیش پارەی عێراقی بەهای نامێنێت.

ناوبراو ئاماژەی بەوەشدا بانکی ناوەندی عێراق رۆژانە و بە بەردەوامی نزیکەی 250 ملیۆن دۆلار دەخاتە بازار تا بتوانێت کۆنترۆڵی نرخی دیناری عێراقی بکات و نرخ جێگر ببێت.

ئەحمەد سەفار ئەوەشی گوت: 3-4 ساڵە نرخی دیناری عێراق وەستاوە و بانکی ناوەندی کۆنترۆڵی نرخی دیناری کردووە. جەختی کردووە ئەگەر بانکی ناوەندی 2-3 رۆژ دۆلار نەخاتە بازاڕەوە بەهای دۆلار گران دەبێت و دیناری عێراقی دادەبەزێت.

رۆژی دوو شەممە، بانکی ناوەندی عێراق رایگەیاند: بەرزبوونەوەی نرخی دۆلار کاتییە و لەگەڵ ئاسایی بوونەوەی دۆخی عێراق نرخی دۆلار بەرامبەر دیناری عێراق جێگر دەبێت و نزیک دەبێتەوە لە 120 هەزار دینار. دوێنێ سێ شەممە بانکی ناوەندی 154,639,700 ملیۆن دۆلاری خستە بازاڕەوە.

هێنانی خێزانە عەرەبەکان بۆ کەرکووک مەترسیەکی گەورەی دروست کردووە




بەڕێوەبەری ئاسایشی کەرکووک زانیاری لەسەر ڕەوشی شارەکە دەدات. بەپێی ئامارێکیش کۆچکردنی خێزانە عەرەبەکان بۆ کەرکووک مەترسییەکی گەورەی لەسەر شارەکە دروست کردووە. لەمبارەیەوە عەمید ئیدریس ڕەفعەت، بە مالپەڕی فەرمیی پارتیی ڕاگەیاندووە: چوار هەزار خێزانی عەرەب لە ناوەڕاست و خواروی عێراقەوە هاتوون بۆ کەرکووک و کارتی نیشتیمانییان بۆ دەرکراوە، ئەوانی دیکە لە دەوروبەری شارەکەوە هاتوونەتەوە ژوورەوە، کە کاتی خۆی بۆیان نەبوو لە کەرکووک نیشتەجێ بن، بۆیە ئێستا هەتا دێت ژمارەی خێزانە عەرەبەکان بۆ شارەکە زیاتر دەبێت.

بڕیاردەری لیژنەی دارایی پەرلەمانی عێراق گوتیشی: ئەگەر ئەمەریکا سزای ئابووری بەسەر عێراقدا بسەپێنێت نرخی دۆلار زیاتر گران دەبێت

بەڕێوەبەری ئاسایشی کەرکووک ئەوەیشی خستۆتە ڕوو: لە ماوەی ساڵی 2019دا، هەزار و 668 ڕووداوی ئەمنی ڕوویان داوە کە 332 کەس لە هاوواڵتیان و هێزە ئەمنییەکان بوونەتە قوربانی، جیا لەوەی جوواڵەی داعش بە چاڵاکانە دەستی پێ کردووە، لە دوای 16ی ئۆکتۆبەری 2017 شەوە 25هەزار خێزانی عەرەب لە ناوچە جیاوازەکانی عێراقەوە هاوردەی کەرکووک کراون.

عەمید ئیدریس ڕەفعەت ڕاشیگەیاندووە: بەپێی ئەو ڕێککەوتنەی لە نێوان هەولێر و بەغدا کراوە، دەبێ پێشمەرگە و هێزە ئەمنییەکان بگەڕێنەوە شارەکە، بۆ ئەوەی ئەو بۆشاییە ئەمنییەی لە شارەکە هەیە، نەمێنێت. بەپێی زانیارییەکانیش، تا دێت ژمارەی هاوردەکردنی عەرەب بۆ کەرکووک زیاتر دەبێت. لەو بارەیەشەوە کارئاسانییان بۆ دەکرێت و کارتی نیشتمانیان بۆ دەردەهێنرێت، بەشێکی زۆری ئەو هاوردانەش لە حەویجە و شارەکانی دیکەوە دەهێنرێن.

ڕەوشی تەندروستی دەمیرتاش لە زیندان نیگەرانی لێدەکەوێتەوە



ئەندام پەرلەمانێکی سەر بە جەهەپە، لە کاتی سەردانی بۆ لای سەلاحەدین دەمیرتاش هاوسەرۆکی پێشووی هەدەپە، زانیاری لەبارەی ڕەوشی تەندروستی دەمیرتاش بڵاوکردەوە و دەڵێت بەو مەرجانەی لە زیندانی ئێدیرنە هەیە، چارەسەری تەندروستی بۆ سەلاحەدین دەمیرتاش مومکین نییە. سەزگین تانریکولو، ئەندام پەرلەمانی جەهەپە و کەسایەتیی دیاری تورکیا، لە زیندانی ئێدیرنە سەردانی دەمیرتاشی کردووە و پاشان قسەی بۆ میدیاکانی تورکیا کرد و لەبارەی ڕەوشی تەندروستی دەمیرتاش لێدوانی داوە، بەڵام نەچووە سەر وردەکاریی تەندروستیی دەمیرتاش.

سەزگین لە تازەترین لێدوانیدا ئاماژەی داوە، وەکوو بۆچوونی کەسی خۆی لەبارەی ڕەوشی تەندروستیی دەمیرتاش نیگەرانی هەیە، ئەو نیگەرانییەشی لە خۆڕا نییە، بەڵکوو لە ڕاپۆرتە پزیشکییەکاندا لەبارەی ڕەوشی دەمیرتاش ئەو نیگەرانییە دروست بووە. دەشڵێت: تاکوو ئێستا ئەوە دەستنیشان نەکراوە کە دەمیرتاش نەخۆشییەکەی چییە، بەڵام وەگرتنی چارەسەر و دەستنیشانکردنی نەخۆشییەکە بەو مەرجانەی لە زیندانداا هەیە مومکین نییە و نابێت وا بمێنێتەوە.

ئەو ئاماژەی دا کە چارەسەریی جۆراوجۆر وەردەگرێت و پزیشک پێی گوتووە ڕێگایەکی دیکە هەیە بۆ ئەوەی چاک ببیتەوە، کاتێک باسی ئەو ڕێگایەی پزیشکیان کردووە هەردووکیان پێکەنیون. سەزگین، دەڵێت پزیشک گوتوویەتی پێویستە بۆ ماوەیەکی زۆر ستایلی ژیانت بگۆڕێت، مەبەستی ئەوە بووە واز لە سیاسەت بهێنێت، بەڵام دەمیرتاش پێکەنینی پێ هاتووە.

زیاتر قسەی کرد و گوتی: دەمیرتاش لە ژووڕێکدایە 13 مەترە، ماوەی 3 ساڵیش دەبێت هەر لەو ژووردا زیندانییە، بە دڵنیاییەوە پزیشک نانووسێت پێویستە لە زیندان بهێنرێتە دەرەوە. ئەو لە ڕۆژێکدا 3 ژەم دەخوات و خواردنەکانیش ئەو خواردنانەن کە زیندان بۆی ئاماده دەکات، هەروەها تا بۆی بکرێت لە کۆریدۆری زیندان، یان لە کاتی پشوویان بۆ چوونە ناو پارکی زیندان، دەمیرتاش وەرزش دەکات، بۆیە ئیدی خۆی دەیەوێت لەناو زیندان ستایلی ژیانی بگۆڕێت، بەڵام ناکرێت دەمیرتاش بەو حاڵەی ئێستای لە زیندانداا بمێنێتەوە. پێشتر چەندین ڕاپۆرت و زانیاری بڵاوکرابوونەوە کە سەلاحەدین دەمیرتاش لە زیندان نەخۆشە و بەرپرسانی زیندانیش بەپێی ئەو مەرجانەی دایانناوە دەمیرتاش چارەسەری پزیشکی وەرناگرێت.

ئەڵمانیا بەشێک لە هێزەکانی لە عێراق دەکێشێتەوە

بەهۆی ئەو گرژییەی کە دوای کوژرانی فەرماندەی فەیلەقی قودس سەربە سوپای پاسدارانی ئێران، قاسم سولەیمانی لە ناوچەکەدا هاتووەتە ئاراوە، ئەڵمانیا ڕایگەیاند کە بەشێک لە هێزەکانی لە عێراق بەڕەو کوێت و ئوردن دەکێشێتەوە.

وەزیری بەرگریی ئەڵمانیا، ئەنگرێت کرامپ کارێنباوێر و وەزیری دەرەوە، هێکۆ ماس نامەیەکیان ئاراستەی پەرلەمانتارانی وڵاتەکەیان کردووە تیایدا گوتوویانە "ژمارەی سەربازانمان لە بنەکەکانی بەغدا و تاجی بەشێوەکی کاتی کەم دەکرێنەوە".

وەزیرانی بەرگریی و دەرەوەی ئەڵمانیا ئاشکرایان کردووە کە دانوستانەکان بەردەوامن لەگەڵ حکوومەتی عێراق سەبارەت بە مەشق و ڕاهێنان بە هێزە عێراقییەکان.لە ئێستادا 120 سەربازی ئەڵمانیا لە عێراق جێگیرن کە ئەرکیان مەشق و ڕاهێنانە بە هێزە عێراقییەکان.

ئەنگرێت کرامپ کارێنباوێر و هێکۆ ماس ڕاشیانگەیاندووە ئەو سەربازانەی کە لە بنکەکانی تاجی و بەغدا دەکشێنەوە دەگواسترێنەوە بۆ ئوردن و کوێت، هەر کاتێک دەست بکرێتەوە بە مەشق و ڕاهێنانەکان بە هێزە عێراقییەکان ئەو کات دووبارە دەگەڕێندرێنەوە بۆ عێراق.

ئەمەش لە کاتێکدایە کە پێشتر دوای ئەوەی هەفتەی ڕابردوو قاسم سولەیمانی لە هێرشێکی ئەمەریکادا لە بەغدا کوژرا، ئەڵمانیا فەرمانی دابوو بە سەربازانی لەوەی لە بنکەکانیان لە تاجی و بەغدا بمێننەوە و نەکشێنەوە.

عێراق.. خۆپیشاندەران بڕیاری دەرکردنی هێزە بیانییەکان ڕەت دەکەنەوە

ئەنجوومەنی نوێنەران لە ڕووی یاساییەوە هیچ شەرعیەتی نەماوە



خۆپیشاندەرانی گورپەپانی تەحریر ناوەڕاستی بەغدا ڕایانگەیاند کە بڕیارەکەی ئەنجوومەنی نوێنەران سەبارەت بە دەرکردنی هێزە بیانییەکان ڕەت دەکەنەوە و ئاماژە بەوەیش دەکەن کە ئەنجوومەنی نوێنەران لە ڕووی یاساییەوە هیچ شەرعیەتی نەماوە.

خۆپیشاندەران ڕاگەیاندراوێکیان بڵاوکردەوە تیایدا هاتووە: پێویستە لەسەر ئەنجوومەنی نوێنەرانی ئێستا هیچ بڕیارێک دەرنەکات کە دژبە بەرژەوەندییەکانی عێراق و گەلە ستەملێکراوەکەی بێت. هەر لە ڕاگەیاندراوەکەدا ئاماژە بەوەش کراوە: دەسەلاتی ئێستا کە خۆی لە ئەنجوومەنی نوێنەران و حکوومەت دەبینێتەوە، دەسەلاتێکە دووڕە لە گەل و نیشتمان، هەروەها کار دەکات دژبە بەرژەوەندییەکانی وڵات.

لە بەشێکی دیکەی ڕاگەیاندراوەکەدا هاتووە: ئەوەی ڕۆژی یەکشەممەی ڕابردوو لە دانیشتنی ئەنجوومەنی نوێنەران ڕوویدا نەک گوزارشت ناکات لە بەرژەوەندی وڵات، بەڵکو هەوڵێکە بۆ ئەوەی عێراق بەڵکێشی ململانێیەکانی نێودەوڵەتی بکرێت، هەروەها پەیامێکی نەرێنیشە لەوەی کە عێراق لایەنگیری وڵاتێک دەکات دژبە وڵاتێکی دیکە و ئەو کارەش ڕەت دەکەینەوە.

لە ڕاگەیەندراوەکەدا هەروەها داوا لە هاووڵاتییان کراوە دژ بەو کەسانە بوەستنەوە کە هەوڵدەدەن وڵات وێران بکەن، هەروەها داوا لە سەرکۆمار کراوە کە لەمیانی سێ ڕۆژدا و بەپێی مەرجەکانی خۆپیشاندەران کەسێک بۆ پۆستی سەرۆکوەزیران دیاری بکات. خۆپیشاندەران لە ڕاگەیەندراوەکەدا ئاماژە بەوەیش دەکەن کە ئەنجوومەنی نوێنەران لە ڕووی یاساییەوە هیچ شەرعیەتی نەماوە و لەئێستادا نابێت هیچ بڕیارێک دژبە بەرژەوەندییەکانی عێراق و گەلە ستەملێکراوەکەی دەربکات.

ڕۆژی یەکشەممەی ڕابردوو ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق بە زۆرینەی دەنگی ئەندامانی دەنگی دا لەسەر بڕیارێک کە تیایدا داوا لە حکوومەتی عێراق دەکات کە کۆتایی بهێنێت بە بوونی سەربازی ئەمەریکا لە وڵات.

لای خۆیەوە حکوومەتی عێراق ڕایگەیاند، ڕێکاری یاسایی دەگرێتەبەر بۆ ئەوەی بڕیارەکەی ئەنجوومەنی نوێنەران جێبەجێ بکات.

41مین ساڵەی هەوڵی تیرۆرکردنی سەرۆک بارزانی لە ڤیەننا

بەغدا لە 1979دا ویستی بە هەوڵی تیرۆرکردنی سەرۆک بارزانی ڕێگە لە پەرەسەندنی شۆڕشی کوردستان بگرێت، بەڵام هەوڵەکەی مایەپووچ بوو





لە ڕاستەوە: سەرۆک مسعود بارزانی، عارف تەیفور، د.بەرێز ئەحمەد، دلشاد میران (ڤیەننا، ساڵی 1979، چەند ڕۆژێک پێش پیلانەکە)

دلشاد مستەفا وەسانی

دوای نسکۆی 1975 ڕژێمی بەعس، لە دژێژەپێدانی خەباتی خەڵکی کوردستان دەترسا ،بەتایبەتیش دوای بلاوبوونەوەی دەنگوباسی سەرکردایەتی کاتیی پارتی دیموکراتی کوردستان ، بۆیە لە هەموو لایەکەوە کەوتە پەلامارادانی کورد، لە ئەوروپا لە 1/8/ 1979 هەوڵی تیرۆرکردنی سەرۆک بارزانی دا. دوای نسکۆ، پارتی دیموکراتی کوردستان لەپێناو مافە نەتەوەییەکاندا، دژێژەی بە خەبات داو، دەستی بە جموجۆڵ کردەوەو جارێکی دی خۆی ڕێکخستەوە، وێڕای جموجۆڵی ناوخۆی کوردستان و پێکهێنانی سەرکردایەتی کاتی، پارتی لە دەرەوەی کوردستانیش، بەتایبەتی ئەوروپا دەستی بە چالاکی کرد.

ڤیەننا ناوەندێک بۆ کۆبوونەوەی تێکۆشەرانی پارتی

پاش نسکۆی شۆڕشی ئەیلوول، ژمارەیەک لە تێکۆشەرانی پارتی، کە بڕیتی بوون لە پێشمەرگەو کادیرو کۆمەڵێک قوتابی زانکۆو ژمارەیەک ئەندامانی سەرکردایەتی لە نەمسا نیشتەجێ بوون، بیریان لەوە کردەوە کە دژێژە بە خەبات بدەن، ئەمەش بیرۆکەیەکی گرنگ بوو، بۆ ئەوەی تێکۆشانی تاراوگەو ناوخۆی کوردستان بەیەکەوە گرێ بدەنەوە، بەمەش ئەوکات ڤیەننای پایتەختی نەمسا، بووە ناوەندێکی گرنگی پارتی دیموکراتی کوردستان و بارەگای لقی 6ی ئەوروپاش هەر لە نەمسا بوو.

چاوی ڕژێم لەسەر سەرۆک بارزانی بوو

ڕووداوەکانی دوای نسکۆی 1975 زۆر بەخێرایی دەڕۆیشتن، ڕژێم بە قەولی خۆی، کۆتایی بە شۆڕشی کوردستان هێنابوو و لە نەشئەی ئەو خەیاڵانەدا، کە زۆری نەبرد، تێکۆشەران تێهەڵچوونەوەو، شۆڕشی گوڵان دژێژەی بە شۆڕشی ئەیلوول داو، بڕیاری نەپسانەوەی کاروانی تێکۆشان و شۆڕش درایەوە، ئەو دەسپێکردنەوەیە، زۆر بەخێرایی تەشەنەی سەند، هەروەک ئەوە وابوو، ئاگر دەپوش وپەڵاش بەردرابێ و وەستانی نەبوو، بێگومان ئەو جۆرە هەواڵە بۆ ڕژێمی بەعس، هەواڵی ناخۆش بوون، بۆیە لە هەموو لایەکەوە بەرنامەی دژایەتی کردنی شۆڕش و کوردستانی دەست پێکرد، بەو پێیەی ڕێککەوتنی جەزائیری لە 3/6/ 1975 لەگەڵ شای ئێران ئیمزاکردبوو، لە هەڤاڵەکانی دیکەش گەیشتنە لامان".

هەنگاوی دوای پیلانەکە

دوای ئەوەی پیلانەکە جێبەجێکرا، بەشدراپووانی ئەو پیلانە شۆینەکە بەجێ دەهێڵن بەو حیسابەی ئامانجی خۆیان پێکاوە، بۆ ئەوەی زیاتر لەبارەی ئەو پیلانە بزانین کە دوای تەقەکردنەکە بەکوێ گەیشت، پەیوەندیان بە دڵشاد میران کرد کە لە نزیکەوە ئاگای لە ڕووداوەکە بووە و گووتی:"پاش هەوڵەکە بۆ بەیانی پۆلیسی نەمسا بە حیمایە ئیمەیان گەیاندە فڕۆکەخانە و بۆ قوبرس چووین" ، لەبارەی ئەوەی ئاخۆ بۆچی لە نەمساوە چوونە قوبرس دڵشاد میران وێستگەیەشدا زۆر نامێننەوە لەبارەی بەجێهێشتنی قوبرس دڵشاد میران گووتی: چەند هەفتەیەک لە قوبرس ماینەوە تا مانگی شوبات،کاتێ ڕژێمی شای ئێران ڕووخا، جەنابی سەرۆک لەگەڵ عارف تەیفور چوون بۆ تاران و منیش بۆ لوبنان".

هەوڵێر ناوەندێک بۆ پەیوەندی دیپلۆماسی و ڕووبەڕووبوونەوەی تیرۆر

کاروانی خەباتی سەرۆک بارزانی ئەگەر تەنیا لە ڕووداوی ڤیەننا ناوە بۆ ئێستا هەوڵێر بەرچاوبخەین، هەڵکشانێکی مەزن لە بەرزبوونەوەی کێرقی خەبات و پەیوەندیی دیپلۆماسیی هەرێمی کوردستان لەگەڵ ئەوا داعش دژێژەی بەو دژایەتیکردنە و چەند شۆینێکی داگیرکردو بەتەمابوو هەوڵێریش بریندار بکات، بەڵام ئازایەتی پێشمەرگەو بەرهەمی خەبات و تێکۆشانی خەڵک وحیکمەتی سەرۆک بارزانی لە بەرزکردنەوەی ئاستی دیپلۆماسیی کورد لەگەڵ وڵاتان و پەیداکردنی دۆست، ئەو خەونە نەگریسەی دوژمن نەهاتەدی، پێشمەرگە لە نێو 60 دەوڵەتی هاوپەیمانی دژی داعش تاکە هێزی سەر زەویی بوو، سەرۆک بارزانی ڕابەرایەتی بەرەی شەڕی دژی داعشی کرد، کەواتە دوژمن هەمیشە هەموو هۆیەکی بۆ دژایەتی کردنی کورد بەکارهێناوە، بۆفوونە، وێڕای شەڕ سەپاندن بەسەر کوردو خاپورکردنی کوردستان، چەندین جار هەوڵی تیرۆرکردنی ڕەمزو سەرکردەکانی کوردستانی داوەو هەموو ئەو هەوڵانەش لە پەنای ئاشتییەوە بووە، بەتایبەتی لە دەیەی حەفتای سەدەی ڕابردوو، وەک هەوڵی تیرۆرکردنی ئیدرس بارزانی لە بەغدا سالی 1970 کە بۆ بەدواداچوونی ئیشوکاری گفتوگۆی نێوان شۆڕشی کوردستان و حکوومەتی بەغدا چووبووە بەغدا، هەروەها هەوڵی تیرۆرکردنی بارزانیی نەمر لە حاجی ئۆمەران لە 9/29/ 1971 لە ڕێگەی چەند پیاوێکی ئایینی عەرەبەوە.

لە بەغدا ئەوانەی نایانەوێ عێراق عێراقێکی نوێ بێت، پشتیان لە دەستوور کرد کە تاکە ڕایەڵی پێکەوە گرێدان و پێکەوەژیانی پێکهاتەکانە، بۆیە بە ئاشکرا و بە پشتیوانی هێزە ئیقلیمییەکان دژی هەرێمی کوردستان وەستایەوە، تەنانەت ڕۆڵی پێشمەرگەی کوردستانیان لەبەرچاونەگرت، لەکاتێکدا ئەگەر هاوکاریی پێشمەرگە نەبووایە، سوپای عێراق و حەشدی شەعبی نەیاندەتوانی بە ئاسانی موسڵ لە دەستی داعش رزگاربکەن، دواتر بەهۆی ئەوەی گەلی هەرێمی کوردستان مافێکی ڕەوای خۆی کە ریفراندۆم بوو لە 25ی ئەیلوولی 2017 پەیڕەو کرد، وێڕای ئەوەی بەغدا لە 2014بوودجەی هەرێمی کوردستانی بڕی بوو، ئابلۆقەی خستە سەر هەرێمی کوردستان و دواترپەلاماری کەرکووک و ناوچەکانی دیکەی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی کوردستانی دا.

لە 16ی ئۆکتۆبەری 2017بە ڕیکەوتنی ژێربەژێری گرووپێک خیانەتێکی گەورە کرا و سوپا و حەشد کەرکووکیان داگیرکرد، پێشمەرگەی سەر بە لایەنێک لە بەرەی شەڕکشێندرایەوە، پێشمەرگەی پارتی بەتەنیا لە مەیدان مایەوە، جارێکیدی بەغدا بە هاوکاریی لایەنێک هەوڵی نەهێشتنی قەوارەی هەرێمی کوردستانی دا، غروری بەغدا بەو ڕاددەیە گەیشت باس لە دادگاییکردنی سەرۆک مسعود بارزانی بکات، ئەو هێز و گرووپەی ڕۆڵی کەواسوری بەرلەشکری بینی، بەم بڕیارەی بەغدا کەیفیان دەهات، بەڵام خەونی بەغدا و ئەوانی دی نەهاتەدی، چونکە نەیانتوانی هەولێر و دهۆک داگیر بکەن، پێشمەرگە بەسەرپەرشتی سەرۆک بارزانی لێنەگەڕا داگیرکەر لە پردێ بێتە پێشەوە، دواتریش بەرگرییەکی بێ وێنە لە سحێلا و مەحمودیە و تلسقۆف و مەخمور کرا.

ساڵی 1979بەغدا ویستی ڕێگە لە هەوڵی سەرۆک بارزانی بگرێت، بۆ ئەوەی نەتوانێ خەباتی کوردانی تاراوگە و ناوخۆی کوردستان بەیەکەوە گرێ بداتەوە و شۆڕش دامرکێننەوە، بەڵام ئەو پیلانەی بەغدا شکستی هێنا و شۆڕش بە خێرایی گەشەی کرد، لە 2017ش بەغدا دژی خەڵکی کوردستان وەستایەوە، کە ڕای خۆیان لەبارەی ئایندەی کوردستان دەربڕی بوو، بۆیە کە خیانەت کرا و پیلانی ئیقلیمی و بێ دەنگی جیهان زەمینەیان بۆ جیهان خۆشکرد، جارێکی دی بەغدا دەیویست سەرۆک بارزانی کە سەرپەرشتیی ریفراندۆمی کردووە و وەک سەربەخۆخوازێک دادگایی بکات، بەڵام ئەوەی بەغدا و کلەکەکانی خەون بوو نەهاتەدی، لە 2018سەرۆک بارزانی بە پێگەیەکی بەهێزەوە چووە بەغدا و فەرشی سووری بۆ ڕاخرا، کەواتە پیلان و تووند و تیژی و داگیرکاری دادی دوژمنان نادات، بەهەڵەدا چووبوون، وایان زانی خەڵک لە هەڵبژاردن سەربەخۆخوازان سزا دەدات، بەڵام ئەوەی ڕووبدا و چاوەڕوان بوو، خەڵک ئەوانەی سزادا کە دژی ریفراندۆم بوون، لە عێراق هەموو ئەو لایەنانەی دژی کورد بوون، کورسیەکانیان کەم بووەوە، کەچی لە کوردستان کورسییەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان زیادی کرد، ئەو حزبە سەربەخۆیبخوازە لە هەڵبژاردنی 12ئایاری 2018نەک لە سەر ئاستی عێراق بووە یەکەم حزب، لە هەڵبژاردنی 30ی ئەیلوولی 2018شدا پارتی دیموکراتی کوردستان 45کورسی پەرلەمانی کوردستانی بەدەست هێنا.



سەرۆک بارزانی لەکاتی بەسەرکردنەوەی هەڤاڵەکانیدا، کە لە هەوڵە تیرۆریستییەکەدا بریندار ببوون **(ڤیەننا-1979)**

ئامارێەک لە وەرگێڕەوە

(تێری لێین کارڵ Terry Lynn Karl) پرۆفیسۆری ئەمەریکایی بواری زانستە سیاسیەکان، 21ی نۆڤێمبەری 1947 لەدایک بووە. ئەم لێکۆڵینەوەیەی کاتی خۆی سالی 2007 لە لایەن – پەیانگەی لێکۆڵینەوەی ستراتیژی عێراق– کەخوالێخۆشبوو نووسەری ناسراو فالح عەبدوڵجەبیار سەرپەرشتی دەکرد کراوە بە عەرەبی و وەکات لە بەغدا و هەولێر و بێرووت بڵاوکراوەتەوە.

نووسەر لەم لێکۆڵینەوەیدا بە ڕاشکاوی باسی گرفتە پەنهان و ئاشکراکانی نەوت و مەترسییەکانی لە وڵاتانی خاوەن نەوت دەکا کە چۆن ئەگەر پسپۆڕی دڵسۆز و لێزانی حیکمەتدار لە پشت ئیدارەدانییەوە نەبن لە باتی خێر دەبێتە بەڵا بەسەر خودی دەوڵەتەکەوە ونەک هەر گەشەی دەوەستێنێ یا دوای دەخا، بەڵکو دەیخاتە ژێر باری قەرزی قورسیشەوە. لەم بوارەشدا نموونە و داتای حاشاهەڵنەگر و هەندێ جار بەڵگەنەویست دێنێتەوە بەتایبەتی لە دەوڵەتە دواکەوتووەکاندا.

بەهۆی گرینگی لێکۆڵینەوەکە و بۆ بەرچاوڕوونی لایەنە پەیوەندیدارەکان بە پێویستم زانی بیکەم بە کوردی، دەنا ڕەنگە بابەتی لەم چەشنە کاری ئابووریزانان بێ تا خوێندر و بەدواداچوویەکی ئەدەب و هونەر).

وەرگێڕ



مەترسییەکانی دەوڵەتی خاوەن نەوت

وردبوونەوە لە پارادۆکسی زۆری

5-4

تێری لێین کارڵ

و : نەژاد عزیز سورمێ

کە ئالۆزیرکارانی بێگانەش ئامۆژگاری دەسەڵاتدارانی نەوتیان بە حیکمەتی واز لە نەوت هێنان لە قوواڵییاندا و هەوڵ دان بۆ باروبووی گەشەی کەم قازانج (کەم ئەوسا) دەکرد، ئەو دەسەڵاتدارانە دەچوون زیاتر و زۆرتر قەرزیان دەکرد ، زیاتر لە تێکڕای قەرز کردنی ئەو وڵاتانەی پشت بە سەرچاوەی نەوت نابەستن **(20)**.

ئەم بڕە کەمەی لە ڕێی خەرج کردنی دەسەڵاتدارانەیشەوە بۆ پارە کە دەیزانین، وانەیەکی بەسوود و شایانی لێ وردبوونەوەیە **(21)**.

ڕێچکە گرتنی دۆلارەکانی نەوتیش کە بە لای نموونەی دابەش کردنی سیاسی قازانجدا دەشکێتەوە هەرگیز سەیر نییە کە لە نێوان 65-75% لە کۆی گشتی بەرهەمی ناوخۆ دوای سالی 1974 بۆ بەکاربردنی گشتی و تایبەتی بڕوا- کە پێش هەموو شتێک بۆ ڕازی کردنی ئەو کۆمەڵە سەرەکیانەی پشتگیری دەسەڵاتدارانی نەوت دەکەن. ئەمەش زۆربەی جار شتێوەی پاڵپشتی و یارمەتیدانی بۆ ئەو کۆمەڵ و لایەنە دیاریکراوانە و خزم و برادەر و پەیڕەوکارانی سیاسی حکوومەت لە ڕێگای بەخشینی گرێبەست بەپێی بنچینە و پێوانەیەکەوە کە پەیوەندی بە بازارەوە نییە وەرگرتووە **(22)**.

بەڵام ئەوەی لە کۆی گشتی بەرهەمی ناوخۆ دەمێنێتەوە، واتە 20-35% ئەوا بۆ بنیاتنانی سوپایەکی پێشکەوتوو وەبەردەهێنرا یا بەکاردەهات.

ئابووریزان و شارەزایان ئەوانەی کار لە دامەزراوەکانی قەرزیی جیهاندا دەکەن، ئەوانەی کەم جار بایەخ بە شێوەی تەرخان کردنی بەرهەمی نەوتەوە دەدەن، ئەگەر ئامارە گەورەکانی ئابووری هاوسەنگ دەربکەوێ گشتیان بە خراپ کار لە ئابووری کردن لە دەوڵەتانی دەوڵەمەند بە نەوت دەبەستنەوە بە خراپی بەڕێوەبردنی بەرهەم لە لایەن حکوومەتەکانەوە یان زیادەڕۆیی لە فراوان کردنی ڕۆڵی دەوڵەت.

لەوەش گرینگتر ئەوان پەیوەندییەکیان لە نێوان بەجێهێنانی ئابووری و گۆڕانکاری دراماتیکی سیاسی نەدەدی کە لە وڵاتانێکی وەک ئێران و فەنزوێلا و ئەندەنوسیا و جەزاییر یان نایجیریادا ڕوویدا **(23)**.

بەڵام ئەو پسپۆڕانە نازانن نەبوونی توانایی ئابووری بۆ ئەوەی کە بڕیاری لێ دراوە وەختێ لە ڕووی سیاسییەوە سەیر دەکرێ هەڵەیەک لە حسابان پێک ناهێنێ، ئەمیشیان لە بریتی ئەو بەشێکی جەوهەرییە لە حساباتی دەسەڵاتداران بۆ پاراستنی پشتیوانی لە ڕێگای دابەش کردنی دۆلارەکانی نەوت بەسەر دۆست و هاوپەیمانیاندا.

دیسان ئەو پسپۆڕانە لەوەش ناگەن چاکسازی ئابووری بەبێ گۆڕانکارییەکی لەناکاوی سیستەمی حوکم جێبەجێ نابێ، بەڵکو ئەو گۆڕانکارییەش دەستەبەرێکی بەس نییە بۆ گرتنەبەری ئەو سیاسەتانەی کۆمەڵناسان ڕایدەسپێرن یان چاوەڕوان بین بەرپرسە (عەقڵانییەکان) بیگرنەبەر. لەباتی ئەمەش گشتی، دەبینین عەقڵانییەتی دۆلاری نەوت ڕوون و ئاشکرا عەقڵێکی قازانج ویستە، هیچیش بە هانای نەهێشتنی ئەو ڕەفتارە لە پێکەوەنانی شوێنکەوتە و لایەنگیردا نایێ **(24)**.

بەم جۆرە و دوور لە خراپ بەڕێوەبردنی ئابووری و خراپی لە پرۆسەی بڕیاردانداد، دەبینین هێزی ژێراوژێر هەیە، قوولتر، خراپی جێبەجێ کردنی هەنارەکارانی نەوت لێک دەداتەوە، کە بە ڕاستی جێی سەرسڕمانە. کێشەکانی دەوڵەتانی خاوەن نەوت بەشێکی لە (نەخۆشی هۆڵەندی)ـەوە سەرچاوە دەگرێ، کە لە ماوەی خرۆشانی گازدا لە شەستەکان تێبینی کرا، ئەو نەخۆشییەش دەری دەخا دەستکەوتە زۆر و زەبەندەکان کە لە هەنارەدەکردنی شمەکە سەرەتاییەکانەوە دێ چۆن بەهای بەڕاستی دراو بەرز دەکاتەوە، ئەوەش توانای کێبەرکێی شمەکە هەنارەدەکراوەکانی دیکە دەشکێنێ. لەم ڕاڕەوەدا کەرتی کشتوکاڵ و کەرتی پیشەسازی دووچاری زیان دەبن.

دیارە بەردەوام بوونی نەخۆشی هۆڵەندیش هانی گەشەیەکی بەهێز دەدا، بەڵام زۆربەی جار شێواو لە لایەنی خزمەتگوزاری و گواستنەوە و چالاکی تری بێ بازاڕی بازرگانی-non tradables لەهەمان کاتدا پیشەسازی و کشتوکاڵیش بێ ئومێد دەکا- ئەوەش چالاکییەکە زۆربەی زۆری داڕێژەرانی سیاسی ناتوانن بەرەنگاری ببنەوە یان بیوەستێنن **(25)**.

بەڵام نەخۆشی هۆڵەندی کە بە کۆسپی تر دەبەسترێتەوە زیانی دەگاتە ئەوپەڕی ڕێگە لە چالاکی بەرهەمهێنانی دوورنەنجام دەگرێ کە لەسەر وەبەرهێنانی سەرچاوەی چک کردووەا وەستاوە **(26)**. لێ ئەوە بە تەنیا ڕوویەکە لە ڕووەکانی (نەفرەتی سەرچاوەکان) **(27)**.

لەمەدا لێتۆژەکان هەر لە ئادەم سمیسەوە لە مەترسی دەسکەوتی کانزاکاندا هوشداریان داوە، ئادەم سمیس وای وەسف کردووە کە: **«داهاتی ئەو پیارانەیە پێیان خۆشە بەروبومێکیان دەست کەوێ نەیان چاندووە» (28)**.

لێتۆژەکان وای دەبینێ ئەو دەستکەوتانە زۆربەی جار وا دەکەن لە باتی بەرهەمهێنان خواردەمەنی لە دەرەوە بهێنن و هانی بەرخۆری دەدەن، بە گشتی لایەنگیری چالاکی بێ بەرهەمن. ئەو هەڵاوسانەی لەمەشدا دەکەوێتەوە پلاندانان قورس دەکا و لاسەنگی لە گەشەدا ئالۆز دەکا ، ئەمەش دواجار دەمانگەیەنێتە زیاتر بوونی لەمپەر لە ڕاستکردنەوەی سیاسەتی پیشەسازی بە هۆی سستی بنیاتیی بە ئابووریییەوە بەستراوەوە. چەندی وڵاتانی بێ نەوتن ڕەنگە بە تواناتر بن لە گۆڕینی سیاسەتی پیشەسازیان و بە ئاسانتریش، پاڵپشت بەو بناغەیەوە بۆ زیاد کردنی توانای کێبەرکێ و زۆر کردنی داهاتەکانیان لە دراوی سەخت و خێرا کردنی گەشەی ئابووریییەوە **(29)**.

کەچی لە بەرامبەردا دەوڵەتانی خاوەن نەوت پشت بە ڕێڕەوێک بۆ گەشە دەبەستن ناتوانن بەردەوامی پێ بدەن، چونکە سووتەمەنی بزوێنەری ئەو ڕێڕەوە سەرچاوەیەکی چک کردووە- بەڵکو قازانجی لەو سەرچاوەیەشەوە دێ هەرەبەخۆی کۆسپی بەردەم جێبەجێ کردنی گۆڕانکاریە.

شکاندنی تەڵەی بونیات: ئاسۆی ئایندە

واتای خەمهێن بۆ دەوڵەتانی ئۆپێک ئەگەر بۆ بڕیارە سیاسییەکان بگەڕێتەوە یا بۆ کێشەی بنیاتی قوولتر ، ئەوا پێکهاتنێکی سەرسوڕهێن لەبارەی ڕاچێتەی پێویست بۆ تێپەڕاندنی ئەو واتایە هەیە **(30)**.

نیشانە بە بیروڕای ئابووریزانانیش، شارەزایانی نەوت لەسەریانە کە نرخ بەرز دەبێتەوە دەسکەوتی نەوتەکانیان لە ڕێگەی سپاردنی بە سندووقی دڵنیایی trust fundی دەرەوە (خاوێن بکەنەوە)، بۆ ئەوەی لە پیشەسازی سەرپێی خێرادا خۆیان بە دوور بگرن و پاڵپشتی پێویستیش بۆ کەم کردنەوەی شۆکی دابەزینی نرخ فەراهەم بکەن، هەروەها لەسەریانە ئامرازی بازاڕ بەکار بهێنن وەک ئازاد کردنی بازرگانی (لیبڕالایەتی) و ئازاد کردنی سیستەمی خەرج کردنی دراو و بەتایبەتی کردن و لادانی پێشەمەرج کە نرخ و کرێ و تێکڕای سوود ڕادەگرێ، ئەمەش بۆ سنوور دانان بۆ ڕۆڵی دەوڵەت لە ئابووریدا و هەروەها بۆ مسۆگەر کردنی سەقامگیری ئابووری گەورە macro و زامن کردنی توانای ئاڵووێری دراوی ناوخۆ، دیسان لەسەریانە ژینگەیەکی سەقامگیر فەراهەم بکەن بۆ زامن کردنی مافی مووڵکداری و ویستی بەرگرتن لە نەخۆشی هۆڵەندی، لەسەریانە بەرهەمی کشتوکاڵ و پیشەسازی بەرز بکەنەوە هەروەها لەسەریانە چاکسازی لە کەرتی دارایی بکەن بۆ زیاد کردنی سەربەخۆیی بانکی ناوەندی و بەهێز کردنی سیستەمی بانکی بە گشتی هاوتەریب لەگەڵ چەسپاندنی سیستەمی دادوەری بۆ پاراستنی مافی مووڵکداری و پشتگیری بەرەنگار بوونەوەی گەندەڵی، پاش ئەوەش لەسەریانە خەرجیی حکوومەت تا سنووری گونجاو کەم بکەنەوە و بەرەنگار بوونەوەی لادانی ئارەزوو بۆ زیاد کردنی بەکاربردنی ناوخۆ بۆ ڕازی کردنی دانیشتووانی تووڕەو خۆ بە دوور گرتن لە بەرنامەی کاری گشتی کە ڕووکارێکی گەورەی میللی هەیە، لە جیاتی وەبەرهێنانی دریژخایەن لە سیستەمی تەندورستی و سیستەمی فێرکردن کە بەشداری لە زیاد کردنی بەرهەمدا دەکەن. بەڵام چەندی ئەو ڕێڕەوە سەرچاوەیەکی چک کردووە- بەڵکو قازانجی لەو سەرچاوەیەشەوە دێ هەرەبەخۆی کۆسپی بەردەم جێبەجێ کردنی گۆڕانکاریە.

دەوڵەتانی خاوەن نەوت بە دەوڵەتی دیکە ناچن، ڕاستە ئەوان لەگەڵ دەوڵەتانی گەشەسەندووی دی لە کۆمەڵێک تایبەتایەتیدا بە تایبەتی ئەوانەی کانزا هەنارە دەکەن هاوبەشن، بەڵام ئابووری ئەو وڵاتانەی پشت بە نەوت دەبەستن و سیستەمی سیاسیان لە جەوهەردا پێکهاتەیەک پێک دەهێنێ بە هۆی هەڕژانی دۆلاری نەوتێ بە چەشنێک لە دەوڵەتانی تری جیا دەکاتەوە

دەسەڵاتدارانی دەوڵەتانی نێردەکاری نەوت هیچ هاندەرێکی ڕاستەوخۆیان نییە وایان لێ بکا بگر و لێهاتوو و لە خەمی دارشتنی سیاسەتدا بن، هەروەها کەمترین هۆ لای خۆیان نابینن پاڵیان پێوە بنێ بۆ نامەرکەزایەتی دەسەڵات بە بەشداری پێکردنی هاوبەشی دیکە.

شکاندنی تەڵەی بونیات: ئاسۆی ئایندە

واتای خەمهێن بۆ دەوڵەتانی ئۆپێک ئەگەر بۆ بڕیارە سیاسییەکان بگەڕێتەوە یا بۆ کێشەی بنیاتی قوولتر ، ئەوا پێکهاتنێکی سەرسوڕهێن لەبارەی ڕاچێتەی پێویست بۆ تێپەڕاندنی ئەو واتایە هەیە **(30)**.

نیشانە بە بیروڕای ئابووریزانانیش، شارەزایانی نەوت لەسەریانە کە نرخ بەرز دەبێتەوە دەسکەوتی نەوتەکانیان لە ڕێگەی سپاردنی بە سندووقی دڵنیایی trust fundی دەرەوە (خاوێن بکەنەوە)، بۆ ئەوەی لە پیشەسازی سەرپێی خێرادا خۆیان بە دوور بگرن و پاڵپشتی پێویستیش بۆ کەم کردنەوەی شۆکی دابەزینی نرخ فەراهەم بکەن، هەروەها لەسەریانە ئامرازی بازاڕ بەکار بهێنن وەک ئازاد کردنی بازرگانی (لیبڕالایەتی) و ئازاد کردنی سیستەمی خەرج کردنی دراو و بەتایبەتی کردن و لادانی پێشەمەرج کە نرخ و کرێ و تێکڕای سوود ڕادەگرێ، ئەمەش بۆ سنوور دانان بۆ ڕۆڵی دەوڵەت لە ئابووریدا و هەروەها بۆ مسۆگەر کردنی سەقامگیری ئابووری گەورە macro و زامن کردنی توانای ئاڵووێری دراوی ناوخۆ، دیسان لەسەریانە ژینگەیەکی سەقامگیر فەراهەم بکەن بۆ زامن کردنی مافی مووڵکداری و ویستی بەرگرتن لە نەخۆشی هۆڵەندی، لەسەریانە بەرهەمی کشتوکاڵ و پیشەسازی بەرز بکەنەوە هەروەها لەسەریانە چاکسازی لە کەرتی دارایی بکەن بۆ زیاد کردنی سەربەخۆیی بانکی ناوەندی و بەهێز کردنی سیستەمی بانکی بە گشتی هاوتەریب لەگەڵ چەسپاندنی سیستەمی دادوەری بۆ پاراستنی مافی مووڵکداری و پشتگیری بەرەنگار بوونەوەی گەندەڵی، پاش ئەوەش لەسەریانە خەرجیی حکوومەت تا سنووری گونجاو کەم بکەنەوە و بەرەنگار بوونەوەی لادانی ئارەزوو بۆ زیاد کردنی بەکاربردنی ناوخۆ بۆ ڕازی کردنی دانیشتووانی تووڕەو خۆ بە دوور گرتن لە بەرنامەی کاری گشتی کە ڕووکارێکی گەورەی میللی هەیە، لە جیاتی وەبەرهێنانی دریژخایەن لە سیستەمی تەندورستی و سیستەمی فێرکردن کە بەشداری لە زیاد کردنی بەرهەمدا دەکەن. بەڵام چەندی ئەو ڕێڕەوە سەرچاوەیەکی چک کردووە- بەڵکو قازانجی لەو سەرچاوەیەشەوە دێ هەرەبەخۆی کۆسپی بەردەم جێبەجێ کردنی گۆڕانکاریە.

شکاندنی تەڵەی بونیات: ئاسۆی ئایندە

واتای خەمهێن بۆ دەوڵەتانی ئۆپێک ئەگەر بۆ بڕیارە سیاسییەکان بگەڕێتەوە یا بۆ کێشەی بنیاتی قوولتر ، ئەوا پێکهاتنێکی سەرسوڕهێن لەبارەی ڕاچێتەی پێویست بۆ تێپەڕاندنی ئەو واتایە هەیە **(30)**.

نیشانە بە بیروڕای ئابووریزانانیش، شارەزایانی نەوت لەسەریانە کە نرخ بەرز دەبێتەوە دەسکەوتی نەوتەکانیان لە ڕێگەی سپاردنی بە سندووقی دڵنیایی trust fundی دەرەوە (خاوێن بکەنەوە)، بۆ ئەوەی لە پیشەسازی سەرپێی خێرادا خۆیان بە دوور بگرن و پاڵپشتی پێویستیش بۆ کەم کردنەوەی شۆکی دابەزینی نرخ فەراهەم بکەن، هەروەها لەسەریانە ئامرازی بازاڕ بەکار بهێنن وەک ئازاد کردنی بازرگانی (لیبڕالایەتی) و ئازاد کردنی سیستەمی خەرج کردنی دراو و بەتایبەتی کردن و لادانی پێشەمەرج کە نرخ و کرێ و تێکڕای سوود ڕادەگرێ، ئەمەش بۆ سنوور دانان بۆ ڕۆڵی دەوڵەت لە ئابووریدا و هەروەها بۆ مسۆگەر کردنی سەقامگیری ئابووری گەورە macro و زامن کردنی توانای ئاڵووێری دراوی ناوخۆ، دیسان لەسەریانە ژینگەیەکی سەقامگیر

کەمێکی کەم نەبێ لە ئابووریزانان تێی ناگەن، **بڕیە کلیلی چاکسازیی سەرکەوتوو سیاسییە نەک ئابووری**. با ئەو ڕەچەتە گونجاوە وەربگرین بە پەیڕەو کردنی سیاسەتی (پاک کردنەوە).

ئەم سیاسەتە لە نەرویج و ئالاسکا جێبەجێ کرا، بەم ڕووکارەش سەرکەوتنی بەدەست هێنا ، بەڵام بە دەستوور پاڵپشتی کرا بوو کە نەهێڵێ حکوومەتەکان پشتیوانی سندووقەکانی نەوت بۆ هیچ مەبەستێک بەکار بهێنن بەدەر لەو ئامانجانەی ئەو سندووقانەی بۆ داندراوە، سەرەڕای گونجاندنی دەستوور، قانوونی تایبەتیش هەیە داهاتەکان دەخاتە دەرەوەی دەسەڵاتی داڕێژەرانی سیاسەت، ئەمەش بە ڕووی توانایان لە بەکارهێنانی ئەو سندووقانەدا دەوەستێ.

لێرەڕا سەرکەوتنی سیاسەتێکی ئاوا پێشەکی دەخوازێ سیستەمێکی دادوەری سەربەخۆ و کارا هەبێ لە توانایدا بێ بەرەنگاری دزی وگەندەڵی ببێتەوە و ڕووبەدەربی -شەفافییەت- لە بەکارهێنان و بەڕێوەبردنی بودجەی قبووڵ بێ، هەروەها هەبوونی بانکێکی ناوەندی تا ڕادەیەک سەربەخۆ، سەرەڕای نەبوونی پێویستییە خێراو لەناکاوەکان - ئەم مەرجانەیش بە هیچ شێوەیەکی مانادار و لە هیچ وڵاتێک لە وڵاتانی ئۆپێک فەراهەم نابن. بەڵام ئەگەر بەستنەوەی دەزگای لەم چەشنە کە توانای بەستنەوەی حوکم بەدەستانی هەبێ، نەبێت، داخۆ چی پاڵ بەو دەسەڵاتدارانەوە دەنێ خۆیەخش دەستیان ببەستنەوە و قبووڵیان بێ داهاتی نەوت پاک بکرێتەوە؟

پەراوێز:

(20) Karl (1997) p. 29.

(21) لە ڕوانگەی ئاژاوەی کە لە خرۆشانەکانی نەوتەوە دێ دەوڵەتانی ئۆپێک خۆیان تۆماری ژمێریان لەبارەی وەبەرهێنانی زیادبوونە لەناکاوەکان ناخەنە بەردەست، ئەو ژمارانەی لێرەشدا هاتوون تەنیا خەملاندنێکە، گلیب و ئامۆزگیار هێناویانە: Gelb (1988) and Jahangir Amuzegar, "OPEC as Omen", Foreign affairs, 77, no 6 (November/December, 1998).

(22) دۆلارەکانی نەوتێ بۆ پشتگیری شمەکی بەکاربەری وەک سووتەمەنی، نیشتەجێبوون، خزمەتگوزاری گشتیی (تەندروستی، فێرکردن) و سوودە گشتییەکان (ئاو، کارەبا) دەدرێ. بەڵام پشتگیری نرخ بۆ کەرتی تایبەتی زۆر گەورەترە لە زۆبەی وڵاتان بە تایبەتی لە لێبوردن لە باج و داشکاندنی نرخی کارەبا و گواستنەوە و گەیاندن و پێناسەی گومرگ و شتی دیکەی لەم بابەتە .

ئامۆزیگار دەڵێ پشتگیری کردنی نرخی شمەک لە دەوڵەتانی کەنداو سالانە لە نێوان 10-20% لە کۆی دەسکەوتی نیشتمانی هەڵدەلووشێ، بڕوانە: Amuzegar (1998) p.

(23) جەهانگیر ئامۆزیگار کە ڕاوێژکارێکی ئابووری جیهانیی و وەزیری پێشووی دارایی سەردەمی شای ئێران ڕەتی دەکاتەوە پەیوەندییەکی لەو ڕەنگە لە نێوان کارسازی ئابووری و گۆڕانکاریە سیاسیەکاندا هەبێ، ئەو دەنووسێ دەڵێ: (ئەگەر هەندێ لە ڕووداوە ناخۆشەکانی لێ باوێینە دەرێ کە هیچ پەیوەندییان بە نەوتەوە نییە- شۆڕشی ئێران - دوو شەڕی ویرانکەری نێوان عیراق و دراوسێکانی، کودەتای نایجیریا و قەتەر و فەنزوێلا ژ ئەوەی وڵاتانی ئۆپێک بینیان لە لاسەنگی تەرازووی پێدان و لە دەست دەرچوونی هەڵاوسان شتی تری لەم بابەتە لە ئەنجامی شاشی لە لێکدانەوە وخەملاندن و خراپی کارگێڕیە لەو وڵاتانە)، هەر ئەو سەرچاوەیە ل 199.

(24) وەک ئەوەی ڕۆژێ گۆنزالۆ باریۆس یەکێک لە دامەزرێنەرانی دیموکراسییەت لە فەنزوێلا ئامارەی پێداوە و وتوویەتی : (خەڵکی دزی دەکەن، چونکە کەس نییە ڕێگەیان لێ بگرێ) - دیدارێک لەگەڵ نووسەر: کاراکاس، فەنزوێلا هاوینی 1979.

(25) See W. Max Corden, "Booming Sector and Dutch Disease Economic: A Survey", Working Paper 079 (Canberra, Australia: Australian National University, 1982); and J. Peter Neary, ed., Natural Resources and the Macroeconomy (Cambridge, MA: MIT Press, 1986)

(26) See T. J. C. Robinson, Economic Theories of Exhaustible Resources (London: Routledge, 1989).

(27) See Richard Auty, Sustaining Development in Mineral Economics: The Resource Curse Thesis (London: Routledge, 1993); and Richard Auty, "Industrial Policy Reform in Six Large Newly Industrializing Countries: The Resource Curse Thesis, World Development", 22, no. 1 (1994) pp. 11-26.

(28) Adam Smith, An Inquiry into the Nature and Causes of the Wealth of Nations (New York): Modern Library, (1937) p. 399.

(29) Auty (1994), pp. 11-26; qnd Karl (1997).

(30) بە نموونە سەیری هاوتایی نێوان ڕەچەتەکانی ئامۆزیگار و کریستۆفەر ڕۆزنبێگ بکە:

Christoph Rosenberg and Tapio Saavalainen. "Dealing with Azerbaijans Oil Boom", IMF Working Paper 35, no 3 (September 1998) Amuzegar (1998).

هەمان ئەو ڕاچێتانە لەگەڵ هەندێ گۆڕانکاری لە بانکی نێودەوڵەتیدا دەبینینەوە، بەڵام ئەوەی پەیوەندی بە سەقامگیریی ئابووری گەورەوە (ماکرۆ) هەیە ئەوە چارەسەریەکانی سندووقی نەختینەی نێودەوڵتی لێکیان دەکاتەوە.

وەزیری پەروەردە بۆ قوتابیان: بە باشی وانەکانتان بخوێنن و تووشی شڵەژانی دەروونی مەبن



دوێنێ تاقیکردنەوەی وەرزی یەکەم لە ناوەندەکانی خوێندن بەڕێوەچوو، وەزیری پەروەردەش رایگەیاند: دوێنێ تاقیکردنەوەکانی وەرزی یەکەم لە سەرجەم ناوەندەکانی خوێندن لە هەرێمی کوردستان بەڕێوەچوون، هاوکات چەند ناوەندێکی خوێندنمان بەسەر کردەوە لە شاری هەولێر و، لەگەڵ پارێزگاکانی تری هەرێمی کوردستانیش لەسەر خەتین و تاقیکردنەوەکانیش بە شێوەیەکی باش بەڕێوەدەچن، فەرمیی پارتی دیموکراتی کوردستانی راگەیاند: دوێنێ تاقیکردنەوەکانی وەرزی یەکەم لە سەرجەم ناوەندەکانی خوێندن لە هەرێمی کوردستان بەڕێوەچوون، هاوکات چەند ناوەندێکی خوێندنمان بەسەر کردەوە لە شاری هەولێر و، لەگەڵ پارێزگاکانی تری هەرێمی کوردستانیش لەسەر خەتین و تاقیکردنەوەکانیش بە شێوەیەکی باش بەڕێوەدەچن، بە مانّپەڕی ڕایەدگەیەنێت، تاقیکردنەوەکان بە شێوەیەکی ئاسایی بەڕێوەچوون و هەموو ئامادەکارییەکیان بۆ کرابوو و زەمینە و کەشێکی لەباریان بۆ قوتابیان ڕەخساندووە. ئالان حەمەسەعید، وەزیری پەروەردەی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، بە مانّپەڕی ڕایگەیاند: هەموو ئامادەکارییەکیان بۆ کراوە بۆ ئەوەی قوتابیان بە ئاسانی و بە ئارامی بچنە ناو هۆڵەکانی تاقیکردنەوەکان و بە باشی وانەکانتان بخوێنن و تووشی شڵەژانی دەروونی مەبن.

جەختیش دەکاتەوە، ئامادەکارییەکی باش لەلایەن وەزارەتی پەروەردەوە بۆ ئەم مەبەستە کراوە. هاوکات وەزیری پەروەردە داوا لە قوتابیان دەکات، بە شێوەیەکی دروست وانەکانیان بخوێنن و لە کاتی خوێندنی ئامادەی تاقیکردنەوەکانیان بن، هەروەها تووشی هیچ جۆرە شڵەژانێکی دەروونی و فشار نەبن، هەر قوتابییەکیش تووشی ئاستەنگێکی زانستی بوو لە وەرزی یەکەمدا، بواری ئەوەی هەیە لە وەرزی کۆتاییدا هەنگاوی باشتر بنێت و سەرکەوتن بەدەست بێنێت.

وەزیری پەروەردە زۆر سوپاسی سەرجەم بەڕێوەبەرایەتییە گشتییەکانی پەروەردەی پارێزگاکان و بەڕێوەبەرایەتیی قەزاکان و سەرپەرشتیاران و بەڕێوەبەری قوتابخانەکان و تەواوی مامۆستایان دەکات، کە لە ئاستی پێویستدا هەموو ئامادەکارییەکیان کردووە.

ئەم هەمی قەردارێن گەل و نشتیمان و خوینا شەهیدایینە



سەربەست تروانشی ئەندامێ ئەنجومەنێ سەرکردایەتیا پارتی و بەرپرسێ لقا ئێک ب یاوەریا بەرپرسێ نڤیسینگەها شەهیدان لسنورێ لیژنا ناوچا ئاشتی دگەل هژمارەکا مالباتێن شەهیدان کومبوو، ئەڤەو لدیڤ وێ بەرنامێ دارێتی کو ئەڤە پترڕ ژ سێ سالانە یێ بەردەوام ژهاریکارکرن و هەروەسا چارەسەرکرنا نەخوشێن مالباتێن شەهیدان، ئەڤەو دڤێ رینشتنێ دا بەرپرسێ لقێ گوت:

ئەم قەردارێ گەل و نشتیمان و خوینا شەهیداینە دەولەت سەرێ عەزیزێن هەوە ئەڤرو یا کوردستانێ دروست بوویە و ئەم سوزێ ددەینە کە فتییێن ریکا وان بین تا ئەلندا دوماهیێ ل وەلاتێ مە بهەلیت، مالباتێن شەهیدان سوپاسیا بەرپرسێ لقێ کر کو ئەڤە سێ سالە یێ بەردەوام ژ خزمەت کرنا مالباتێن شەهیدان.

نەخۆشخانەی پێشمەرگە لە داهاتوویەکی نزیکدا پێشوازی لە نەخۆش دەکات



وەزیری پێشمەرگە نەخۆشخانەی پێشمەرگەی بەسەر کردەوە و لە نزیکەوە گوێی لە داواکارییەکانی تیمی پزیشکی و سەربازیی نەخۆشخانەکە گرت و بەڵێنی دابینکردنی کەم و کوڕی و پێداویستییەکانی ئەو نەخۆشخانەیەی دا.

وەزارەتی پێشمەرگە ڕاگەیاندراوێکی لە مانّپەڕی فەرمیی خۆی بڵاوکردووەتەوە و تێیدا ئاماژە بەوە دراوە، دوێنێ سێشەممە 2020/1/7 شۆڕش ئیسماعیل، وەزیری پێشمەرگە، بە یاوەریی سەرجەم تروانشی ئەندامێ ئەنجومەنێ سەرکردایەتیا پارتی و بەرپرسێ لقا ئێک ب یاوەریا بەرپرسێ نڤیسینگەها شەهیدان لسنورێ لیژنا ناوچا ئاشتی دگەل هژمارەکا مالباتێن شەهیدان کومبوو، ئەڤەو لدیڤ وێ بەرنامێ دارێتی کو ئەڤە پترڕ ژ سێ سالانە یێ بەردەوام ژهاریکارکرن و هەروەسا چارەسەرکرنا نەخوشێن مالباتێن شەهیدان، ئەڤەو دڤێ رینشتنێ دا بەرپرسێ لقێ گوت:

ئەم قەردارێ گەل و نشتیمان و خوینا شەهیداینە دەولەت سەرێ عەزیزێن هەوە ئەڤرو یا کوردستانێ دروست بوویە و ئەم سوزێ ددەینە کە فتییێن ریکا وان بین تا ئەلندا دوماهیێ ل وەلاتێ مە بهەلیت، مالباتێن شەهیدان سوپاسیا بەرپرسێ لقێ کر کو ئەڤە سێ سالە یێ بەردەوام ژ خزمەت کرنا مالباتێن شەهیدان.

سەرگرنگیی ئەو نەخۆشخانەیە بۆ چارەسەرکردنی نەخۆش و بریندارانی پێشمەرگە و جەختی کردەوە لەسەر پشتگیری و پاڵپشتیی وەزارەت بۆ پڕکردنەوەی پێداویستییەکانیان بۆ ئەوەی لە داهاتوویەکی نزیکدا نەخۆشخانەکە بە تەواوی بکەوێتە کار و پێشوازی لە نەخۆش بکات.

نەخۆشخانەی پێشمەرگە لەسەر ئەرکی حکوومەتی ئەڵمانیا بۆ پێشمەرگە دروست کراوە و یەکێکە لە گرنگترین ئەو پرۆژانەی کە حکوومەتی ئەڵمانیای فیدراڵ وەک دیاری پێشکەش بە وەزارەتی پێشمەرگەی حکوومەتی هەرێمی کوردستانی کردووە.

ستافی نەخۆشخانەی پێشمەرگەوە پێشوازییان لێ کرا.

باس لەوەش کراوە، لە کۆبوونەوەیەکیشدا، کە ئەفسەرانی باڵا و تیمی پزیشکی و سەربازی و تەندروستی پێشمەرگە ئامادەی بوون، وەزیری پێشمەرگە تیشکی خستە سەر بڕیارەکانی هەرێمی کوردستان بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی پزیشکی و تەندروستی پێشمەرگە و بەهێزکردنی سیستەمی پزیشکی و تەندروستی پێشمەرگە.

سەربەست لەزگین، بریکاری وەزارەت، نەخۆشخانەی پێشمەرگەیان لە هەولێر بەسەر کردەوە و لەلایەن ئەفسەران و بەڕێوەبەر و ستافی نەخۆشخانەکەوە پێشوازییان لێ کرا.

سلێمانی... ئاماری بەڕێوەبەرایەتی گشتی کاروباری مین بۆ 2019

دوێنێ سێشەممە لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانییدا، بەڕێوەبەری گشتی کاروباری مینی سلێمانی، موحسین شێخ عەبدولکەریم بەرزنجی ئامار و چالاکییەکانی بەڕێوەبەرێتیەکەی بۆ ساڵی 2019 خستە ڕوو. سەرەتا موحسین شێخ عەبدولکەریم بەرزنجی زانیاری خستە سەر ڕووبەری زەوییە بە مین چێنراوەکان و ئەو زەویانەی سنووری پارێزگای سلێمانی و هەڵەبجە کە لە مین و تەقەمەنی پاککراونەتەوە و کاری پاکسازی مینیان بۆ ئەنجامدراوە. بەپێی ئامارەکە لە ساڵی 2019دا، توانیویانە لە 653 هەزار و 257 کیلۆمەتردا، چوار هەزار و 924مین و تەقەمەنی لە ناو ببەن. موحسین شێخ عەبدولکەریم بەرزنجی ئاماژەی بە ئاماری قوربانییان و بەرکەوتووانی بواری مین کرد ڕایگەیاند کە ژمارەی قوربانییان لە هاوواڵتیان نۆ کەس بوون کە سێ شەهید و شەش بریندارن.

لە شەقامەکانی هەولێر چوار پردی پەڕینەوە دروست دەکرێت



خەبات/سەید فاتیح بەرزنجی: لەسەر بڕیاری پارێزگاری هەولێر لە شەقامەکانی هەولێر چوار پردی پەڕینەوە دروست دەکرێن، موقەددەم فازڵ حاجی، گوتەبێژی بەڕێوەبەرایەتیی هاتوچۆی هەولێر: لەسەر بڕیاری د. فرسەت سۆفی پارێزگاری هەولێر و لەسەر پێشنیاری بەڕێوەبەرایەتیی هاتوچۆی هەولێر، لە داهاتوویەکی نزیکدا لە شەقامەکانی هەولێر چوار پردی پەڕینەوە دروست دەکرێن، کە بەم شێوەیەیە:

1- شەقامی 100 مەتری - بەرانبەر قوتابخانەی ئەحمەدی خانی.

2- شەقامی 100 مەتری - بەرانبەر کۆڵێژی دەرمانسازی.

3- شەقامی کۆیە - بەرانبەر ماجدی مۆڵ، کە ئەو پردەیان لەسەر ئەستۆی خاوەنی مۆڵەکە دروست دەکرێت.

4- شەقامی 100 مەتری - چوارڕیانی حەدیاب بەرامبەر کووڕانی عەنکاوە. گوتەبێژی بەڕێوەبەرایەتیی هاتوچۆی هەولێر ووتیشی: هیوادارین ئەم پردانە کە لەم شوێنانە دروست دەکرێن، کاریگەرییان لەسەر کەمکردنەوەی ڕووداوەکانی شێلان هەبێت، داوا لە هاوواڵتیانیش دەکەین بۆ سەلامەتیی خۆیان بۆ پەڕینەوە لەشەقامەکان پردەکان بەکار بهێنن.

گۆڤاری Travel تراڤڵ دەردەچێت

Travel تراڤڵ گۆڤارێکی مانگانەی تایبەت بە گەشت و گوزارە و بارەگای سەرەکی لە هەولێرە، خاوەن ئیمتیازەکەی (زەندی صابر رسول) و سەرنووسەرەکەی (سەردار حوسێن تەها)یە، هەرکەس لاری لە ناوەکەی هەیە پەیوەندی بەم ژمارە تەلەفۆنەوە بکات:
07504965013

وەزیری ئەوقاف وکاروباری ئایینی سەردانی پەیمانگای ئەزهەر دەکات



دوێنێ سێشەممە د. پشتیوان سادق وەزیری ئەوقاف و کاروباری ئایینی سەردانی سەردانی پەیمانگای ئەزهەری سەر بەوەزارەت کرد لەلایەن بەڕێوەبەرو مامۆستایانی بەڕێزی پەیمانگا پێشوازی لێکرا، دواتر هۆڵی ئەزمونەکانی بەسەر کردەوەو لەنزیکەوە لەڕەوشی بەڕێوەچوونی تاقیکردنەوەکانی نیوەی سالّی پرسیەوە، وەزیری ئەوقاف پشتیوانی خۆی بۆ پرۆسەی خوێندن و فێربوون بۆ پەیمانگای ئەزهەر دووپات کردەوە، ڕایگەیاند: هەوڵەکانی وەزارەت بەردەوام دەبن بۆ پێشخستنی ئاستی زانستی و لەهەوڵی دابین کردنی مامۆستایانی پسپۆریە پێویستەکانین. جێگەی ئاماژەیە پەیمانگای ئەزهەر سەر بەوەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی، 170 قوتابی بەشداری ئەزمونەکانی نیوەی سالّ دەکەن.

دەرچووانی پەیمانگاکەش لەبەشێکی زانکۆکانی کوردستان و زانکۆی ئەزهەری وڵاتی میسر دەتوانن دریژە بەخوێندن بدەن.

کۆمەڵەی کرێنشینان: بڕیارەکانی حکوومەت دەربارەی یەکەکانی نیشتەجێبوون لە خزمەت هاووڵاتیاندایە

وەزیران کە ئیمزای سەرۆکی حکوومەتی لەسەرە و تێیدا هاتووە، بەهۆی قەیرانی دارایییەوە سوودمەندبوونی سندووقی نیشتەجێبوون پارەیەکی زۆریان لەسەر کۆ بووەتەوە، کە لە ساڵی 2016 قیستەکانیان نەگەڕاندووەتەوە و داوا دەکەن لە کاتی هەڵگرتنی پاشەکەوتی موچەی دەست بە دانەوەی قیستەکانیان بکەن، نەک هەموو قەرزەکان بەسەر یەکەوە بدەنەوە، بۆیە بڕیار درا کە لە ڕێکەوتی هەڵگرتنی پاشەکەوتەوە قیستەکانیان لێ وەرگیرێتەوە و ببەخشرێن لە سوودی دواکەوتن تاوەکو ڕێکەوتی هەڵگرتنی پاشەکەوت و ئەو سوودمەندانەی 80% نرخی یەکەکانیان وەرگرتووە، ماوەی گەڕاندنەوەی قیستەکانیان لە 10 ساڵ بۆ 20 ساڵ دریژ بکرێتەوە. جێگری سەرۆکی کۆمەڵەی کرێنشینانی کوردستان، هیوا ڕەشید، بۆ مانّپەڕی فەرمیی پارتی دیموکراتی کوردستان گوتی: ئەو بڕیارانەی سەرۆکی حکوومەتی دەربکردوون، زۆر گرنگ و ئیجابین و لە خزمەتی هاووڵاتی کەمدەرامەت و ئەو هاووڵاتیانەن کە یەکەی نیشتەجێبوونیان بە قیست کڕیوە. هیوا ڕەشید گوتیشی: خەڵکێکی زۆر دەهاتە لای ئێمە باسی لەوە دەکرد پارەی دانەوەی قیستەکانیان نییە، جا سوودیشی بێتە سەر، بۆیە بەو بڕیارە هاووڵاتیان دەتوانن قیسەکانیان بدەنەوە و بە دوو جۆریش ئاسانکاریان بۆ کراوە، یەکەم پارەی زیاتریان لێ وەرناگیرێت و دووەم ئەو قیستەی پێشتر دەیاندایەوە، مادام بووەتە 20 ساڵ لەجیاتی قیستی تەواو بدەن، نیوەی دەدەن، چونکە 10 ساڵیان بۆ دریژ کراوەتەوە.

پرسەو سەرەخۆشی

بەناوی خوای گەورەو میهرەبان

هەڤالێ بەڕێز حاجی حەمەڕێگر

خەمبار بووین بەبیستنی هەواڵی کۆچی دوایی دایکی بەڕێزتان.

بەو بۆنە خەمناکەوە پرسە و سەرەخۆشیمان ئاراستەی ئێوە و خانەوادە بەڕێزەکەتان و تەواوی خزم و دۆست و ئاشنایانتان دەکەین و خۆمان بە هاوبەشی خەمتان دەزانین.

لەخودای گەورە داواکارین سەبووری و ئارامی بەهەموو لایەک ببەخشێت و گیانی کۆچکردوویش بە بەهەشتی بەرین شاد بکات..

انا لله وانا الیه راجعون

مەکتەبی سیاسی

***

هەڤالێ بەڕێز ئاراس ئیبراهیم ئاغا

بەداخ و پەژارەیەکی زۆرەوە هەواڵی کۆچی دوایی خوالێخۆشبوو (ڕێبوار ئیبراهیم ئاغا)ی برای بەڕێزتانمان بیست.

بەو بۆنە خەمناکەوە پرسە و سەرەخۆشیمان ئاراستەی ئێوە و خانەوادە بەڕێزەکەتان و تەواوی خزم و دۆست و هەڤالانی خوالێخۆشبوو دەکەین و هاوبەشی خەمتانین.

لەخودای گەورە داواکارین سەبووری و ئارامی بەهەموو لایەک ببەخشێت و گیانی کۆچکردوویش بە بەهەشتی بەرین شاد بکات..

انا لله وانا الیه راجعون

مەکتەبی سیاسی

***

هەڤالێ بەڕێز دەهام عەبدولباقی نێروەیی

بەداخەوە هەواڵی کۆچی ناوادەی کاکە (ئارمان)ی کوڕتانمان پێگەیشت.

بەو بۆنە خەمناکەوە پرسە و سەرەخۆشیمان ئاراستەی بەڕێزتان و تەواوی خزم و دۆست و هاوڕێیانی خوالێخۆشبوو دەکەین و هاوبەشی خەمتانین.

لەخودای گەورە داواکارین سەبووری و ئارامی بەهەموو لایەک ببەخشێت و گیانی کوڕی جوانەمەرگیشتان بە بەهەشتی بەرین شاد بکات..

انا لله وانا الیه راجعون

مەکتەبی سیاسی

www.xebat.net
چوارشەممە 2020/1/8 ژمارە (5906)

بەڕێوەبەرایەتی گشتی کارەبای هەولێر ڕاگەیەندراوێک بڵاو دەکاتەوە

سەرپێچیکار سزا دەدرێت ئەگەر پێوەری کارەبای دەستکاری کرابێت، یان جامەکەی شکابێت، یان دوو مۆرەکە دەستکاری کرابێت

پێویستە تا 2/1/ 2020 سەرپێچیکاران سەردانی هۆبەی پلان لە بەڕێوەبەرایەتی دابەشکردنی کارەبای سنوورەکانیان بکەن



دوای ئەوەی وەزارەتی کارەبا بەهەماهەنگی لەگەڵ پاریزگای هەولێر وادەی یەک مانگیان دیاری کردبوو بۆ ئەوانەی سەرپێچییان لەسەر تۆڕەکانی کارەبا و هەروەها بێ پێودر و بەنافەرمی کارەبایان ڕاکێشاوە، کە سەردانی بەشەکانی فرۆشیاری وزە بکەن لە سنوورەکانیان بەمەبەستی نەهێشتنی سەرپێچییەکان، کە ژمارەیەکی زۆر لەو هاوڵاتیانە بەدەنگ داواکەیەوە چوون کە بەشێوەیەک نەتوانرا لەماوەی ئەو مانگەدا هەمووان بەداواکەوە ڕابگەن، بۆیە وەزارەتی ئەو وادەیەی بۆ مانگێکی دیکە دریژکردەوە، بەڵام چەند مەرجێکی جیاواز لە هی مانگی یەکەم خستە نێو داواکەوە بەتایبەتیش لەوەی سزای ماددیان لەسەر هەژماردەکرێت.

خەبات: هاوار مورتکەیی

بەپێی ئەو ڕاگەیەندراوەی بەڕێوەبەرایەتی کارەبای هەولێر ئاماژەی بۆ ئەوە کردووە کە هەر پێکهاتەیەکیان (خانوو ، بیری ئاو ، کارگە... هتد) بە سەرپێچی (بێ مۆڵەت) دروست کردووە و دەیانەوێت کارەبای نیشتیمانی بۆ پێکهاتەکە ڕابکێشن ، تا 2/1/ 2020 سەردانی هۆبەی پلان لە بەڕێوەبەرایەتی دابەشکردنی کارەبای سنورەکەیان بکەن بە مەبەستی ئەنجامدانی ڕێکارە پێویستەکان ، بە پێچەوانەوە دوای ئەو ماوە دیاری کراوە بە هیچ شێوەیەک کارەبا نادرێت بەم جۆرە پێکهاتانەکە بە سەرپێچی دروست کراون.

خاڵی سێیەم:

ئاگاداری هاوبەشانی کارەبا دەکەینەوە کە قەرزاری کرێی کارەبان، بڕی پارەی قەرزەکەیان بدەن بە ژمێرکار (عداد) یان بە زووترین کات سەردانی فەرمانگەکانی فرۆشتنی وزەی کارەبا بکەن بە مەبەستی دانی قەرزەکانیان بە پێچەوانەوە لەلایەن تیمەکانی بڕینی کارەباوە کە لە ئێستادا هەڵمەتێکی فراوان دەستی پێ کردووە کارەباکەیان دەبڕێت.

دەتی ڕاگەیەندراوەکەی بەڕێوەبەرایەتی گشتی کارەبای هەولێر:

خاڵی یەکەم:

ئاگاداری هاوڵاتیان دەکەینەوە کە پێوەری کارەبایان بپشکنن و ئەگەر هەر یەکێک لەم حالەتە سەرپێچیانەی خوارەوەیان هەبوو، سەردانی فرۆشتنی وزەی سنوورەکەیان بکەن، بەمەبەستی لابردنی حالەتەکان کە تەنها سزای ماددیان لێوەردەگیرێت، بەپێچەوانەوە هەرکاتێک لەلایەن تیمەکانەوە دەستگیر بکرێن ئەوا سەرەڕای سزا ماددییەکان، کارەبای هاوبەش دەبڕێت و ڕێکاری یاسایی بەرامبەر وەردەگیرێت.

حالەتەکان:

1- پێوەری کارەبای دەستکاری کرابێت، یان جامەکەی شکابێت، یان دوو مۆرەکە دەستکاری کرابێت.

2- بێ پێوەر کارەبای ڕاکێشابێت.

3- کارەبای لەژێر پێوەر ڕاکێشابێت.

4- پێوەری سووتا بوو.

خاڵی دووەم:

ئاگاداری ئەو هاوڵاتیانە دەکەینەوە کە هەر پێکهاتەیەکیان (خانوو ، بیری ئاو ، کارگە... هتد) بە سەرپێچی (بێ مۆڵەت) دروست کردووە و دەیانەوێت کارەبای نیشتیمانی بۆ پێکهاتەکە ڕابکێشن ، تا 2/1/ 2020 سەردانی هۆبەی پلان لە بەڕێوەبەرایەتی دابەشکردنی کارەبای سنورەکەیان بکەن بە مەبەستی ئەنجامدانی ڕێکارە پێویستەکان ، بە پێچەوانەوە دوای ئەو ماوە دیاری کراوە بە هیچ شێوەیەک کارەبا نادرێت بەم جۆرە پێکهاتانەکە بە سەرپێچی دروست کراون.

خاڵی سێیەم:

ئاگاداری هاوبەشانی کارەبا دەکەینەوە کە قەرزاری کرێی کارەبان، بڕی پارەی قەرزەکەیان بدەن بە ژمێرکار (عداد) یان بە زووترین کات سەردانی فەرمانگەکانی فرۆشتنی وزەی کارەبا بکەن بە مەبەستی دانی قەرزەکانیان بە پێچەوانەوە لەلایەن تیمەکانی بڕینی کارەباوە کە لە ئێستادا هەڵمەتێکی فراوان دەستی پێ کردووە کارەباکەیان دەبڕێت.

دەتی ڕاگەیەندراوەکەی بەڕێوەبەرایەتی گشتی کارەبای هەولێر:

خاڵی یەکەم:

ئاگاداری هاوڵاتیان دەکەینەوە کە پێوەری کارەبایان بپشکنن و ئەگەر هەر یەکێک لەم حالەتە سەرپێچیانەی خوارەوەیان هەبوو، سەردانی فرۆشتنی وزەی سنوورەکەیان بکەن، بەمەبەستی لابردنی حالەتەکان کە تەنها سزای ماددیان لێوەردەگیرێت، بەپێچەوانەوە هەرکاتێک لەلایەن تیمەکانەوە دەستگیر بکرێن ئەوا سەرەڕای سزا ماددییەکان، کارەبای هاوبەش دەبڕێت و ڕێکاری یاسایی بەرامبەر وەردەگیرێت.

حالەتەکان:

1- پێوەری کارەبای دەستکاری کرابێت، یان جامەکەی شکابێت، یان دوو مۆرەکە دەستکاری کرابێت.

2- بێ پێوەر کارەبای ڕاکێشابێت.

3- کارەبای لەژێر پێوەر ڕاکێشابێت.

4- پێوەری سووتا بوو.

خاڵی دووەم:

ئاگاداری ئەو هاوڵاتیانە دەکەینەوە کە هەر پێکهاتەیەکیان (خانوو ، بیری ئاو ، کارگە... هتد) بە سەرپێچی (بێ مۆڵەت) دروست کردووە و دەیانەوێت کارەبای نیشتیمانی بۆ پێکهاتەکە ڕابکێشن ، تا 2/1/ 2020 سەردانی هۆبەی پلان لە بەڕێوەبەرایەتی دابەشکردنی کارەبای سنورەکەیان بکەن بە مەبەستی ئەنجامدانی ڕێکارە پێویستەکان ، بە پێچەوانەوە دوای ئەو ماوە دیاری کراوە بە هیچ شێوەیەک کارەبا نادرێت بەم جۆرە پێکهاتانەکە بە سەرپێچی دروست کراون.

خاڵی سێیەم:

ئاگاداری هاوبەشانی کارەبا دەکەینەوە کە قەرزاری کرێی کارەبان، بڕی پارەی قەرزەکەیان بدەن بە ژمێرکار (عداد) یان بە زووترین کات سەردانی فەرمانگەکانی فرۆشتنی وزەی کارەبا بکەن بە مەبەستی دانی قەرزەکانیان بە پێچەوانەوە لەلایەن تیمەکانی بڕینی کارەباوە کە لە ئێستادا هەڵمەتێکی فراوان دەستی پێ کردووە کارەباکەیان دەبڕێت.







بە دروشمی (هەڵەبجە دۆستی ژینگەیە)

کیسەی خام بۆ کۆکۆدنەوەی زبڵ و خاشاک دروست دەکرێت

دوای ئەوەی لەلایەن کارگەکەوە دروست دەکرێت کیسە خامەکان لەنێو بازاڕ و قوتابخانە و شوێنە گشتییەکاندا بڵاودەکرێنەوە

خەبات: هەڵەبجە

لەپێناو زیاتر گرنگیدان بە ژینگە و خستنە سەرکاری ئافرەتان، کارگەیەکی دروستکردنی تورەکەی خام بۆ بەکارهێنانی وەک کیسەی خۆڵ لەبری عەلاگەی نایلۆن لە پارێزگای هەڵەبجە، دەکرێتەوە.

لاستیک و نایلۆن یەکێکن لەو ماددە زیانبەخشانەی کە ژینگە پیس دەکەن و بەم دوایانەش پارێزگای سلێمانی و هەڵەبجە بەکارهێنانی عەلاگەی لە هەندێک شوێن قەدەغە کرد، بۆ بەدوورگرتنی ژینگە لەم ماددە زیانبەخشانەش، هاوکات وەک هاوکارییەک بۆ ئافرەتان تاکو بخرێنە سەر کار، «ڕێکخراوی نوێ» بەهاوکاری «ڕێکخراوی واد»ی ئەڵمانی کارگەیەکی دروومانی بۆ دووریننی تورەکەی خام کردۆتەوە، تاکو وەک جێگرەوەیەکی نایلۆن و عەلاگە بەکاربهێنرێت.

ئەو تورەکانە دوای ئەوەی لەلایەن کارگەکەوە کە هەمووی ئافرەتن دروست دەکرێت لەلایەن ئەندامانی ڕێکخراوەکەوە لەنێو بازاڕ و قوتابخانە و خوێندنگە و شوێنە گشتییەکاندا بڵاودەکرێتەوە تاکو ئیدی دوور بکەونەوە لە ئیستادا هەڵمەتێکی فراوان دەستی پێ کردووە کارەباکەیان دەبڕێت.

دەتی ڕاگەیەندراوەکەی بەڕێوەبەرایەتی گشتی کارەبای هەولێر:

خاڵی یەکەم:

ئاگاداری هاوڵاتیان دەکەینەوە کە پێوەری کارەبایان بپشکنن و ئەگەر هەر یەکێک لەم حالەتە سەرپێچیانەی خوارەوەیان هەبوو، سەردانی فرۆشتنی وزەی سنوورەکەیان بکەن، بەمەبەستی لابردنی حالەتەکان کە تەنها سزای ماددیان لێوەردەگیرێت، بەپێچەوانەوە هەرکاتێک لەلایەن تیمەکانەوە دەستگیر بکرێن ئەوا سەرەڕای سزا ماددییەکان، کارەبای هاوبەش دەبڕێت و ڕێکاری یاسایی بەرامبەر وەردەگیرێت.

حالەتەکان:

1- پێوەری کارەبای دەستکاری کرابێت، یان جامەکەی شکابێت، یان دوو مۆرەکە دەستکاری کرابێت.

2- بێ پێوەر کارەبای ڕاکێشابێت.

3- کارەبای لەژێر پێوەر ڕاکێشابێت.

4- پێوەری سووتا بوو.

خاڵی دووەم:

ئاگاداری ئەو هاوڵاتیانە دەکەینەوە کە هەر پێکهاتەیەکیان (خانوو ، بیری ئاو ، کارگە... هتد) بە سەرپێچی (بێ مۆڵەت) دروست کردووە و دەیانەوێت کارەبای نیشتیمانی بۆ پێکهاتەکە ڕابکێشن ، تا 2/1/ 2020 سەردانی هۆبەی پلان لە بەڕێوەبەرایەتی دابەشکردنی کارەبای سنورەکەیان بکەن بە مەبەستی ئەنجامدانی ڕێکارە پێویستەکان ، بە پێچەوانەوە دوای ئەو ماوە دیاری کراوە بە هیچ شێوەیەک کارەبا نادرێت بەم جۆرە پێکهاتانەکە بە سەرپێچی دروست کراون.

خاڵی سێیەم:

ئاگاداری هاوبەشانی کارەبا دەکەینەوە کە قەرزاری کرێی کارەبان، بڕی پارەی قەرزەکەیان بدەن بە ژمێرکار (عداد) یان بە زووترین کات سەردانی فەرمانگەکانی فرۆشتنی وزەی کارەبا بکەن بە مەبەستی دانی قەرزەکانیان بە پێچەوانەوە لەلایەن تیمەکانی بڕینی کارەباوە کە لە ئێستادا هەڵمەتێکی فراوان دەستی پێ کردووە کارەباکەیان دەبڕێت.

لاستیک و نایلۆن یەکێکن لەو ماددە زیانبەخشانەی کە ژینگە پیس دەکەن و بەم دواییانەش پارێزگای سلێمانی و هەڵەبجە بەکارهێنانی عەلاگەی لە هەندێک شوێن قەدەغە کرد، بۆ بەدوورگرتنی ژینگە لەم ماددە زیانبەخشانەش، کاتژمێر 9 بۆ کاتژمێر 12 کار دەکەن. ئەوانەی ئێستا لەم پرۆژەیەدا بەرگدروون پێشتر، هەر لیترە خولیان بۆ کراوەتەوە و فێری دروومانی کراون. سوودی باشیان لێبینیوە .

لەلایەکی ترەوە سەرۆکی ڕێکخراوی نوێ کە ئامانجیان گرنگیدانە بە ژینگە، قەیسەر ئەحمەد لە لێدوانێکدا لەبارەی سەرەتای پرۆژەکە و گەڵالەبوونییەوە گوتی: "سەرەتا کە دەستمان پێ کرد، وەک گرووپێکی بچووکی خۆبەخشی دەستمان پێ کرد لە ڕێگەی سیمینارەوە لە گوند و شارۆچکەکاندا، کارمان دەکرد لەسەر هۆشیارکردنەوەی خوێندکاران و خەڵکی سەبارەت بە ژینگە، بەڵام دواتر ئەوەمان بە باش زانی، کاتێک سەیرمان کرد ڕێژەی بەکارهێنانی پلاستیک و عەلاگە لە ژینگە زۆر زۆرە، بۆیە بیرمان لەوە کردەوە لەبری عەلاگە، خەڵک شتێکی تر بەکاربهێنێت، کەمتر زیانی هەبێت بۆ ژینگە، ئەویش تورەکەی خامە".

ئەو باس لەوە دەکات کە یەکەمجار چەند هەزار تورەکەیان لە دەرەوەی وڵات هێناوەتە ناوەوە، بەڵام ئەمە وای کردووە ئەو پارەیەی لە کەسانی خێرخواز وەریان دەگرت، پارەکەی بۆ دەرەوە دەڕۆیشتووە و گوتی: "بیرمان لەوە کردەوە کە ئەو ڕێژەی تورەکە خامە، خۆمان بیخەینە بازارەوە، ئێستا پارەکە بەشێکی بۆ ژینگە، ئەوەی تری بۆ دەستەی مافی ژنان دەچێت، چونکە چەند ئافرەتێکیشمان خستۆتە سەر کار."

لەپێناو زیاتر گرنگیدان بە ژینگە و خستنە سەرکاری ئافرەتان، کارگەیەکی دروستکردنی تورەکەی خام بۆ بەکارهێنانی وەک کیسەی خۆڵ لەبری عەلاگەی نایلۆن لە پارێزگای هەڵەبجە، دەکرێتەوە.



سۆما خالید

ئافرەت لە لوتکەی سادەییدا

پێمایە جوانترین خانمان ئەوانەن ژیانیان لە کردنی مەیکاپ و جلوبەرگی گرانبەها و جوانکاری بەهەموو شێوەکان دوور خستوتەوە، هەرچەندە ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ بەشێک لە سروشتی خانمان، بەڵام هەموو شتێک جوانترە زیادەڕەوی تێدا نەکەن، دەروونی رازاوە و هەڵسوکەوتی نمونەیی خۆی لە دڵدا جێدەکاتەوە نەک ڕواڵەتی دەستکرد. بە لای منەوە ئاساییە گەر بە کراس و پانتۆلێکی سادە بچمە بازار یان هەر شوێنێک بێ ڕێکخستنی قژیان بێ میکیاژ. یا لات ئاسایی بێت جارجار بێ خۆڕێکخستن بچێتە بەردەمی خەڵک. تۆ ناوی هەر چییەکی لێبنێیت ئەوەی لام گرنگە ئەو خاڵەیە کە پێیگەیشتووم ئەویش ئەوەیە کە ئەمە خاڵی سەرکەوتنی منە لە ژیاندا و بەهۆی متمانە و بروابەخۆبوونەوە دروستبووە. ئێستا دەزانم ژیان چییە، ژیان پێویستی بە ئافرەتی بەهێز هەیە نەوەک لاواز و ئەوانەی جەستە و ڕوخساری خۆیان بە کەم و ناشرین دەبینن. ئێمەی ژن تا سادەتر بین جوانترین، ئەوێ بە پێچەوانەوە ببیرکردنەوەی بەرامبەر ئێمەی ژن هەبێت ئەوە کێشە لە ئەقڵیدا هەیە نەوەک شکڵی من و تۆ. تا تواناتان هەبێت هەوڵبدەن بۆ ژیانتان چاونەترس، سەرکێش، ئازا، سەربەرز و پرشکۆ بن. با هەمیشە ڕێز و بوێریتان لێببیندرێت، لە بڕیاردانیش توانا و ئازایەتییەکەتان دەربخەن و هەوڵ بۆ ئازادیتان بدەن و چێژ لە ئازادیەکانتان ببینن بەبێ ناشرینکردنی خۆتان و دروستبونی هیچ نەنگییەک. هەرگیز ماندوو نەبن لە گەڕان بە دوای خۆشبەختی، لە ناخەوە ئەو ئافرەتە بەهێزە بن کە هەرگیز ناڕوخێت و ناکەوێت و واز لە ئامانج و خەونەکانی ناهێنێت. ئێوە ڕاوکەری ئومێدن و مەبەنە نێچیری بی ئومێدی، هەروەک چون چەندەها جار شکام و وردبووم، بەڵام هەر ژیام و هەڵستامەوە ئەمە سەربەرزییە کە بۆ چەند جارێک دەکەوێت و هەڵدەستیتەوە و بەردەوام دەبێت لە ژیان کردن. هیچ کات ژیان لەمە ئاسانتر نابێت بوبە بەهێزبە. ئەگەر گەیشتیت بە هەموو ئەم قوناغانە ئەو کات تێدەگەیت ڕێگەی سەرکەوتن لەبەردەمتە.

بەرلین.. بەڕێوەبردنی وۆرکشۆپێکی سروە عارف بەرزنجی بۆ ئافرەتانی پەنابەر



ئەڵمانیا/ ساسان دەروێش

ئەڵمانیا بە هۆی پێگەی بەهێزی ئابووری لە ئەورووپا بۆتە هێزێکی سیاسی، هەروەها سااڵنە پەنابەرێکی زۆر وەردەگرێ و لە نێو کەمپەکانی پۆلێنیان دەکات، تا لە هێزی کاری ولاتەکەی جێگەیان بکاتەوە کە ئەمەش ئافرەتان و تەنانەت منداڵانیشی گرتۆتەوە لە دۆزینەوەی هەلی کار بۆیان لە دوای ئەوەی ڤیزی زمان دەبن و دەبێتە هەڵگری پێناسەیەکی ئەوان. بۆ ئەم بیرۆکەیە و هاندانی زیاتری پەنابەران بۆ ڕووکردنە کارکردن، حکومەت لە ڕێگەی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی هەوڵەکانی خۆی بەدەردەخات لە زانیاری بەخشین بۆ پەنابەران لە ڕێگەی سیمینار و کۆڕ.

لەسەر بانگهێشتکردنی دەزگای هاینرش پۆل شتفونگی ئەڵمانی و کۆمەڵەی یونایتد ئەکشن، خاتو سروە عارف بەرزنجی بەرپرسی ئەنجومەنی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان ڕۆژهەڵاتی ئەڵمانیا، ژکرشۆپێک بەڕێوەبەرێت بۆ بەشێکی بەرچاو لە ئافرەتانی پەنابەر لە بەرلین بۆ بەرچاوڕوونی زیاتر لەسەر بابەتەکە و بیرۆکەی چۆنیەتی دۆزینەوەی هەلی کار بۆ پەنابەران.

هەوڵەکان بۆ سەرخستنی بەدەستهێنانی کاری دەست

سەرەتا سروە بەرزنجی لە بارەی ئامانجی ئەم کۆبوونەوەیە گوتی: کۆبوونەوەکە بریتیبوو لە پەرەپێدانی توانای ئافرەتانی پەنابەر و بەرچاوڕوونی بۆ ئەو کەسانەی کە نوێ دێنە وڵاتەکەیان و بەهێزکردنیان. ئەم ڕێکخراوانە هەر یەکەیان لە بواریکی تایبەت و گشتی کاردەکەن، لەم بیرۆکەیەدا هاوکار و تەواوکاری یەکتر دەبن بۆ سەرخستن و ئایندەی وڵاتەکەیان لە بەرهەمهێنانی کرێکار و ئیشی دەست بۆ زیاتر بوژاندنەوەی ئابووری وڵاتەکەیان ئەمەش لە ئافرەتانی وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئەفریقا، کە داوایانلێکردم بەهۆی ئەزموون و کارکردنی بەردەوامم لەنێو ڕەوەندی کورد و لە ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و یەکێتی ئافرەتانی کوردستان، تیشک بخەمە سەر ئابووری و کۆڵەکەی وەستانی ئەم وڵاتە و سوودوەرگرتن لە توانای ئافرەتان و کارکردنیان ئەمەش لە دوای 2015و لێشاوی کۆچبەرانێکی زۆر لەم وڵاتە وایکرد کە نەتوانن لەم بیرۆکەیە بەشداربیان پێببەکەن، بۆیە ناچار بەمشێوەیە گروپ گروپ لە ڕێگەی کۆڕوکۆبوونەوە زانیاریان پێدەبەخشرێ و نمونەی جوان و کارای ئەو ئافرەتانەشیان نیشان ئەدەن کە بوونەتە خاوەنی سەرمایە و کاری تایبەتی خۆیان کە ئەمانیش بەهەمان شێوەی ئەمانەی ئێستا ڕوویان لە ئەڵمانیا کردووە بەهەر هۆیەکەوە بووبێ. سەرەتا خۆیان فێری زمان کردووە هەندێکیان قۆناغەکانی زانکۆشیان بڕیوە و بوونەتە خاوەنی بڕوانامەی بەرز و وەرگرتنی کاری باش و شیاو بۆیان یاخود دایکێکی باش بۆ پەروەردەکردنی منداڵ و نەوەیەکی نوێ و گونجاندنیان لەگەڵ زمان وکلتوری ئەم وڵاتە هەوڵەکان چڕدەکرێتەوە بۆ سەرخستنی بیرۆکەکە و بەدەستهێنانی کاری دەست.


تاچەند ئەم بیرۆکەیە لەنێو ئافرەتانی پەنابەر سەرکەوتوو بووە

سروە بەرزنجی باسی لە تواناکان کرد وەڵێ: لە دوای فێربوونی زمان خۆگونجاندنە لەگەڵ کلتورەکان و پشتبەستن بەخۆ و بەگوێرەی یاسا و ڕێساکانی ئەم وڵاتە هەوڵبدەن خۆیان پێشبخەن و کەسایەتی و توانای خۆیان دەرخەن لەهەر بوارێکدا بێت لە کایەکانی ژیاندا بەمەش دەبنە خاوەنی سەرمایە و کاری تایبەتی خۆیان و ئەڵمانییەکانیش لێیان سودمەند دەبن و لەهەمان کاتیشدا پارێزگاری لە هەموو بەها جوانەکانی کلتوری خۆشی دەگرێ و پەیڕەویان دەکات. بیرۆکەی ئەم پڕۆژەیەش سەرکەوتوودەبێت لە بەرهەمهێنانی دەستی کار بۆ وڵاتەکەیان.

تواناکان بوونە مێژووی چیرۆکەکانی ئافرەتانی پەنابەران

لە کۆتایشدا سروە بەرزنجی باسی لە تەوەرێکی گرنگی هەمان کۆبوونەوە کرد و گوتی: لە هەمان کۆبوونەوە و کۆتایی هاتنی بابەتەکەی من و پێشکەشکردنم بۆیان، لەبەرهەمهێنانی فیلمێک دەربارەی ئافرەتانی پەنابەر پێشکەش بە ئامادەبووان کرا کە لەسەر بنەمای هەمان بیرۆکە و پڕۆژەی کارکردن بوو بۆ دۆزینەوەی ئافرەتان لەنێویاندا کە دەرهێنەری فیلمەکەش دوو هاوڕێتی جولەکە بوون و لە ئیسرائیلیەوە هاتبوون و فیلمەکەیان نیشاندا.

ئافرەت لە تەرازووی دادوەری کۆمەڵگەدا



کەژاڵ حەسەنی

هەوڵدانی فەرهەنگی و یاسایی بۆ گەیشتنی ئافرەت بە خواستە مرۆیی و کۆمەڵایەتییەکانی، دەکرێ بە دوو شێوەی جیاواز لەبەرچاوبگیرێ. خاڵی دەستپێک ئەوەیە کە ئێمە بۆ گەیشتنی ئافرەت بە مافە ڕەواکانی، دەبێت هەموو هەوڵ و ئامانجەکانمان بەو ئاڕاستەیە بخەینە گەڕ کە ئافرەت لە کۆمەڵگەدا بەر لە هەموو شتێک بە مافە ئینسانییە ڕاستەقینەکانی خۆی بگات ئینجا ئەوانی تر.


گرنگە ئەگەر لە ڕووە یاسایی و کۆمەڵایەتییەکانەوە بە شێوەیەک زەمینە خۆش بکرێت، کە ئافرەت بتوانێت تێیدا توانا و دەسەڵاتەکانی قۆرخ بکات، ئەو بارەی بۆ بڕەخسێندرێ، هەوڵەکانی بۆ دروستکردنی پێگەیەکی مکۆم و ڕاستەقینەی مرۆیی لە کۆمەڵگادا بەرجەستە بکات و هەنگاوەکانی بەرەو قۆناغە پێشکەوتووەکانی ژیان و پێشکەشکردنی خزمەتێکی دیار و بەرچاو بە کۆمەڵگە دیاربکات، بەر لە هەموو شتێکیش خۆئامادەکردنی بۆ پەروەدەکردنی نەوەیەکی نوێی سەرکەوتوو بۆ ئایندە، کە بەشێکی زۆری ئەو ئەرکە دەکەوێتە سەر شانی ئافرەت.

ئامانجی دووهەم ئەوەیە کە ئێمە بەردەوام بین لە بەرجەستەکردنی هەوڵ و تێکۆشانەکانمان بۆ سەلماندنی دەسەڵات و توانستەکانی خودی ئافرەت بۆ بەدەستهێنانی مافە ڕەواکان، دوور لە چەمکی ڕووبەڕووبونەوەی پیاوان و دروستکردنی جیهانێکی جیاواز و دابڕاو، بە شێوەیەک کە هەستی کێبڕکێ لەگەڵ پیاوان دروستبکەین. ئەم بۆچوونە وادەکات لەئامانجە ڕاستەقینەکانمان بۆ دروستکردنی کۆمەڵگەیەکی مەدەنی هاوچەرخ بەدوورکەوینەوە، چونکە بەر لە هەموو شتی ئێمە دەبێت بڕوامان بەوە هەبێت کە ژیان بە هەردوولا دروست دەبێت و ئایندەش بە هەردوولا دێتە ئارا. لەمێژە گەیشتووینەتە ئەو باوەڕە کە ئایندەیەکی باشتر بۆ خۆیان دەخوازن هەمیشە بایەخێکی باشتر بە ئافرەت دەدەن تاکو بگەن بە ئاستێکی باشتر لەوەی تێیدا دەژین، بەڵام ئێمە کە لە سەدەی عەولەمە و تەکنەلۆژیدا



سەرکەوتن و دۆڕانی هەر کۆمەڵگەیەک بە ڕۆڵی ئافرەتەوە بەندە، مەبەست ئافرەتێکی خاون بیر و هزر، کە هەمیشە شیاوە بۆ ئەوەی ڕێگەیەکی ئەرینی بخاتە بەردەستی کۆمەڵگا، بۆیە ئەو کۆمەڵگەیانەی ئاواتی دەژین، هێشتا پێگەی ئافرەت لە دنیایەکی تاریک و بێدەنگدا دەبینین، هەست بەوە ناکەین دەرکەوتنێکی ئەوتۆی کۆمەڵایەتی هەبێت، ئەمە لە کاتێکدا کە هەموومان ئەو ڕاستیە دەزانین کە نیوەی زیاتری دانیشتوانی جیهان لە ڕۆڵێکی کارای لە کۆمەڵگادا هەبێت، لە کاتێکدا بەردەوام هەوڵی لاوازکردن و بە پەراوێزخستنی بدرێت لە نێو خێزان و کۆمەڵگادا؟

ئەم پرسیارانە دەبێ بخرێتە بەردەستی کۆمەڵگە و خێزان و تاکەکان، تا هەموان بە تێڕوانینێکی قوڵتر لە ئێستادا ئافرەت پێکهاتووە، ئەگەر وابێ تۆ بڵێی ئەم نیوە تاریک و بێدەنگە چ پەیوەندییەکی لەگەڵ کۆمەڵگە و جیهانی دەردەوەدا دەبێت؟ بە تایبەت ئەگەر ئەو کۆمەڵگایە هیچ داوەرییەکی بۆ مافی ئافرەتانی تێدا نەبێت. ئێمە نازانین کەی کۆمەڵگە وەڵامی ئەو پرسیارە دەداتەوە، ئاخۆ بە پێوەرێکی لۆژیکی هەر کۆمەڵگەیەک دەتوانێت چ ڕۆڵێکی کۆمەڵایەتی، زانستی، هزری، مرۆیی بە خۆیەوە ببینێت بە بێ هاوبەشیکردنی ئافرەت؟ ئایا ئافرەت چۆن بتوانێت بڕوانێ ئایندەی کۆمەڵگە، بەڵام ڕاستییەکان ئەوەتا لە بەرچاون کە تا ئێستاش ئافرەتی ئێمە بە بێدەنگی و شاراوەیی لەجیهانێکدا دەژی، کە پیاوان مافە دەستوورییەکانیان بۆ دەنووسنەوە. خۆ ئەگەر بە وردیش سەیری قۆناغە پێشکەوتووەکانی شارستانییەت و پێشکەوتنی مرۆڤایەتی بکەین، ئەوە بە ئاسانی بۆمان ڕوون دەبێتەوە کە ئەوە ئافرەتە هەمیشە بە شێوەیەکی کارامە و ئاشتیانە، هەوڵەکانی بۆ بەرەو پێشەوەچوونی مرۆڤایەتی چڕکردۆتەوە. بۆیە وا باشترە ئافرەتانی ئێمەش لەو ڕاستیە بگەن کە هەر هەوڵێکی دەیدەن بۆ ئەوە نییە کە پیاوان سەرکوت کەنەوە، بەڵکو هەموو هەوڵەکان بەو ئاراستەیەن، شان بە شانی پیاوانی نیشتمان و جیهان پێکەوە کار بکەین، ژیان بەڕێوەببەین، ژیانێک کە یەکسانی تێدا بێت، هەمووان بەشی خۆیان هەبێت لە بونیاتنانی پێگە کۆمەڵایەتی و شارستانیەکانی. بێشک لەگەڵ بەردەوپێشەوەچوونی مێینە لەکاتی دووگیانیدا زۆر زیاد دەکات و لەگەڵ هەندێک هۆرمۆنی دیکە، ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی کە کۆئەندامی میز و میزەڕۆی خانمەکە فراوان بێت و کەمێک سست بێت بە تایبەتیش بۆڕی گورچیلە لەگەڵ حەوزی گورچیلە چالاکی کەمتر ئەبێتەوە، هەروەها لەبەرئەوەی کە منداڵدان گوشار دەخاتە سەر بۆڕی گورچیلەکان هەڵئاوسانێکی سروشتی لە گورچیلەکەدا ڕووئەدات، هەموو ئەمانە ئەبێتە هۆی ئەوەی کە میز زیاتر بمێنێتەوە لە سیستەمی میز و میزەڕۆی خانمە دووگیانەکەدا، ئەمەش لە زانستی پزیشکیدا دەرکەوتووە کە لە هەرشۆێنێکدا پەنگخواردنەوە ڕووبدات زیاتر ئامادەیی هەیە بۆ ئەوەی کە بەکتریا بگاتە ئەو شوێنە و گەشە بکات و هەوکردنەکە دروست بکات، بۆیە ئێمە زۆرجار ئەگەر نەخۆشێک پشکنینی میزی بۆ بکەین و پۆزەتیف بێت و هیچ نیشانەیەکی هەوکردنی نەبێت لە کەسێکی گەورە و لە حاڵەتی ئاساییدا ئەمە پێویست ناکات عیلاج بکرێت، بەڵام لەکاتی دووگیانیدا ئەگەر نەخۆشەکە هیچ نیشانەیەکیشی نەبێت، بەڵام پشکنینی میزەکەی دەربیخات کە ئەم نەخۆشە هەوکردنی هەیە پێویستە چارەسەر بکرێت. ئەو پسپۆڕە ڕوونکردنەوەی زیاتر دەدات کە: دەرکەوتووە و لێکۆڵینەوە کراوە کە (10%)ی ئەو خانمە دووگیانانەی کە بەکتریا لە میزەکەیاندا هەیە ئەگەر بێت و چارەسەر نەکرێن تووشی هەوکردنی گورچیلە دەبن، لەبەر ئەوە پێویستە زۆر ئاگاداری بین بە تایبەت بۆ خانمانی دووگیان، چونکە ئەگەر ڕێژەی هەوکردنی کۆئەندامی میز و میزەڕۆی نەخۆشەکە بەشی سەرەوەی کۆئەندامی میزومیزەڕۆ بێت و لەگەڵیشیدا هەوکردنی گورچیلە و گیرانی گورچیلەی هەبێت، ئەمە ئەگەری زۆرە هەورکردنەکە بلاوبێتەوە بەنێو جەستەی نەخۆشەکەدا و وادەکات کە دایکەکە زوو ژانی منداڵبوون بیگرێت و منداڵەکەی بە (ناکام)ی لەدایک ببێت و ئەگەریشی هەیە مەترسی لەسەر ژیانی دایکەکە و کۆرپەکەش دروست بکات.



دکتۆرە ئەوین عەلی:

هەوکردنی میز و میزەڕۆ وادەکات دایکەکە زوو ژانی منداڵبوون بیگرێت و منداڵەکەی بە (ناکام)ی لەدایک ببێت

وریشە عومەر: ئافرەتی دووگیان زۆر نەخۆشی و کێشە لە جەستەی ڕووبەڕووی دەبێتەوە، باوترینیان ئەوەیە ئەو خانمانەی دووگیانن ڕێژەیەکی زۆریان تووشی هەوکردنی کۆئەندامی میزومیزەڕۆ ئەبن، لەوبارەیەوە لەدکتۆرە (ئەوین عەلی) پسپۆڕی نەخۆشیەکانی لەدایکبوون و چاودێری ئافرەتی دووگیانمان پرسی و لە وەڵامدا گوتی: ئەو حاڵەتە چەند هۆکارێکی هەیە، بۆنمونە هۆرمۆنی مێینە لەکاتی دووگیانیدا زۆر زیاد دەکات و لەگەڵ هەندێک هۆرمۆنی دیکە، ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی کە کۆئەندامی میز و میزەڕۆی خانمەکە فراوان بێت و کەمێک سست بێت بە تایبەتیش بۆڕی گورچیلە لەگەڵ حەوزی گورچیلە چالاکی کەمتر ئەبێتەوە، هەروەها لەبەرئەوەی کە منداڵدان گوشار دەخاتە سەر بۆڕی گورچیلەکان هەڵئاوسانێکی سروشتی لە گورچیلەکەدا ڕووئەدات، هەموو ئەمانە ئەبێتە هۆی ئەوەی کە میز زیاتر بمێنێتەوە لە سیستەمی میز و میزەڕۆی خانمە دووگیانەکەدا، ئەمەش لە زانستی پزیشکیدا دەرکەوتووە کە لە هەرشۆێنێکدا پەنگخواردنەوە ڕووبدات زیاتر ئامادەیی هەیە بۆ ئەوەی کە بەکتریا بگاتە ئەو شوێنە و گەشە بکات و هەوکردنەکە دروست بکات، بۆیە ئێمە زۆرجار ئەگەر نەخۆشێک پشکنینی میزی بۆ بکەین و پۆزەتیف بێت و هیچ نیشانەیەکی هەوکردنی نەبێت لە کەسێکی گەورە و لە حاڵەتی ئاساییدا ئەمە پێویست ناکات عیلاج بکرێت، بەڵام لەکاتی دووگیانیدا ئەگەر نەخۆشەکە هیچ نیشانەیەکیشی نەبێت، بەڵام پشکنینی میزەکەی دەربیخات کە ئەم نەخۆشە هەوکردنی هەیە پێویستە چارەسەر بکرێت. ئەو پسپۆڕە ڕوونکردنەوەی زیاتر دەدات کە: دەرکەوتووە و لێکۆڵینەوە کراوە کە (10%)ی ئەو خانمە دووگیانانەی کە بەکتریا لە میزەکەیاندا هەیە ئەگەر بێت و چارەسەر نەکرێن تووشی هەوکردنی گورچیلە دەبن، لەبەر ئەوە پێویستە زۆر ئاگاداری بین بە تایبەت بۆ خانمانی دووگیان، چونکە ئەگەر ڕێژەی هەوکردنی کۆئەندامی میز و میزەڕۆی نەخۆشەکە بەشی سەرەوەی کۆئەندامی میزومیزەڕۆ بێت و لەگەڵیشیدا هەوکردنی گورچیلە و گیرانی گورچیلەی هەبێت، ئەمە ئەگەری زۆرە هەورکردنەکە بلاوبێتەوە بەنێو جەستەی نەخۆشەکەدا و وادەکات کە دایکەکە زوو ژانی منداڵبوون بیگرێت و منداڵەکەی بە (ناکام)ی لەدایک ببێت و ئەگەریشی هەیە مەترسی لەسەر ژیانی دایکەکە و کۆرپەکەش دروست بکات.


پیاز وردکردن کێشەی زۆرێک لە ئافرەتان



ئافرەتانی کابان هەندێجار لە وردەکاری ماڵەوە تووشی کێشەگەلێک دەبن کە ڕەنگە لای ئەوان زۆر جیدی بێت بەڵام زۆربەیان ڕێگەیەکی زۆر سانایان بۆ چارەسەرکردن هەیە. بۆ وێنە پیازجنین یەکێک لەو کێشانەیە کە ئافرەتان ڕۆژانە ڕووبەڕووی دەبنەوە و لە کاتی جنین چاویان ئازاری پێدەگات. بۆ ئەوەی کاتی جنینی پیاز چاوتان ئاو نەکات چەند ڕێگەیەک هەیە. یەکەم ئەوەیکە دەتوانن پیازەکە بەر لە جنین بۆ ماوەی کاتژمێرێک بخەنە بەفرگرەوە دواتر وردی بکەن. ڕێگەیەکیتر ئەوەیە کە هەندێ خوێ لەسەر تەختەی وردکردنەکە بپڕژێنن و دواتر وردی بکەن. هەروەها دەتوانن لە کاتی جنین دەنگە شقارتەیەک بخەنە نێوان دڕانەکان و لە ڕێگەی دەمەوە هەناسە بدەن. ئەمانە هەمووی خاڵی وردی مالدارین کە ژیان ئاسانتر دەکەن.

پاش بڕیارەکەی پەرلەمانی عێراق

یەکەمجارە ژمارە و چۆنیەتی بڵاوبوونەوەی هێزەکانی ئەمەریکا لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا ئاشکرا دەکرێ



Note: Troop numbers are approximate. They do not reflect deployments in recent days and may fluctuate.

Sources: Federation of American Scientists, International Crisis Group



کاروان محەمەد سینۆ

لەوتەی کشانەوەی هێزی سەربازی ئەمریکا لە عێراق (2011) تاکو ئێستا، ئەمە بۆ یەکەم جارە ژمارە و چۆنیەتی بڵاوبوونی سەربازانی ئەمریکا لە عێراق و رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا ئاشکر دەکرێ. هەڵبەت هەردەم بوون و شوێن و پێگەو بنکە سەربازییەکان و ژمارەی سەربازانی ئەمریکا لە هەر شوێنێکی جیهاندا بەجۆرێک لە نهێنی دابڕێژراوە، لەبەر ئەوەی ئەم جۆرە زانیارییانە سروشتێکی هەواڵگریان هەیە لەسەر ئاستی وڵاتانی دەڤەرەکە و وڵاتانی زلهێز و کاریگەرییان هەیە لەسەر بەڵانسی هێز و بوونی سەربازی زلهێزەکان لە جیهاندا.

بەڵام رۆژی یەکشەمەی رابردووی5ی کانوونی دووەم 2020 رۆژنامەی ئەمریکی (واشنتۆن پۆست) بەژمارە و نەخشە، شوێنی بوونی سەرباز و بنکە سەربازییەکانی ئەمریکا لە عێراق و رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا ئاشکراکرد، ئەمەش جێگەی هەڵوەستە و سەرسوڕمانە ؟! لە دۆخێکی وەکو ئەمڕۆ، رۆژنامەیەکی ئەمریکایی ئەم دەستپێشخەرییە بکات. ئەگەرچی ئەو ژمارانەی کە ئاشکرا کراون ئاماری چەند مانگی پێشترن و دەتوانین بڵێین لە ماوەی دوومانگی ڕابردوودا گۆرانکاری (روو لە زیادبوون) بەسەر ئەم ژمارانەدا تهاتوون بەڵام بەهەر حاڵ وەکو گوتمان ئەم هەڵوێستەی رۆژنامەکە مایەی ڕامانە.

ئەمە لەکاتێکدایە کە هەر لەسەرەتای ئەم هەفتەیە، قەیرانی نێوان ئەمریکا و ئێران هەڵچوونێکی چاوەڕوان نەکراوی بەخۆیەوە بینیوە. پێم وایە ئەم کارەی رۆژنامەی ئەمریکی (واشنتۆن پۆست) بە ئاشکراکردنی هێز و پێگەی سەربازانی ئەمریکا لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، جەنگێکی دەروونی ئەمریکایە بەرامبەر ئێران و هەڕەشەکانی ئێران، جارجارێش لە بەرپرسانی ئەمریکا دەبیستین کە بڕیارناداوە هێزی سەربازی خۆیان لە عێراق و دەڤەرەکەدا زیاد بکەن. کەچی لە هەمان ڕۆژ (یەکشەمە رابردوو5ی کانوونی دووەم 2020) پەرلەمانی عێراق بڕیاری دەرکردنی هێزە بیانییەکان لە عێراقدا پەسند کرد کە ئەمریکاش یەکێکە لەو هێزە بیانییانەی لە عێراقدا هەن، لە بەرامبەریشدا دۆناڵد ترامپ سەرۆکی ئەمریکا هەڕەشەی سزای ئابووری زۆر قورس لەسەر عێراق کرد کە سزاکانی سەر ئێران لە چاو هیچ نەبێ (هەروەک ترامپ گوتوویەتی).

رۆژی یەکشەمە کاتێک لە میامی دەگەڕایەوە واشنتۆن لە نێو فڕۆکەی سەرۆکایەتیدا بە رۆژنامەوانانی یاوەری ڕاگەیاند: "ئەگەر حکوومەتی عێراق بیەوێ ئێمە لە خاکی عێراق دەرچین، پێویستە بەپارە قەرەبووماان بکاتەوە، چونکە ئێمە بنکەیەکی فڕۆکەوانی ناوازەمان لە عێراق هەیەو (بەر لەوەی من ببم بە سەرۆک) پارەیەکی زۆرمان لە دامەزراندنی ئەو بنکەیە خەرج کردووە، ئەگەر عێراق بیەوێ ئێمە دەرچین، پێویستە پارە تێچووەکەمان بداتەوە. لە دریژەی گوتەکانی بۆ رۆژنامە نووسان دۆناڵد ترامپ ڕایگەیاند: "ئەگەر حکوومەتی عێراق بەبێ ڕەزامەندی ئێمە کارێکی وابکات، ئێمە سزای ئابووری زۆر قورس دەخەینە سەر عێراق بەشێوەیەک کە سزاکانی سەر ئێران لە چاویان هیچ نەبێ".

لە ڕاپۆرتەکەیدا رۆژنامەی (واشنتۆن پۆست) نووسیویەتی: بوونی هێزی ئەمریکا لە عێراقدا بە شێوەیەکی فەرمیە لەسەر داوای خودی حکوومەتی عێراق هێزی ئەمریکا لە عێراق بوونی هەیە و ئەم هێزە ژمارەیان 6000 سەربازە و بەسەر چەند بنکەیەکی سەربازیدا دابەشکراون. هەندێکیان لە ناوچەی سەوزی حوکمڕانی بەغدا بوونیان هەیە و بەشێکی دیکەش لە بنکەی (عەین ئەلئەسەد) لە پارێزگای ئەنبار لەڕۆژئاوای عێراق.

هەروەها رۆژنامەی (واشنتۆن پۆست) لە میانەی ڕاپۆرتەکەیدا ئەخشەیەکی بڵاوکردۆتەوە کە تێیدا بنکە سەربازییەکانی ئەمریکا لە وڵاتانی رۆژهەڵاتی ناوەراست لەخۆدەگرێت، بەم شێوەی خوارەوە:

13000 سەرباز لە وڵاتی کوێت و 5000 سەرباز لە وڵاتی ئیمارت و 13000 سەرباز لە قەتەر و 7000 سەرباز لە بەحەرێن و 606 سەرباز لە عومان و 3000 سەرباز لە سعودیە و 3000 سەرباز لە ئوردەن و 800 سەرباز لە سوریا و 2500 سەرباز لە تورکیا و 14000 سەرباز لە ئەفغانستان. واتا دەتوانین بڵێین ئێستا 61906 سەربازی ئەمریکی لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بوونیان هەیە (ئەگەر زیاتر نەبێت!). لە کاتێکدا ڕاپۆرتە باسی لە چۆنیەتی و چەندایەتی چەک و تەقەمەنی و فڕۆکە و کەشتی و تانک و زرێپۆشەکانی سوپای ئەمریکای نەکردووە لە دەڤەرەکاندا ؟!.

بێگومان شەڕ مایەی مالوێرانی و قەیرانی سیاسی و ئابووریە لە هەردەڤەرێک کە تێیدا ڕووبدات، هەڵچوونی قەیرانی نێوان ئێران و ئەمریکا هەر لەسەرەتای ئەم هەفتەیە بۆتە مایەی نیگەرانی خەڵکی رۆژهەڵاتی ناوەراست بەتایبەت ئێران و عێراق، هەروەها بەهای نەوت و دۆلاریش روو لە هەڵکشانە.

لەکاتێکدا کە قەیرانەکە لە نێوان ئەمریکا و ئێراندایە، کەچی واپێدەچێت کە عێراق ببێتە گۆڕەپانی تەسفیەی حسابەکانی نێوان ئەمریکا و ئێران. بەهۆی ئەوەی پەرلەمانی عێراق بڕیارەکەی ئاراستەی حکوومەتی عێراق کردووە کە کاربکات بەئاراستەی دەرکردنی هێزە بیانییەکان لە عێراق.

هەڵبەت بڕیاری پەرلەمانی عێراق بە دەرکردنی هێزە بیانییەکان لەنێویاندا سەربازانی ئەمریکا، بڕیارێکی بەپەلە و دیراسە نەکراو بوو لەبارودۆخێکی بارگاوی ناهەمواردا بێ ئەوەی ئایندەی سیاسی و ئابووری عێراق لەبەرچاو بگیرێ. بەرپرسانی ئەمریکا جەخت لەوە دەکەنەوە کە ئەم بڕیارەی پەرلەمانی عێراق لەڕێز هەژموونی ئێران بڕیار دراوە. بەهەرحاڵ ئەم بڕیارەی پەرلەمانی عێراق بەشێوەیەک لە شێوەکان تێوەگلانە لە قەیرانی نێوان ئەمریکا و ئێران. پێویستی بەوە نەدەکرا کە عێراق خۆی بکاتە لایەن یاخود لایەنگر یاخود جێبەجێکاری ئەجندایەک کەد بێتە ئەگەری زیاتر هەڵچوون و بەرفراوان بوونی پانتایی قەیرانەکە. بێشک بارودۆخی ئێستای عێراق بەرگەی ئەوە ناگرێت کە بە هەر شێوەیەک لە شێوەکان عێراق بخرێتە نێو قەیرانەکە. سالانێکە خەڵکی عێراق لە بارودۆخێکی ناهەمواردا دەژین و چیتر توانای ئەوەیان نەماوە بەرگەی هیچ قەیرانێکی دیکە بگرن. بڕیە بەم هەڵوێستەی پەرلەمان و حکوومەت، عێراق و خەڵکی عێراق بەرەو هەڵدێرێکی نادیار ئاراستە دەکرێن.

سەربەست بامەرنی



دیسان عێراق و دابەشبوونی دۆستانە

چەندین ساڵە من لە بارەی دابەشبوونی دۆستانەی قەوارەی عێراق دەنووسم، کە لەسەرەتای بیستەکانی سەدەی ڕابردوودا دروست بووە، ئەوەتا من ئەوجارەش بە بیرتان دەهێنمەوە، بەڵکو سوودێک لە دووبارەکردنەوەیدا هەبێت، لەپێناو نەڕژانی خوێنی پێکهاتەکانی عێراق و پەرۆشیی بۆ ئایندەیی عێراق، نەخاسمە ڕووداوەکان بەردەوام و جار لەدوای جار دووپاتی دەکەنەوە، ئەو کەڵەکەکردنە گومانلێکراوی و بێ سەروبەرییەی پێکهاتە سەرەکییەکانی عێراق (سوننەی عەرەب، شیعەی عەرەب و کورد)، خاوەنی هیچ پارێزبەندییەکی ناوخۆیی، کۆڵەگەکانی ژیان، پێشکەوتن و گەشەکردن نییە، بەڵکو لەوتەی دروست بووە تاکو ئەمڕۆکە، نەیتوانیووە پڕۆژەیەکی دیموکراسی بنیات بنێت، کە ڕێز لە مافەکانی مرۆڤ بگرێت، دەوڵەتی هاووڵاتیبوون، دادپەروەری، یەکسانی دروست بکات و ڕێزیش لە تایبەتمەندییەکانی هەموو پێکهاتەکان بگرێت.

لەڵایەک.. دوژمنایەتی میژوویی نێوان سوننەو شیعە، کە ماوەی 14 سەدەیە بەردەوامە، ئەوەی بەم دواییە تازە و قوڵتر کرایەوە، لە میانی ژمارەیەک لە دڕندەترین تاوانەکانی سەردەم، وەکو تاوانەکەی سپایکەر، ئەوەی نزیکەی 2000 کەس بوونە قوربانی، بێتجگە لە وێرانکردنی موسڵ و فەلوجە، کوشتنی هەزارەها کەس لە سەر ناسنامە، تیرۆکردنی ئەفسەرانی سەربازیی، فرۆکەوان، مامۆستای زانکۆ و چەندین تاوانی قێزەونی دیکە، ئەوانەی چەتەکانی تیرۆر لە ئەنفالکردن و داعش ئەنجامیان داوە، لەگەڵ گۆڕانکاریی بەرچاو و ڕێکخراو بۆ گۆڕینی دیموگرافیای ئەو یان ئەم ناوچەیە.

لەڵایەکی دیکەوە.. ئەو قەدەرەی پەیوەستە بە گەلی کوردەوە، هەرچەندە عێراق بە گوێرەی دەستوورەوە، وڵاتێکی فیدراڵییە و هەرێمی کوردستانیش، بەشێکی سەرەکییەتی، کەچی هەموو دەسەڵاتە یەک لەدوای یەکەکان، هەر لە دروستبوونییەوە تاکو ڕووخانی ڕژێمی بەعسی دیکتاتۆر، هەوڵیان داوە و هەوڵیش دەدەن، ئەو مافانە زەوت بکەن و نکۆڵی لێبکەن، بۆیە دۆزمنایەتیکردنی گەلی کوردستان، بووەتە ئاکاری بەشێکی زۆری ناوەندەکانی بڕیار و پیاوەکانی، کە خۆیان بەو دۆزمنایەتیکردنە با دەدەن، ڕووداوەکانی 16ی ئۆکتۆبەری 2017، داگیرکردنی کەرکووک، قەسابخانەکەی خورماتوو، پیلانگێڕی بە ئەنقەست بۆ جێبەجێنەکردنی مادەی 140 دەستوور، کە تایبەتە بە ناوچە دابڕێندراوەکان لە هەرێمی کوردستان و ئابلۆقەی ئابووری، باشترین بەڵگەن لەسەر ئاراستەی ناوەندەکانی بڕیارەوە.

لەوەی باسمان کرد، کە ئەو ڕووداوانەن کە گەلی عێراق ئێستا ڕۆژانە تێیاندا دەژی، دووپات لەسەر شکستهێنانی ئەو کەڵەکەکردنە داگیرکارییە هەڕەمەکییە دەکەنەوە، دووپاتیش لەسەر بەردەوامبوونی ململانێی نێوان ئەو پێکهاتانە، لەوانەیە بۆ چەندین دەیە بکەنەوە، بەمەش هیچ هیوایەک بە ئایندەیەکی باشتر بۆی نامینێت، ئەوەش هەمووی لەسەر ئەستۆی خوێنی نەوەکانی و دوارۆژیان دەبێت. مانەوەی ئەو وڵاتە شکستخواردووە تاکو دڕکە مۆخ، خۆی لە چاوتێبڕینی ناڕەوا بۆ بااڵدەستی بەسەر توانەکانی هەموو عێراق دەنوێنێت، چ تایەفی بێت یان ڕەگەزپەرستی، لەگەڵ سەپاندنی ڕێنمایی بەسەر ئەوانی دیکە و تووندنەوەیان، هەتا ئەگەر پێویست بکات، پەنا بۆ توندوتیژی، هێزی بێسنوور، یان خۆی لەو هێزە هەرێمایەتییە یان ئەمیان ببەستێتەوە، بۆ ئەوەی ڕۆژهەڵاتی بۆ جێبەجێ بکات، ئەو شتەش چیتر قبوڵکراو نییە، نە لە ناوخۆ و نە لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی، مرۆیی و شارستانیدا، چونکە دەبێتە مایەی بەگژیەکتریداچوونی توند، چ زوو بێت یان درەنگ. پاراستنی ژیان و ئایندەی پێکهاتە سەرەکییەکانی عێراق، پێویستی بە ئازایەتی، ڕووبەڕووبوونەوەی ژینواری خراپ، کارکردن لەپێناوی دابەشکردنی دۆستانەدا هەیە، بە گوێرەی یاسا و ڕێساکانی نێو دەوڵەتی و بەڵگەنامەکانی میژوویی، بەر لەوەی هەموو بخرێتنە نێو کوشتاری ناوخۆیی، جەنگی ئەهلیی و چارەنووسێکی نادیار، قەیرانەکەی ئێستاش، تەنیا سەرەتایە.. ئەری کەس هەیە گوێ بگرێت؟

و: ڕەمزی میرەکانی

بڕیاری پەرلەمانی عێراق و لێکەوتەکانی



ئاسۆ شێخ وەسانی

لە5ی کانوونی دووەمی 2020 لە دانیشتنێکی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق گشت فراکسیۆنە کوردستانییەکان دەنگیان نەدا بە پرۆژە یاسایەک کە لە دژی (ئەمەریکا) و هاوپەیمانان درا کە ئەم هێزانە لە خاکی عێراق نەمێنن و کارەکانیان کۆتایی پێ بێنن.

ئەگەرچی ئەم پرۆژە یاسایەی ئەنجومەنی نوێنەران بە زیان بۆ عێراق و عێراقییەکان دەشکێتەوە و عێراق دوچاری گەمارۆی سەختی ئابووری و سیاسی دەبات، گومانیشی تێدا نییە ئەمەریکا سەرجەم هاوکارییە سەربازی و ئابوورییەکانی بۆ عێراق ڕادەگرێت، بێگومانیش هاوپەیمانانی ئەمەریکا کە لە شەڕی دژ بە داعش ئەوانیش هاوکارییەکانیان بۆ عێراق ڕادەگرن، بەڵام لەم سەروبەندەدا ڕەنگە ئەمەریکا جیاکارییەک بکات و ئەم هاوکارییەی کە بۆ عێراق ڕایدەگرێت هەرێمی کوردستان نەگرێتەوە و بەردەوامییان هەبێت.

ئەمەریکاش لەم سەروبەندەدا کارەکانی دروست کردنی گەورەترین و پڕۆفێشنالترین کونسوڵخانەی خۆی لە (هەولێری پایتەخت)ی هەرێمی کوردستان خێراتر دەکات، ڕەنگە پێش کاتی دیاریکراوی خۆی تەواوی بکات کە گوژمەی پارەکەی زیاتر لە 500 ملیون دۆلار دەخەملێندرێت کە ڕووبەرەکەی زیاتر لە 3000 مەتر دەخەملێندرێت، و گەورەترین کونسوڵخانەیە لە سەرتاسەری جیهان. ئەمەریکا دەستبەرداری عێراق نابێت، بەڵام دەیهەوێت گشت فەرمان و جوڵەکانی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەداهاتوودا لەم کونسوڵخانەیە بێت کە بونیادی دەنێت.

پێشتریش لە وتارێکماندا، و بەباسمان کرد کە ئەم کونسوڵخانەیە گرینگی تایبەتی خۆی هەیە، بۆ هەرێمی کوردستانیش گرینگە چونکو هەرێم دەبێتە سەنتەرێکی گرینگ هەم لە ڕووی ئابووریەکەیەوە، هەمیش لە ڕووی دیپلۆماسییەوە پێگەی هەرێم دەباتە قۆناغێکی نوێی سیاسی و ئابووری لەناوچەکەدا.

لەم سەروبەندەدا بە پێویستی دەزانم لایەنە کوردستانییەکان بە دەسەڵات و ئۆپۆزسیۆنەوە ژیرانە مامەڵە بکەن، پەیوەندی بەردەوامیان هەبێت لەگەڵ یەکتردا، جا ئەم پەیوەندییە لە چوارچێوە و لە ژێر چەتری (سەرۆکایەتی هەرێم) بێت یاخود لە چوارچێوەی (ئەنجومەنێکی باڵای سیاسی) دابنرێت بە ئەندامیەتی گشت پارتەکانی هەرێمی کوردستان بە ئۆپۆزسیۆن و دەسەڵاتەوە، هەموویان بە یەکگرتوویی و یەک گوتاری ئەم دۆخە پێشبینیکراو و پێشبینی نەکراوانە تێبپەڕێنن کە ڕووبەڕووی دەبنەوە .



وون بوون

پسوولەی شارەوانی ٤ هەولێر ژمارەی پسوولە ٠٢٦٠٧٦٢ رێکەوتی ٢٠١٩/٦/١٩ بەبڕی ٥٠٠٠٠٠ دینار بەناوی عائیشە سلێمان حسێن وون بووە هەرکەسێك دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی.

***

وون بوون

ناسنامەی سەندیکای ئەندازیارانی کوردستان/ هەولێر ژمارە ٨٣١ بەناوی سورداش کریم حمد وون بووە هەرکەسێك دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی.

***

وون بوون

مەنەفێست بەناوی کۆمپانیای جیهان مۆتۆرز جۆری ئۆتۆمبێل تویوتا باس ٢٥ راکب مۆدێل ٢٠١٤ ڕەنگ کەسك + سپی ژمارەی ئۆتۆمبێل ٦٣٥٠١ کاتی ژمارەی شاسی: JTGFK٤١٨X٠٤٠٤٧٧٧ وون بووە هەرکەسێك دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی.

***

وون بوون

پسوولەی شارەوانی ٤ هەولێر ژمارەی پسوولە ٠٢٦٣٦١٧ بەرواری ٢٠١٩/١١/٣ بەبڕی ٥٠٠٠٠٠ بەناوی رۆژگار علی احمد وون بووە هەرکەسێك دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی.

***

وون بوون

مەنەفێست بەناوی کۆمپانیای لۆلوة البخیت جۆری ئۆتۆمبێل هیوندای H١ ڤان ١ تەن عادی ئۆتۆمبێل ڤان ڕەنگ سپی مۆدێل ٢٠٢٠ ژمارەی ئۆتۆمبێل ٤٥٨١٨ کاتی سلێمانی ژمارەی شاسی: KMFWBXvHALU٠٨٨٦٢٨ وون بووە هەرکەسێك دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی.

***

وون بوون

پسوولەی شارەوانی ٤ هەولێر ژمارەی پسوولە ٠٨٣٩٥١١ بەرواری ٢٠١٩/١/١٠ بەبڕی ٦٠٠٠٠ دینار بەناوی ئامانج دیدار توفیق وون بووە هەرکەسێك دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی.

***

وون بوون

پسوولەی شارەوانی هەولێر ژمارەی پسوولە ٠٨٣٩٥١٠ بەرواری ٢٠١٩/١/١٠ بەبڕی ٤٠٠٠٠ دینار بەناوی ئامانج دیدار توفیق وون بووە هەرکەسێك دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی.

***

وون بوون

پسوولەی شارەوانی هەولێر ژمارەی پسوولە ٠٨٣٩٥١٢ بەرواری ٢٠١٩/١/١٠ بەبڕی ٤٠٠٠٠ دینار بەناوی ئامانج دیدار توفیق وون بووە هەرکەسێك دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی.

***

دادگای کەتنی سلێمانی/٥

ژمارەی داوا/ ٩٦٨/ك/٢٠١٨

ڕێکەوت/ ٢٠١٩/١٢/١١

بۆ تۆمەتباری راکردوو/ محمد عثمان عبدالله

لەبەر ئەوەی نێردراوی بۆ ئەوەی دادگایی بکرێیت بە پێی مادەی ٤٣٢ لە یاسای سزادان لەو کێشەیەی کە تایبەتە بە بنکەی پۆلیسی سەرا لەبەر ئەوەی جێگەی دیاری کراوت نییە بریارمان دا لە دوو رۆژنامەی ناوخۆیی ئاگادارت بکەینەوە کە لە رۆژی ٢٠٢٠/٤/٦ لەبەردەم دادگاکەمان ئامادەبیت یان خۆت بگەیێنیتە نزیکترین بنکەی پۆلیس بۆ هێنانت لەو رۆژەدا بە پێچەوانەوە دادگایی دەکرێیت بەبێ ئامادەبوونت بەپێی یاسا.

دادەر/ بێخاڵ محمد مصطفی

***

دادگای کەتن لە هەڵەبجە

ژمارە/ ٣٨٦/ج/٢٠١٩

بەروار/ ٢٠١٩/١١/١٩

بۆ تۆمەتباری هەڵهاتوو فەرمان جال احمد

لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێبوونت نادیارە بەپێی اشعاری ئەنجوومەنی هەڵبژێراوی جەماوەری هەڵەبجە بۆیە ئاگادارت دەکەینەوە کە پێویستە لەبەردەم ئەم دادگایە ئامادەبیت لە رۆژی ٢٠٢٠/٢/٩ بەمەبەستی دادگایی کردنت بەگوێرەی مادەی ١/٢١ لە یاسای هاتوچۆ بە پێچەوانەوە ئەگەر ئامادە نەبیت دادگایی دەکرێیت بە پاشمەلیی و خۆت بەرپرسیار دەبیت، پاڵپشت بە ئەحکامی مادەی ١٤٣/ج لە یاسای بنچینە دادگاییە سزاییەکان.

داوەر/ محمد شفیق حمە

***

دادگای کەتنی سلێمانی/٤

ژمارەی داوا/ ٧٢٨/ك/٢٠١٧

ڕێکەوت/ ٢٠١٩/١١/١٧

ئاگاداری

بۆ تۆمەتباری راکردوو سەفین حمەصالح سعید

لەبەر ئەوەی نێردراوی بۆ ئەوەی دادگایی بکرێیت بە پێی مادەی ٣١٢ سزادان لە یاسای عێراقی لەو کێشەیەی کە تایبەتە بە بنکەی پۆلیسی لەبەر ئەوەی جێگەی دیاری کراوت نییە بریارمان دا لە دوو رۆژنامەی ناوخۆیی ئاگادارت بکەینەوە کە لە رۆژی ٢٠٢٠/٢/٢٦ لەبەردەم دادگاکەمان ئامادەبیت یان خۆت بگەیێنیتە نزیکترین بنکەی پۆلیس بۆ هێنانت لەو رۆژەدا بە پێچەوانەوە دادگایی دەکرێیت بەبێ ئامادەبوونت بەپێی یاسا.

دادەر/ ازاد اکرم مجید

***

دادگای کەتنی سلێمانی/٣

ژمارەی داوا/ ٦٣٣/ك/٢٠١٩

ڕێکەوت/٢٠١٩/١١/١٧

ئاگاداری

بۆ تاوانبار سۆران محمد احمد

لەبەر ئەوەی ئامادە نەبوون لە رۆژی دادگایی کردنت لە ڕێکەوتی ٢٠١٩/١٠/٢٩ سەرەرای ئاگادارکردنەوەت لە رۆژنامەکانی ناوخۆدا لەبەر ئەوە دادگایی کرایت بە ئامادەنەبوون بەشێوەی ئاشکرا لە دوای تاوانی ژمارە ٦٣٣/ك/٢٠١٩ وە بریاردرا تاوانبار بکرێیت بە گوێرەی مادەی ٢ ژمارە ٦ م لە یاسای قەدەغەکردنی خراپ بەکارهێنانی ئامێرەکانی پەیوەندی حوکم درا بەسەرتا بە بەندکردنی سووك بۆ ماوەی ٦ مانگ و وە فەرمانی گرتنت هەیە خۆت تەسلیم بکەیت و بەم دادگایە یان نزیکترین بنکەی پۆلی و مافی اعتراضت هەیە لەو بریارە بەگوێرەی یاسا.

دادەر/ سەروەر علی جعفر

***

دادگای کەتنی سلێمانی/١

ژمارەی داوا/ ١٣٠/ك.ب/٢٠١٥

ڕێکەوت/ ٢٠١٩/١٢/٢٣

ئاگاداری

بۆ تۆمەتباری راکردوو ئارام حمەامین محمد فتاح ناوی دایکی پروین جلال

لەبەر ئەوەی ئامادەنەبووبت لە رۆژی دادگایی بکرێیت بەپێی مادەی ٧ لە یاسای کەتنی بەرەنگاربوونەوەی خێزان لە تووندوتیژی لە و کێشەیەی تایبەتە بە بڕیوبەرایەتی تووندوتیژی خێزان/نووسینگەی رۆژنالوا لەبەر ئەوەی جێگەی دیاریکراوت نییە بریارماندا لە ٢ رۆژنامەی ناوخۆییدا ئاگادارت بکەینەوە کە لە رۆژی ٢٠٢٠/٤/١٩ لەبەردەم دادگاکەمان ئامادەبیت یان خۆت بگەیێنیتە نزیکترین بنکەی پۆلیس بۆ هێنانت لەو رۆژەدا بە پێچەوانەوە دادگایی دەکرێیت بەبێ ئامادەبوونت بەپێی یاسا.

دادەر/ شیرین علی حمەسور

***

دادگای بارەی کەسی هەولێر/٤

ژمارە/ ٨٧٠/ش/٢٠١٩/٤

ڕێکەوت/ ٢٠٢٠/١/٦

جاڕدان

بۆ/ داوالێکراو (نبی صباح رضا)

شوێنی دانیشتن نادیارە

ئەم دادگایە لە داوای ژمارە (٨٧٠/ش/٢٠١٩/٤) لە ڕێکەوتی (٢٠١٩/١٢/١٦) کە لە دادگای باری کەسی هەولێر دەرچووە دادگا بریاریدا بە تفریق بسبب الهجر لەسەرت تۆمارکراوە وە لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێبوونت نادیارە بە پێی ئیشعاری موختاری (بێرکۆتسی نوێ) بۆیە بریاریدا لە پێراگەیاندنت بەهۆی دوو رۆژنامەی ناوخۆیی رۆژانە کە لە هەرێمی کوردستان دەردەچێت تۆ مافی نارەزایی و پێداچوونەوەت هەیە لە ماوەی یاسایی لە رۆژی پێراگەیاندنت بەپێچەوانەوە بریارەکە پلەی بنبڕ وەردەگرێت بەپێی یاسا.

دادەر/ صباح حسن رشید

***

دادگای بەرایی هەولێر

ژمارە/ ١٢٧٨/ب/٢٠١٩/٤

ڕێکەوت/٢٠٢٠/١/٦

داواکار: علی احسان حسین و هاوبەشەکانی

داوالێکراو: بختیار احمد محمد و هاوبەشەکانی

شوێنی مولك: هەولێر – گەڕەکی مەنتکاوە

ژمارەی مولك: (٥٥٠/٦٥) ك ٤٥ وارش

پێکهاتەکان: خانوبەکی کۆنە بریتیە لە یەك ژوورو حەام و توالیت و مەخزەن لە خوارەوە وە لەسەرەوە ژوورێك لە بلۆك و کۆنکرێت دروستکراوە.

ڕووبەر: ١٠٥ م٢

نیشتەجێ: احمد عبدالرحمن محی الدین/ کڕێ نادات/ لەکاتی فرۆشتن دەرناچێ.

نرخی خەملاندن:٤١٢٥٠٠٠٠ دینار کۆی گشتی زەوی و پێکهاتەکەی

لەبەر نەبوونی کریار ئەم دادگایە لە داوای ژمارە ١٢٧٨/ب/٢٠١٩/٤ (ازالە شیوع) نەهێشتنی هاوبەشی بریاردرا بەفرۆشتنی ئاشکرای مولکی سەرەوە بۆ ماوەی (١٥) پازدە رۆژ لە دوای بڵاوبونەوە لە رۆژنامەی رۆژانە، جا هەرکەسێ نیازی کرینی هەیە هاوبەشەکانی بێ یان هاوبەشی نەبێ سەردانی ئەم دادگایە بکات لەگەڵ دابینی یاسایی ڕێژەی ١٠٪ لە نرخی خەملاندنی فرۆشتنی ئاشکرا, کاتژمێر (١٢)ی نیوەڕۆ دەست پێ دەکات, هەرزیاد بوونێك دوای (٥) پێنج دەقیقە کۆتایی دێت.

دادەری یەکەم/ مجید سعید برادۆستی

***

دادگای بارەی کەسی خەبات

ژمارە: ٦/ش/٢٠٢٠

ڕێکەوت: ٢٠٢٠/١/٦

جاڕدان

بۆ/ داوالێکراو (سامر عبدالستار رشید)

ئامادە بە داوای ژمارە (٦/ش/٢٠٢٠) کە تایبەتە بە داواکار (سولا منیر فاضل) کەجۆری داواکەی بریتییە لە (تصدیق طلاق) لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێ بوونت نادیارە بە دەلالەتی داواکار بۆیە ئەم دادگایە بریاری دا لەبەروای (٢٠٢٠/١/٦) بە پێراگەیاندنت بەریێگای دوو رۆژنامەی ناوخۆی خودی خۆت بریکارداڕت لەجیاتی خۆت ڕەوانە بکەی لەرۆژی دادگایی ڕێکەوتی (٢٠٢٠/١/١٩) کات ژمێر (٩)ی بەیانی بە پێچەوانەوە دابینی پاشمەلە و ئاشکرا دەرهەقت ئەنجام دەدرێت بەپێی یاسا.

دادەر/ مسعود صعید صدیق

***

دادگای باری کەسینە شەقڵاوە

ژمارە/٩٩/ش/٢٠١٩

ڕێکەوت:٢٠٢٠/١/٦

جاردان

بۆ داوالێکراو/ شرافات جواد قبادی

داواکار/ (صالح حمدامین حمد) داوای شەرعی ژمارە (٩٩/ش/٢٠١٩) لەسەرت تۆمارکراوە لەم دادگایە کە تیایدا داوای (اثبات زواج) لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنی نادیارە بەپێی نووسراوی موختاری (باسرمە) بۆیە پێت رادەگەینین کە لە دوو رۆژنامەی ناوخۆیی رۆژانە پشت بەستن بە ئەحکامی مادەی (٢١) لەیاسای دادبینی شارستانی کە لەرۆژی دابینی (٢٠٢٠/١/٢٣) ئامادە بێت یان بریکارت نامادەبێت لە دادگاکەمان بەپێچەوانەوە دابینی ئەنجام ددەرێت بەپێی یاسا و ناشکرا.

دادەر/ کەنار طاهر قادر

***

دادگای بەرایی هەولێر/٤

ژمارە/ ١٩٤١/ب/٢٠١٩/٥

ڕێکەوت/ ٢٠١٩/١٢/٢٤

جاردان

بۆ/ داوالێکراوان (بەڕێوەبەری ڕێپێدراوی کۆمپانیای ڕاد)

داواکار (Ay Yapi) داوای ژمارە /١٩٤١ ب/٢٠١٩/٥ لەم دادگایە تۆمارکردووە لەسەرتان بەداواییەکی نۆژەن و تێك هەلکێش، وە لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنت نادیارە بەپێی یاداشتی موختاری پارێزگای هەولێر/ سەربەستی و ڕویال و گونەی ئینگلیزی شاری ایتالی/٢) بۆیە دادگا بریاری دا بە پێراگەیاندنت بەدوو رۆژنامەی ناوخۆی رۆژانە بۆیە دەبێت ئامادەبیت خودی خۆت یاخود بریکاری یاساییت لە دابینی رۆژی ٢٠٢٠/١/١٣ بەپێچەوانەوە دابینی ئەنجام ددەرێت دەرهەقت بەپاشمەلە.

دادەر/ کاوە صدیق حسین

***

فەرمانگەی دادنوسی کەلار- یەك

ژمارە / ٢٩ /

ریکەوت / ٢٢ / ١٢ / ٢٠١٩

ئاگاداری

بەپێی ئەو داواییەی کەلەلایەن داواکار پشکەش بەم فەرمانگەیە کراوە بە ناوی (حسن عبداللە خان علی) داواکارە بە تۆمار کردنی ئامێرەکانی کارگەی (دانا) بۆ دروست کردنی بلۆك کە لە (کەلار / ناوچەی پیشەسازی) دانراون و ئامێرەکان لە خوارەوە دیاری کراوە بەپێی یاسای دادنووس ژمارە (٣٣) لەسالّی (١٩٩٨) بلاوی دەکەینەوە هەرکەسێ خۆی بە پەیوەندیدار یان خاوەنی هەریەك لەم ئامێرانە دادەنێ لەماوەی (١٥) پانزە ڕۆژدا سەردانی ئەم فەرمانگەیە بکات بە پێچەوانەوە بەناوی داواکارەوە تۆمار دەکرێت و بڕوانامەی پێ دەدرێت.

ژ ناوی ئامێر/ژمارەی ئامێر/دروستکراو / مۆدێل/ توانای کارەبایی

١- خەباتە/ ١٠٦٤ / کارەبا/ ١٩٩٥ / ٣٠ ئەسپ

٢- کابیسە/ ٤٤\٢٠١٩ / کارەبا / ٢٠٠٤ / ١٠ ئەسپ

٣- رافیعە/ ٢١٥٠٠١١٠٥ /گازوایل/ ٢٠١٥ ٣/ ظن

سیامندمحمدصالح / دادنووسی یەکەمی کەلار

٢٢ / ١٢ / ٢٠١٩

***

وەزارەتی شارەوانی و گەشتو گوزار

بەڕێوەبەرایەتی گشتی شارەوانیە کانی گەرمیان

سەرۆکایەتی شارەوانی رزگاری

کارگێڕی و خزمەتی

ژمارە : ٢٦٤٣

ریکەوت : ١٨/ ١٢/ ٢٠١٩

ئاگاداری

سەرۆکایەتی شارەوانی رزگاری ئاگاداری هەموو ئەو هاوڵاتیانە دەکاتەوە کە سالانی (١٩٨٧ – ١٩٨٩) زەویان لەناحیەی رزگاری،(صمود) وەرگرتووە کە هاوڵاتی (سعید محمد صالح) خاوەنی زەوی ژمارە هەوائی (٣٨٩١) داوای ڕێگا پێدانی کردوە بەمەبەستی دروستکردنی خانوو ، هەر هاوڵاتیەك گلدانەوەی لەسەر ئەو پارچە زەویە هەیە لەماوەی (٣٠) ڕۆژدا لەپاش بڵاو کردنەوەی ئەم ئاگادارییە ئاگاداری سەرۆکایەتی شارەوانیان بکاتەوە بە پێچەوانەوە شارەوانیان کاری یاسایی بۆناوبراو دەکات .

ئەندازیار/ ارسلان احمد محمد

سەرۆکی شارەوانی رزگاری

***

دادگای باری کەسێتی کفری

پێڕاگەیاندن

داواکار: زیرەك صلاح کریم

بۆ داوالێکراو: پیام صباح محمود/ کە شوێنی نیشتەجێبوونت نادیارە لە ئێستادا.

لە ڕێکەوتی ٢٠١٩/١١/٢٦ ئەم دادگایە بڕیاری دەرکردووە بە دروستی تەڵاقی داواکار زیرەك صلاح کریم کە لە ٢٠١٩/٩/١٥ ڕوویداوە و بە تەڵاقێکی گێڕانەوەیی (رجعی) دادەنرێت کە بووە بە تەڵاقی بائنی بچووك بە هۆی بەسەر چوونی ماوەی چاوەڕوانی و لە بەر نادیاری شوێنی نیشتەجێبوونت دادگا بڕیاری داوە بە ناگادارکردنەوەت لە ڕێگەی دوو ڕۆژنامەی ڕۆژانەی ناوخۆیی کە لە هەرێمی کوردستان دەردەچێت. بۆیە مافی نارەزایی و تانەدانت هەیە لەو بڕیارە لە ماوەی (١٠) ڕۆژ لە بڵاوبونەوەی ئەم ناگادارییەوە بە پێچەوانەوە بڕیارەکە پلەی کۆتایی وەردەگرێت بە پێی یاسا.

دادەر/ فریدون عبدالله محمد شفیق

***

وەزارەتی شارەوانی و گەشتو گوزار

بەڕێوەبەرایەتی گشتی شارەوانیە کانی گەرمیان

سەرۆکایەتی شارەوانی رزگاری

کارگێڕی و خزمەتی

ژمارە : ٢٦٢٨

ریکەوت : ١٨/ ١٢/ ٢٠١٩

ئاگاداری

سەرۆکایەتی شارەوانی رزگاری ئاگاداری هەموو ئەو هاوڵاتیانە دەکاتەوە کە سالانی (١٩٨٧ – ١٩٨٩) زەویان لەناحیەی رزگاری،(صمود) وەرگرتووە کە هاوڵاتی (وادی احمد بهرام) خاوەنی زەوی ژمارە هەوائی (٨٤٣٨) داوای ڕێگا پێدانی کردوە بەمەبەستی دروستکردنی خانوو ، هەر هاوڵاتیەك گلدانەوەی لەسەر ئەو پارچە زەویە هەیە لەماوەی (٣٠) ڕۆژدا لەپاش بڵاو کردنەوەی ئەم ئاگادارییە ئاگاداری سەرۆکایەتی شارەوانیان بکاتەوە بە پێچەوانەوە شارەوانیان کاری یاسایی بۆناوبراو دەکات .

ئەندازیار/ ارسلان احمد محمد

سەرۆکی شارەوانی رزگاری

***

وەزارەتی شارەوانی و گەشتو گوزار

بەڕێوەبەرایەتی گشتی شارەوانیە کانی گەرمیان

سەرۆکایەتی شارەوانی رزگاری

کارگێڕی و خزمەتی

ژمارە : ٢٦٢٨

ریکەوت : ١٨/ ١٢/ ٢٠١٩

ئاگاداری

سەرۆکایەتی شارەوانی رزگاری ئاگاداری هەموو ئەو هاوڵاتیانە دەکاتەوە کە سالانی (١٩٨٧ – ١٩٨٩) زەویان لەناحیەی رزگاری،(صمود) وەرگرتووە کە هاوڵاتی (سعید محمد صالح) خاوەنی زەوی ژمارە هەوائی (٣٨٩١) داوای ڕێگا پێدانی کردوە بەمەبەستی دروستکردنی خانوو ، هەر هاوڵاتیەك گلدانەوەی لەسەر ئەو پارچە زەویە هەیە لەماوەی (٣٠) ڕۆژدا لەپاش بڵاو کردنەوەی ئەم ئاگادارییە ئاگاداری سەرۆکایەتی شارەوانیان بکاتەوە بە پێچەوانەوە شارەوانیان کاری یاسایی بۆناوبراو دەکات .

ئەندازیار/ ارسلان احمد محمد

سەرۆکی شارەوانی رزگاری

***

دادگای باری کەسی هەولێر/٣

ژمارە: ٣٤٣٢/ش/٢٠١٩/٣

ڕێکەوت: ٢٠٢٠/١/٦

جاڕدان

بۆ داوالێکراو(حازم حسام الدین نجم الدین) شوێنی دانیشتنت نادیارە

ئامازە بە داوای ژمارە (٣٤٣٢/ش/٢٠١٩/٣) تایبەت بە داواکار (هودا خلیل سلیم) و داوالێکراو (حازم حسام الدین نجم الدین) دادگا لەبەروای (٢٠١٩/١٠/٩) بڕیاریدا بە (جیابوونەوە لە نێوان تۆو داواکار)، لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنت نادیارە بەپێی ئیشعاری موختاری (هەولێر/ گەڕەکی مەلیان)، بۆیە دادگا بڕیاریدابە پێراگەیاندنت بەهۆی دوو ڕۆژنامەی ناوخۆیی رۆژانە و، تۆ مافی نارەزایی و پێداچوونەوەت هەیە لەماوەی یاسایی (١٠) دە ڕۆژی بڵاوکردنەوەی ئەم جاڕدانە، بە پێچەوانەوە بڕیارەکە پلەی بنڕ وەردەگرێت.

دادەر/صباح قادر کامەلا

***

دادگای باری کەسی هەولێر/٢

ژمارە:٥٩٦٦/ش/٢٠١٩/٢

ڕێکەوت:٢٠٢٠/١/٧

جاردان

بۆ/ داوالێکراو (میسم محمد کاظم)

شوێنی دانیشتنت نادیارە

داواکار (بازران حسن پیرۆ) داوای ژمارە (٥٩٦٦/ ش٢٠١٩/٢)ی لەم دادگایە لەسەرت تۆمارکردووە تیایدا داوای (تصدیق طلاق خارجی) دەکات وە لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنت نادیارە بەپێی اشعاری مختاری (هەولێر/ گەرەکی هەڤالان) بۆیە دادگا بڕیاری دا بەپێ ڕاگەیاندنت لە ڕێگای دوو رۆژنامەی ناوخۆیی بەمەبەستی ناوبراو بەناوی

کتێبی.. هزر و هەڵوێست لای عیزەدین مستەفا ڕەسوڵ

کتێبەکە سێ تەوەری هەستیاری ورووژاندووە کە بەهۆیەوە لە سلێمانی ڕێگری لە بڵاوکردنەوەی کرا



ساسان دەروێش- هۆڵەندا:
خوێندنەوەیەکی کورت بۆ دوا بەرهەمی ڕۆژنامەنووس زانیار سەردار قرگەیی، کە لە دوای بڵاوبوونەوەی بە دیاری نوسخەیەکی بە هونەرمەند ئاشتی شێخانی بۆ نارەمە هۆڵەندا، لە دوای خوێندنەوەیەم چەند ڕۆژێک، ئەم خوێندنەوەیەم بۆی کرد، بە هیوام جێگەی ڕەزامەندی بێت.

کتێبی هزر و هەڵوێست لای عیزەدین مستەفا ڕەسوڵ، سەدایەکی زۆر باشی بەدوای خۆیدا هێنا، تەنانەت بووە جێی مشتومڕی خوێنەران و کاریگەرییەکی واشی دروست کرد، کە بووە هۆی ئەوەی لە شاری سلێمانی و لە چلەکەی د. عیزەدین مستەفادا ڕێگری لە بڵاوکردنەوەی و دابەشکردنی کرا، بەمەش کتێبەکە بووە بەرهەمێکی گرنگ و پرپایەختر، پرسیاری سەرسوڕمانی دروستکرد و زیاتر خوێنەران بە پەرۆشەوە بەدوایدا دەگەڕان و خەڵکی ناچار دەبوون بە خوێندنەوەی، ئەم بەرهەمە بریتییە لە سێ دیداری سەنگین و بەنرخی د. عیزەدین و زانیار قرگەیی لەمەڕ پرسە چارەنووسسازەکان.

یەکەمیان: دیدارێکی گەورە و گران لەسەر زۆر لایەنی گرنگیی خەباتی بارزانیی نەمر کە شرۆڤەی زۆر بابەتی هەستاری تێکۆشانی ئەو سەرۆکە مەزنە دەکات و ڕووداوە مێژوویییەکان بەرجەستە دەکات. دووەم: پەیوەست بەو نامەیەی بەر لە ڕاپەڕینی بەهاری 1991 کە سەرۆک مەسعود بارزانی ئاراستەی ڕۆشنبیرانی کوردستانی کردووە و پرس و ڕاوێژیان پێدەکات سەبارەت بە سەرهەڵدانی کورد لە باشوور، نامەیەکی زۆر گرنگ ئاراستەی د. عیزەدین دەکات، زانیار قرگەیی بە وردی و بە باشی لەگەڵ د. عیزەدین، شرۆڤە و تاوتوێی کردوون و کردوویەتییە دیدارێکی گرنگی ڕۆژنامەنووسی، وەک بەڵگەیەکی گرنگی مێژوویی حەقیقەتی ڕۆڵی سەرۆک بارزانی لە ڕاپەڕیندا بەرجەستەکردووە. سێیەم: دیدارێکی تیرۆتەسەلی گرنگی دیکە لەسەر پرسێکی گەورە و چارەنووسسازی وەک ریفراندۆم و پرسی سەربەخۆیی کوردستان، لەگەڵ د. عیزەدین گەنگەشە دەکات و زۆر باسی گرنگ دەخەنەڕوو کە ڕاستگۆیانە باسوخواسەکان ئاشکرا دەکات، کە دواتر سەد دەرسەد بۆچوونەکانی واقیعی و ڕاست دەرچوون و وەک بەڵگەی مێژوویی دەمێنێتەوە.

لەم کتێبەدا د. عیزەدین، سەبارەت بە بارزانیی نەمر دەڵێت: بارزانی ناوێکی گەورەیە لە مێژووی کورددا، خاوەنی کۆمەڵێک شۆڕشی کوردە، وەک شۆڕشەکانی بارزان هەتا کۆماری کوردستان و پاشان شۆڕشی ئەیلوول، ئەوانە هەمووی خۆی ڕاستەوخۆ سەرکردایەتی دەکرد و بەشداری تێیاندا کردووە و ڕۆڵی سەرەکی و گەورەی تێدا بینیوە، لە وردەکارییەکانیشدا ئاگادار بووە.

هەروەها د. عیزەدین لەم کتێبەدا سەبارەت بەو نامە گرنگ و مێژوویییەی سەرۆک بارزانی پێنج مانگ پێش ڕاپەڕین ئاراستەی کردووە، بەمشێوەیە لێی دواوە: کاک مەسعود بەر لە ڕاپەڕین، وەک سەرکردەیەکی کورد چاودێریی بارودۆخی سیاسی و کوردستانی کردووە و بەمشوور بووە و ئاگاداری هەڵوێستی منیش بووە، بۆیە نزیکەی پێنج مانگ بەر لە ڕاپەڕین، کاک مەسعود گەورەیی خۆی نواندووە و نامەیەکی گرنگی بۆ نووسیوم و داوای کردووە، لە تەواوی بارودۆخ و ڕووداوەکان ئاگاداری بکەمەوە و ڕاوبۆچوونی ڕۆشنبیران و خوێندەوارانی ئەو سەردەمەی بۆ کۆ بکەمەوە، منیش پرس و ڕاوێژم لەگەڵ کەسانی ئەکادیمی و ڕۆشنبیرانی ئەوکات کرد، بەڵام تەنیا بەدەم وەڵامیان دامەوە و کەس نەیدەوێرا بە نووسراو بینووسێت .زۆربەی ڕۆشنبیرانم بینی و دەوری خۆم بینی و نامەکەی کاک مەسعوودم پیشانی ئەوانەدا، کە متمانەم پێیان هەبوو. دیسانەوە، د. عیزەدین لەم کتێبەدا لە پرسێکی هێجگار گرنگ و چارەنووسسازی وەک گشتپرسی و پرسی سەربەخۆیی کوردستان دواوە و دەڵێت: ئەوانەی بە (نەخێر) دەنگ دەدەن، هەڵوێست و ڕەفتاریان لەگەڵ بڕچوونی دوژمنەکانی گەلی کورد و داگیرکەراندا یەک دەگرێتەوە. دەنگ بۆ سەربەخۆیی کوردستان و دەنگ بۆ سەرکردە جەنابی مەسعود بارزانی دەدەم. دەنگی بەڵێ بۆ سەربەخۆیی بەرز دەبێت، بەتایبەتی لە سلێمانیدا، چونکە خەڵکی سلێمانی مێژوویەکی دوور و درێژی لەگەڵ پرسە نەتەوایەتی و نیشتمانییەکاندا هەیە. باری لەشساخیم باش نییە بچمە دەرەوە، بۆ ڕیفراندۆم و دەنگدان بە (بەڵێ) دەچمە سەر سندووقەکانی دەنگدان. هیچ کاتێک زیاتر وەکوو ئەمڕۆ کورد دۆخێکی لەبار و گونجاوی نەبووە بۆ دەوڵەت دروستکردن. دەبوایە 100 ساڵ لەمەوبەر دەوڵەتی کوردستان دابمەزرایە. هەر لەهەمان کتێبدا د. عیزەدین، بەر لە کۆچی دواییەکەی بەناوی سەرەتایەک دەنووسێت: کاک زانیار قرگەیی ئەم دانوستاندنەی لەگەڵ ڕێکخستم. بەپێی پرسیارەکانی وەڵامم دایەوە. پاش بڵاوکردنەوەی لە ڕۆژنامە، کردی بە کتێب- پێشەکی کتێبەکەی د. نەسرین فەخری سپارد کە بەڕاستی خوشکی من بوو، ساڵێک لە مۆسکۆ بۆ زمانی ڕووسی خوێندن و سێ ساڵ زیاتر لە باکۆ پێکەوە بووین، دکتۆر نەسرین لەو پێشەکییەدا دەڵێت: مایەی شانازی و سەربەرزییە بۆ من، کە داوام لێ بکرێت پێشەکییەک بۆ ئەم کتێبە بنووسم، کتێبێک بۆ ئەو گفتوگۆیەی لەگەڵ برای بەڕێز و هاوبیر (د. عیزەدین) دەربارەی باوکی نەمری کورد، دانانی بەردی بناغەی چارەنووس و سەربەخۆیی ئەم میللەتە کەم هاوتایە، هەروەها دەڵێ: دەستخۆشی لە ڕۆژنامەنووسی هەڵکەوتوو زانیار قرگەیی دەکەم، کە دەزانێ چی بکات و چی هەڵبژێرێت، تا کات لەدەست نەچێت و پێیان بگات، کە بووە بە دێوانەیەکی ئەم ڕێگە پیرۆزە و بووەتە هۆگر و دەروێش ئاسا بەملا و بەولادا و بێ پشوو دەگەڕێ بەدوای ئەوانەدا دەیانجوڵێنێ و دەیاندوێنێت .بە پرسیاری ورد و زیرەکانە وات لێ دەکات دڵ و دەروونت بکەوێتە هەڵقوڵان.

ئەم کتێبە 167 لاپەڕەیە و کۆمەڵێک وێنەی گرنگی دیرۆکی کەسایەتییە ناسراوەکانی کورد و جیهانی لەخۆگرتوو، لەگەڵ نامە مێژوویییەکەی نزیک بە سی ساڵ بەر لە ئێستای سەرۆک مەسعود بارزانی و وێنەی زۆربەی لاپەڕەی ڕۆژنامەکانی (خەبات، باس)، کە بەشێکی زۆری ئەو دیدارانەی تێیدابڵاو کراونەتەوە، لە دوا بەشیدا بابەت و بۆردی ڕێزلێنانی ڕۆژنامەی خەبات بڵاوکراوەتەوە کە لەلایەن ڕۆژنامەی خەبات بۆ د. عیزەدین مستەفا ڕەسوڵ نێردراوە و ڕۆژنامەنووس زانیار سەردار قرگەیی نێردراوی ڕۆژنامەکە پێشکەشی دەکات.



شەنگە هاوارکاکەیی*

پڕۆژەیاسای چاکسازی و پاکسازی

ڕەهەند و چارەسەر

بەپێی سەرچاوە میدیاییەکان ڕۆژی پازدەی ئەم مانگە، پڕۆژەیاسای چاکسازی لە پەرلەمانی کوردستان خوێندنەوەی دووەمی بۆ دەکرێت، لەمبارەیەوە زانا مەلا خالید، ئەندامی پەرلەمانی کوردستان لە فراکسیۆنی زەرد ئاماژەی داوە لە هەشتی 8ی ئەم مانگەدا داواکارییان ئاڕاستەی لیژنەی دارایی و لیژنەی یاسایی پەرلەمان کراوە کە ڕاپۆرتی خۆیان لەسەر پڕۆژەکە ئامادە بکەن.

لە ڕاستیدا ئەوە میکانیزمێکی گونجاوە بۆ لەدایکبوونی ئاسۆی ڕۆژێکی نوێ لە کارنامەی کابینەی پێنجەمدا کە لە سەرەتای دەستبەکاربوونییەوە کارایە بۆ چەسپاندنی پڕۆژە یاسای چاکسازی و دیارە یەکێک لە خاڵە گرنگەکانی دەرگای دامەزراندن بۆ دەرچووانی زانکۆ دەکاتەوە کە بە گوێرەی ئامارەکان 70000 هەفتا هەزار دەرچووی زانکۆ و پەیمانگا لە کوردستان دانەمەزراون و دەرفەتی کاریان بۆ دەڕەخسێت، ئەگەر سەرجەمیانیش نەبێت لە سەدا پەنجایش بێ ئەم هەواڵە موژدەیەکی خۆشە کە پشتراستکراوەتەوە، لە لێدوانی د. گەلاوێژ عوبێد بڕیارەدری لیژنەی پەروەردە و خوێندنی باڵا لە پەرلەمانی کوردستان کە باس لە هەنگاوە ئەرێنییەکانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان دەکات بەمەبەستی کردنەوەی دەرگای دامەزراندن بەڕووی دەرچووانی زانکۆ و پەیمانگاکان، ڕایگەیاندووە پڕۆژە یاسای چاکسازی داهاتێکی باش دەگەڕێنێتەوە بە بڕینی مووچەی بندیوار و ئەوانەی زیاتر لە مووچەیەکیان هەیە بە ناشایستەیی، لە بەرانبەردا دەرچووانی زانکۆ و پەیمانگاکان دادەمەزرێن و شوێنی ئەوان پردەکرێتەوە و بەپێی وتەکانی ئەمساڵ حکوومەتی هەرێمی کوردستان بۆ دامەزراندنی دەرچووانی زانکۆ و پەیمانگاکان پلانێکی دیکەی هەیە بە سندوقی خانەنشینی و هەموارکردنەوەی یاسای وەبەرهێنان کە دەرفەتی کار بۆ بۆ دەرچووانی زانکۆ فەراهەم دەکات و ئەوانیش لە کەرتی تایبەت کاریان دەست دەکەوێت، هەمان ماف و ئیمتیازاتی فەرمانبەرانی حکوومەتییان دەبێت.

ئەم هەوڵە جیدیانە لە سۆنگەی بەرپرسیارەتییەکی گەورە سەربەهەڵداوە بۆ بەرقەراربوونی بنەما سەرەکییەکانی مافی مرۆڤ و یەکسانی لەنێوان ڕاگرتنی هاوسەنگی ئەرک و مافدا، هەرچەندە پێداچوونەوە بەو پڕۆژە یاسایە گرنگە بۆ ئامانجی سەقامگیریی دامەزراوە فەرمییەکانی هەرێمی دا، لەوەش گرنگتر سەوزبوونی دادی کۆمەڵاتییە کە لە دڵ و دەروونی تاکی کوردیدا دەکوێتە گەشەکردن. بەو واتایەی کە بەرنامەی چاکسازی و پاکسازی ڕەهەندێکی ئاشکرای هەیە لە چەسپاندنی پێوەری خوشندەگی ماناقوڵەکانی دادگەری کە لە سەرچاوەی ماریفەتێکی زانستی مرۆیی ئامانجی خۆی پێکاوە. بەو پێیەی کە گەشبینییەکی ڕاستەوخۆ دەبەخشێت، دەسەڵاتی فەرمانڕەوایەتیدا. لەم پێداچوونەوانەدا سەرجەم یاسا کۆنەکان کە وەکو کۆسپ و تەگەرە خزێندرابوونە نێو پڕۆسەی بونیادگەری لە پەیکەری دامەزراوە فەرمییەکانی هەرێمیدا تێکدەشکێنن کە بیست و هەشت ساڵە چەقیوە چ لە تەخشان و پەخشانکردنی داهاتی گشتی و چ لە خانەنشینی پلەبەرزەکان، چ بەو فەوجە بندیوارانەی هەن، چ بەو بەتاڵە موقەنەعەی دامودەزگا فەرمییەکانی هەرێمیم چ بەو کەیسە گەندەڵییانەی کە کەڵەکەبوونە، بۆیە لە چاوەڕوانی خوێندنەوەی دووەمی پڕۆژە یاسایەکەین و دەڵێین بە هیوای ئایندەیەکی گەش.

*** ماستەر لە یاسای گشتی-زانکۆی حیکمە بەیروت.**

ئاگادارکردنەوەی ئەمەریکا بۆ کەشتییەکانی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست

ئیدارەی دەریاوانیی ئەمەریکا، کەشتییەکانی لە ڕێڕەوە ئاوییەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ئاگادار کردەوە لەوەی ئەگەری ئەوە هەیە لە لایەن ئێرانەوە هێرشیان بکرێتەسەر. ئاژانسی هەواڵیی ئەسۆشەیتەد پرێس بڵاویکردەوە، ئیدارەی دەریاوانیی ئەمەریکا ڕایگەیاندووە کە ئەگەری ئەوە هەیە ئێران ڕێوشوێن دژبە بەرژەوەندییە دەریاییەکانی ئەمەریکا بگرێتەبەر.

ئاماژەی بەوەیشکردووە کە ئیدارەی دەریاوانیی ئەمەریکا ئەو کەشتییانەی لە ڕێڕەوە ئاوییەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ئاگادارکردووەتەوە لەوەی ئەگەری ئەوە هەیە لە لایەن ئێرانەوە هێرشیان بکرێتەسەر. ئەوەیش خراوەتەڕوو کە ئاگادارکردنەوەکە ئیدارەی دەریاوانیی ئەمەریکا هاوکاتە لەگەڵ ئەوەی کە هەڕەشەکانی ئێران بۆ تۆڵەسەندنەوەی کوژرانی فەرماندەی فەیلەقی قودس، قاسم سولەیمانی زیادی کردووە.

پێشتر فەرماندەی نوێی فەیلەقی قودس، ئیسماعیل قانانی ڕایگەیاندبوو کە تۆڵەی توندی کوژرانی قاسم سولەیمانی دەسەنن، هەروەها هەوڵەکانیان بۆ دەرکردنی ئەمەریکا لە ناوچەکەدا دەخەنەگەڕ. ئەم پێشهاتەش دوای ئەوە دێت کە ڕۆژی هەینی وەزارەتی بەرگریی ئەمەریکا (پنتاگۆن) ڕایگەیاندبو کە فەرماندەی فەیلەقی قودس سەربە سوپای پاسدارانی ئێران، قاسم سولەیمانی و جێگری سەرۆکی دەستەی حەشدی شەعبی، ئەبو مەهدی موهەندیس لە هێرشێکی ئاسمانیی سوپای ئەمەریکادا لەسەر ڕێگای فڕۆکەخانەی بەغدا، کوژراون.



ناتۆ داوا لە ئێران دەکات خۆی لە تووندوتیژی و چەواشەکاری دوور بخاتەوە

یانس ستولتنبێرگ: هاوپەیمانان نیگەرانن لە هەوڵەکانی ئێران بۆ دروستکردنی ناسەقامگیری لە ناوچەکەدا

سکرتێری گشتی ناتۆ، یانس ستولتنبێرگ دوابەدوای کۆبوونەوەی ئەنجوومەنی باکووری زەریای ئەتڵەسی کە لەسەر ئاستی باڵێۆزەکان ڕێکخرابوو، کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانی ساز کرد. یانس ستولتنبێرگ باسی لە هەڵپەساردنی کاتی چالاکییەکانی ناتۆ لە عێراق و گرنگی پێدانی مەشق و ڕاهێنانی هاوپەیمانان بە هێزە عێراقییەکان کرد و گوتی: لەسەر بانگێشتی حکوومەتی بەغدا مەشق و ڕاهێنان بە هێزە عێراقییەکان دەکەین و یارمەتیدەر دەبین لە ڕێگریکردن لە دووبارە گەڕانەوەی داعش.

سکرتێری گشتی ناتۆ، یانس ستولتنبێرگ جەختی لەوەکردەوە کە لەبەر ئەوەی پاراستنی ئاسایشی هێزەکانی ناتۆ لە هەموو شتێک گرنگترە، بۆیە چالاکییەکانیان لە عێراق هەڵپەساردووە. یانس ستولتنبێرگ ئاماژەی بەوەیشدا کە ئەگەر ڕەوشی عێراق سەقامگیربێت ناتۆ درێژە بە چالاکییەکانی دەدات.

سکرتێری گشتی ناتۆ ئەوەی ئاشکرا کرد کە دوابەدوای کوژرانی قاسم سولەیمانی و ئەنجامدانی هێرش بۆسەر بنکەکانی هاوپەیمانان لە عێراق، ئەمەریکا لە بارەی دوایین بەرەوپێشچوونەکانی ناوچەکەوە زانیاری داوەتە هاوپەیمانان.

یانس ستولتنبێرگ لەبارەی ئێرانییشەوە گوتی: هەموو هاوپەیمانان نیگەرانن لە هەوڵەکانی ئێران بۆ دروستکردنی ناسەقامگیری لە ناوچەکەدا. هەموشمان هاوڕاین لەسەر ئەوەی کە نابێت ئێران ببێت بە خاوەن چەکی ئەتۆمی و ئێدانەی پشتیوانییەکانی بۆ گرووپە تیرۆریستییە جیاوازەکان دەکەین. سکرتێری گشتی ناتۆ ئاماژەی بەوەیشدا کە ئێران بە هێرشکردنە سەر دامەزراوەی نەوتی سعوودیە و خستنەخوارەوەی فڕۆکەیەکی بێفڕۆکەوانی ئەمەریکا بووە هۆی هەڵکشانی زیاتری گرژییەکان و گوتی: لە کۆبوونەوەکەماندا هەموو هاوپەیمانان داوای کەمکردنەوەی گرژییەکان و مامەڵەی ژیرانەمان لەگەڵ دۆخەکە کرد. دروستبوونی پێکدادانی نوێ سوود بە هیچ کەسێک ناگەیەنێت هەربۆیە تکا لە ئێران دەکەین خۆی لە تووندوتیژی و چەواشەکاری زیاتر بەدوور بگرێت. ناتۆ دوابەدوای کوژرانی قاسم سولەیمانی، بەشێوەیەکی کاتی چالاکییەکانی مەشق و ڕاهێنانی لە عێراق هەڵپەساردووە



هیند و سریلانکا.. نزیکبوونەوە و سڵەمینەوە

د. زیکر ڕەحمان

ناریندا مودی، سەرۆک وەزیرانی هیندستان، کردنەوەی هێڵێکی دڵنیایی، بە بەهای 450 ملیۆن دۆلار بۆ سریلانکا کردەوە، ئەوەش لە کاتی پێشوازیکردن لە سەرۆکی تازە هەڵبژێردراوی سریلانکا، گۆتابایا راجاباکسا بوو، کە لەیەکەم سەردانی دەرەکیدا، سەردانی هیندستانی کردبوو.

سەرۆکی پێشوو، ماهیندرا راجاباکسای بە سەرۆکی وەزیران دامەزراند، ئەمەو راجاباکسا، 10 ساڵ پێش ئێستا، سەرپەرشتی لە زەیودانی سوپا بۆ جیاخوازەکانی تامیل، لەسەردەمی براکەی و سەرۆکی ئەوەدەمی وڵات کرد، ئەمەو راجاباکسا، بەڵێنی دا، ژیانێکی خۆش بە هاووڵاتیانی سریلانکا، کە ژمارەیان 22ملیۆن کەسە و زۆرینەشیان سەنهالی بوزین دابین بکات.هیندستان پێشنۆرە بە پەیوەندییەکانی لەگەڵ سریلانکا دەبەخشێت، هەردوو وڵات لە هەستیاریی و بایەخی ئاسایشی یەکدی گەیشتوون، هەردووکیانیش هاوبەندییەکی کولتووریی و میژوویی خۆڕسکی پتەویان هەیە، بەڵام نیودڵهی بە نیگەرانییەوە، چاودێری باشبوونی پەیوەندییەکانی سریلانکا، کە وڵاتێکی دوورگەییە و دەکەوێتە سەر زەریای هیندی، پێگەیەکی ستراتیژی گرنگی لەسەر ڕێگەی هاتوچۆی دەریاییدا هەیە، ئەو تەنیا دراوسێیەکی گرنگی هیندستان نییە، بەڵکو بەشێکی گرنگیشە لە ستراتیژیەتی وڵاتی پەیوەست بە هیندستان و زەریای هێمنەوە، ستراتیژیەتی هیندستان بۆ چاودانە سەر زەریای هێمن، تەنیا بە ڕاکێشانی سۆزی وڵاتان و پشتگیریکردن لە ئازادی دەریاوانی نییە، بەڵکو چاوی لە باشترکردنی بەرژەوەندییەکانی وڵاتیشە لە ناوچەی زەریاکانی هێمن و هیندیدا، سریلانکا- کە دەکەوێتە باشووری هیندستان- بەشێکی گرنگی ئەو ستراتیژیەیە، بەتایبەتی لە سایەی ئامادەیی بەردەوامی چین لە ناوچەکەدا. دوای وتووێژکردن لەگەڵ سەرۆکی سریلانکا، مودی ڕایگەیاند، 50 ملیۆن دۆلار لە هێڵی دڵنیایی، بۆ لایەنی ئاسایش لە سریلانکا دابین دەکرێت، ڕاستە بڕە پارەکە، بە بەراورد بەو بڕە پارەیەی چین بە سریلانکای دەدات، زۆر کەمە، بەڵام هیممەتی نیودڵهی و ئامادەیی بۆ یارمەتیدانی کۆڵۆمبۆ، بەهەر شێوەیەک بێت نیشان دەدات. ڕاجاباکسا، بڕاوەی هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتی وڵاتەکەی بوو، کە ماوەی زیاتر لە مانگێک دەبێت ئەنجامەکانی ئاشکرا کراوە، دوای ماوەیەکی کەمیش لە بوونی بەسەرۆک، بڕاکەی نێوان کۆڵۆمبۆ و پەکینی دەکرد، بەتایبەتی لە ماوەی سەرۆکایەتی (ماهیندا راجاباکسا)دا، ئەمەو ماهیندا، لە ماوەی سەرۆکایەتییەکەیدا، کە 10 ساڵی خایاند و لە ساڵی 2015کۆتاییهات، مەیلی زیاتر بەلای چیندا بوو، نەوەکو پەیوەندی وڵاتەکەی بە هیندستانەوە، گۆتابایا ڕاجاباکسا، لەسەردەمی سەرۆکایەتی براکەیدا، وەزیری بەرگریی بوو و پێشتریش هیندستانی بەوە تۆمەتبار کردبوو، دەست لە کاروباری ناوخۆیی سریلانکا وەردەدات. پێدەچێت کاریگەریی چین بەسەر سریلانکا، لە ماوەی سەرۆکایەتی سەرۆکی تازەدا، هەر لە هەڵشکاندا بێت، لە سایەی ئەو وێناکردنەشەدا، هیندستان ئەوەی پێی دەکرێت ئەوەیە، لاواز نەبوونی هەژموونی لە باشووری ئاسیا مسۆگەر بکات، بۆیە هیندستان نایەوێت هەمان ئەو شتانە دووبارە بکاتەوە، کە لەسەردەمی سەرۆکایەتی ماهیندا ڕوویان دا، بەمەش نیودڵهی دەیەوێت دووپات لەسەرە ئەوە بکاتەوە، پەیوەندییەکی پتەوی لەگەڵ کۆڵۆمبۆدا هەیە، بۆ ئەوەی دڵنیا بێت لەوەی پەکین هەژموونی زیاد لە پێویستی لە سریلانکادا نەبێت. دوای هاتنی گۆتابایا بۆ سەرکورسی دەسەڵات، لە وڵاتێکدا کە پێگەیەکی ستراتیژی لەسەر زەریای هیندی هەیە و چینیش بە تۆندی بەلای خۆیدا ڕایکێشاوە، هیندستان باوی سەرۆکەکانی پێشووی ئەو وڵاتە بووە. ڕاجاباکسا، دووپاتی کردەوە، ئەو مەیلی بەلای هیچ هێزێکی بیانیدا نابێت، پارێزگاریی لە (پەیوەندی دۆستانە) دەکات و (لەهەمان ماوە) لەگەڵ هەموو وڵاتەکان و (بەبێ لایەنیش لە مللانێی هەژموونی نێوان نەتەوەکان) ترسێکی زۆر لە هاتنی ئەو سەرۆکەدا هەبوو، بۆیە سەرۆک وەزیرانی هیندستان، لە یەکەمەکانی ئەو کەسانەدا بوو، کە پیرۆزباییان لە گۆتابایا کرد و بانگهێشتی هیندستانیشی کرد، وەزیری دەرەوەی هیندستان، شانکار جایی، بە پەلە سەردانی کۆڵۆمبۆی کرد، بۆ ئەوەی بانگهێشتنامەی فەرمی لە مودیەوە بداتە دەست گۆتابایا، بۆ ئەوەی سەردانی هیندستان بکات، بەمەش یەکەم سەردانی ڕاجاباکسا، بۆ هیندستان بوو، کە نەریتێکی دەمێنێتەوە، بەڵام ئەوە بە شتێکی ئاسان نایەتە بەرچاو، چونکە سریلانکا بڕە پارەیەکی زۆری لە چین، بۆ بنیاتنانی ژێرخانی وڵاتەکەی وەرگرتووە، هەروەها پێویستی بە وەبەرهێنانی زیاتری وڵاتانی دراوسێ و بیانی، بۆ بنیاتنانەوەی وڵات لە دوای جەنگی ئەهلییدا هەیە. لە دیمانەیەکیدا گۆتابایا بە ڕاشکاوی ڕایگەیاند، وڵاتەکەی ناچار دەبێت جارێکی دیکە، هەوڵی زیاتر بۆ سەرچاوەی دارایی لە چین بدات، ئەگەر هیندستان و وڵاتانی بیانی وەبەرهێنانی زیاتر لە دوورگەکەدا نەکەن. لە سایەی سەرۆکی پێشوودا، متربالا سیریسینا، هیندستان هەوڵی زۆری بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەکانی دا و توانیشی بەشداریی لە پرۆژەکانی بەندەر و فڕۆکەخانەکاندا بکات، ئێستاش نیودلهی بە ئومێدی ئەوەیە، سیستمی تازە لە کۆڵۆمبۆ لەو ئاراستەیە هەڵنەگەڕێتەوە و ڕێگەش بە هیچ ڕەچەڵەکێکی سەربازیی بیانی بدات، کە زیان لە بەرژەوەندییەکانی نیودلهی لە سریلانکا بدات. لەتەک ڕەچەڵەکی سەربازیدا، هیندستان لە دامودەزگاکانی ستراتیژیش خۆگرە، ئەوەی لەوانەیە هەر هێزێکی دەرەکی لە سریلانکا دروستی بکات، پێی وایە ئەوەیان لەوانەیە زیان لە بەرژەوەندییەکانی هیندستان بدات، هیندستان هێشتا بەرژەوەندییەکانی سریلانکای لەبەرچاو گرتووە، پەرۆشی خۆیشی بۆ کارکردن لەگەڵ حکومەتی تازە دەربڕیووە، بەڵام گرەنتی ئەوەی دەوێت، سیستمی تازە لە کۆڵۆمبۆ، پارێزگاریی لە بەرژەوەندییەکانی نیودلهی لە ناوچەکەدا بکات. لەو قۆناغەدا، هەردوولا لەیەکدی نزیک دەکەونەوە، بەڵام بە ئاگاوە، ئەوەی لەسەر ئێمەیە، تەنیا چاوەڕێکردن و ڕوانینی چۆنییەتی گەشەکردنی پەیوەندییەکانە، لە مانگەکانی داهاتوودا.

و: ڕەمزی میرەکانی
سەرچاوە: www.alittihad.ae





ئەمڕۆ لە مێژوودا




سالی 1900:
ولیام ماکینلی سەرۆکی ئەوکاتەی ئەمەریکا ئالاسکای خستە ژێر دەسەڵاتی سەربازی .



سالی 1958:
هێزی شۆڕشگێڕانی کوبا کۆنترۆڵی هاڤانای پایتەختی کوبایان کرد .



سالی 1959:
شارل دیگۆل بوو بە سەرۆکی فەرەنسا .



سالی 2006:
بومەلەرزەیەکی بەهێز بە گوڕی 6.7 پلە لە باشووری یۆنان ڕوویدا .



سالی 2015:
مارسیبالا سیریسینا وەک سەرۆکی سریلانکا هەڵبژێردرا .



سالی 2016:
هێزەکان مەکسیک بازرگانێکی گەورەی ماددە هۆشبەرەکان بەناوی خواکین گۆزمانیان دەستگیر کرد .

چەمکی سیاسی



دەسەڵاتی تەنفیزی

واتە حکوومەتی بەرپرس لە جێبەجێکردنی ئەو سیاسەت و یاسایانەی کە لەلایەن دەسەڵاتی یاسادانانەوە دەستنیشان دەکرێن و دادەڕێژرێن .
ئەندامانی ئەم دەسەڵاتەش لە سیستمە سەرۆکایەتییەکان بریتین لە : سەرۆکوەزیران یان ڕاوێژکار یان سەرۆک کۆمار .ئینجا وەزیران و ئیدارەی سیاسی هەمیشەیی یان ئەوانەی دامەزرێنراون ، هەروەها فەرمانگەکانی وەک پۆلیس و هێزە چەکدارەکان .

رۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە ساڵی 2019 ..
ئاراستەکانی کۆتایی دەیە



ئا: خالید گەردی

بەتەواوبوونی ساڵی 2019هەشت ساڵ تێپەڕ بوو بەسەر سەرهەڵدانی بەهاری عەرەبی کە لە ساڵی 2011 دەستی پێکرد ، هەروەها (16) ساڵ بەسەر شەڕی عێراق و (18) ساڵ بەسەر هێرشەکانی (11)ی سێپتەمبەر تێپەڕی. ئەگەر زیاتر قوڵ بینەوە، ئەمساڵ (40) ساڵ بەسەر شۆڕشی ئێران و داگیرکردنی ئەفغانستان لە لایەن یەکێتی سۆڤیەت و ئاشتی تاکلایەنەی نێوان میسر و ئیسرائیل تێپەڕی. لەسەر ئاستی ناوچەکە سەرهەڵدانی پێنج خۆپیشاندان و بەردەوامبوونی (4) شەڕی نێوخۆ و 3هەڵبژاردنی بەخۆیەوە بینیوە.

پێنج خۆپیشاندان

تاکە وڵات کە پرۆسەی راگوزاری بەخۆیەوە بینیبێت وڵاتی سودانە ، ئێستاشی لەگەڵدا بێت رژێمی حوکمڕانی جەزائیر هەر خەریکی بەرەودانە بەخۆی، خۆپیشاندانەکانی ئێران بێدەنگ بوون، لە عێراق و لوبنان هیچ تەنازولێکی سیاسییان نەکرد، کە سەرەڕای تێپەڕبوونی ساڵێک بەسەر هەڵبژاردنی پەرلەمان، هەردوو دەسەڵات لە عێراق و لوبنان نەیتوانی پێشکەوتن بەدەستبێنن، خۆیان بەرامبەر نەوەیەکی هەڵکشاو بینییەوە کەپشتیان بە یەکێتی نیشتیمان و چەسپاندنی بەها مرۆییەکان و ڕەتکردنەوەی تائیفەگەری بەستووە. خۆپیشاندەران لە هەردوو وڵات توانیان خۆیان وەک یاریکەرێکی سەرەکیی بسەپێنن و کاریگەربیان بەسەر پێکهێنانی حکوومەتەکانیانەوە هەبێت، باسی هەڵبژاردنی پێشوەختە بوروژێنن، ئەگەرچی نەوەتازەکە لە هەردوو وڵات ڕووبەڕووی گرفتی زۆر بوونەتەوە لە گۆڕینی شۆرش بۆ بزووتنەوەیەکی سیاسی بەردەوام تا بتوانێت پشکی خۆی لە حکوومەت و پەرلەمان بەدەست بێنێت.

چوار شەڕی نێوخۆیی

هەرچەندە چارەسەری سیاسی لە یەمەن هێشتا دوورە دەستە ، بەڵام ڕێککەوتنەکانی نێوان حکوومەتەکەی عەبد ڕەبە و ئەنجوومەنی ڕاگوزاری باشوور پێشکەوتنی بە خۆیەوە بینیوە، گرژییەکانی نێوان سعودیە و حوسییەکانیش کەمتر بۆتەوە، کەچی ڕەوشی لیبیا بەرەو گرژتربوون چووە، ژنەرال خەلیفە حەفتەر پشتگیرییەکی نێودەوڵەتی پێ بڕاوە ئەویش ناردنی سەربازی تایبەتی ڕووسیایە بۆ پشتگیری کردنی سوپاکەی حەفتەر بۆ سەر تەرابلوسی پایتەخت، لەبەرامبەردا حکوومەتی ویفاق لە تەرابلوس کە لەلایەن کۆمەڵگای نێودەوڵەتی دانی پێدانراوە لە بەڵێنەکەی تورکیا بۆ ناردنی هێز بۆ یارمەتیدانی زیاتری پێنەگەیشتووە. خۆ ئەگەر حیساباتەکانی ڕووسیا ڕاست دەرچوون ژنەراڵ حەفتەر بتوانێت دەست بەسەر پایتەخت بگرێت، ئەوا ئەو کات پێگەیەک بە ڕووسیا دەبەخشێت و بوونی خۆی لە باکووری ئەفریقیا و کەناری باشووری دەریای سپی زامن دەکات.لە سووریا هەوڵەکانی ڕووسیا بۆ پێکهێنانی لیژنەی نووسینەوەی دەستوور پێشکەوتنی بە خۆیە بینیوە، گۆڕانکاریە گرنگ و سەرەکییەکە خۆی لە باکووری ڕۆژهەڵاتی سووریا بینیوە ئەو داگیرکردنی ناوچەکە لەلایەن تورکیا و پێکهێنانی ناوچەیەکی ئارام لەژێر سەرپەرشتی خۆیدا. هەر لەو بەشەی سووریا هێزە سەربازیەکانی ڕژێم و هاوپەیمانەکانی توانیان لە هەندێ ناوچە بڵاو ببنەوە. بەڵام لە ئیدلب هەوڵەکانی ڕژێم و هاوپەیمانەکانی بە شێوەیەکی بەرچاو بە ئامانج نەگەیشت.

لە ئەفغانستان دیمەنی سەرەکیی دانوستاندنەکانی نێوان ئەمەریکا و تاڵیبان بوو، لە نیوەی دووەمی پار ساڵ چەندین جار خەریک بوو دانوستانەکان سەرکەوتنی لێ بکەوێتەوە، بەڵام دواتر پاشەکشەی بە خۆیەوە دەبینی.

سێ هەڵبژاردنی یەکلاکەرەوە

شانۆی هەڵبژاردنەکان لە وڵاتانی تورکیا و ئیسرائیل و تونس بوو، لە تورکیا دوو جار ڕەجەب تەیب ئەردۆگان لە شارە سەرەکییەکان شکستی هێنا. ئاکامەکانی هەڵبژاردنەکانی ئەم دواییەی ئیسرائیلیش هێمایەکن بۆ بەکۆتاهاتنی قۆناغی نەتەنیاهۆ، ئەگەرچی هێشتا لەتوانایدایە چەند بڕیارێک بگرێتە بەر نموونەی لکاندنی چەند پارچەیەک لە کەرتی ڕۆژئاوا بە ئیسرائیل.وڵاتی تونسیش لە هەنگاونان بەرەو دیموکراتییەت بەردەوامە ، لە ئاکامی هەڵبژاردنەکان قەیس سەعید مامۆستای یاسای دەستووری پۆستی سەرۆکایەتی گرتۆتە دەست، هەرچەندە تونس بەدەست قەیرانی ئابووری و هەڕەشەکانی گروپە جیهادییەکان لە نێو وڵاتدا دەناڵێنێت.

دینامیەتی هەرێمایەتی:

تورکیا و ئێران و ئیسرائیل و ئەنجوومەنی هاریکاری کەنداو

داگیرکردنی باکووری ڕۆژهەڵاتی سووریا لەلایەن تورکیاوە هەروەک چۆن خەونەکانی کوردانی سووریای لەبار برد، لەدوای ئەوەی دۆنالد ترەمپ کوردەکانی لەژێر هەڕەشەی زنجیری زرێپۆشەکانی تورکیا جێهێشت، ئەمە بووە هۆکاری ئەوەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکاش مسداقیەتی خۆی لە دەست بدات. هاوکات ئێران بارگرژییەکانی لەدژی ئەمەریکا و هاوپەیمانەکانی بەشێوەیەکی مەترسیدار زیاتر کرد. هێرشەکەی بە ڕۆکێت و فڕۆکەی بێ فڕۆکەوان بۆ سەر کۆمپانیای ئارامکۆی سعودیە لە مانگی کانوونی یەکەم، شان بە شانی ئەمەش میلیشیا عێراقییەکان چەند هێرشێکیان بۆسەر هێزەکانی ئەمەریکا ئەنجام دا.. لەسەر ئاستی ئیسرائیلیش ئاوابوونی ئەستێرەی نەتەنیاهۆ لەبەرامبەر گەشانەوەی ئەستێرەی بینی گانتس، ڕەنگە پرۆسەی ئاشتی بێتەوە بەر باس و ڕێگاچارەیەک بۆ چارەسەرکردنی کێشەکە بدۆزرێتەوە.

ڕووسیاو چین و ئیدارەی ئەمەریکا

ڕەنگە ناردنی هێزی تایبەت لەلایەن ڕووسیاوە بۆ پاڵپشتی کردن لە ژنەرال حەفتەر شوێن پێیەک لە باکووری ئەفریقا بۆ ڕووسیا بڕەخسێنێت. کە پێشتر بوونی سەربازی ڕووسیا بەشێوەیەکی بەهێز لە سووریا چەسپاند، لە عێراقیش لایەنگرانی ئێران گوشارەکانیان بۆ سەر ئەمەریکا زیاتر کردووە، ئەمەش وا دەکات بەدوور نەزانرێت دۆنالد ترەمپ بە جدی بڕیار لەسەر کشانەوەی هێزەکانی لە عێراق بدات، لە بارێکی ئاواشدا ڕووسیا کە لەلایەن ئێرانەوە پاڵپشتی لێدەکرێت ئەو بۆشاییەی لە ئاکامی کێشانەوەی هێزی ئەمەریکا دروست دەبێت ڕووسیا پڕی بکاتەوە، بەمەش پێگەی خۆی لە ناوچەکە زیاتر پتەو دەکات. هەرچی وڵاتی چینیشە بە نەفەسێکی درێژەوە لەسەر جێبەجێ کردنی پلانەکەی لە ناوچەکە بەردەوامە لە میانەی پەیوەندی بازرگانی و وزە و پێشکەشکردنی قەرز و وەبەرهێنانی درێژخایەن لە ژێرخانی ئابووری لە هەردوو بواری ماددی و تەکنەلۆجی لە ناوچەکە بتوانێت ئەو ڕایەڵەیە بەهێز بکات کە مەبەستیەتی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەچین ببەستێتەوە.

هەرچی ئەمەریکاشە ساڵی 2019 ساڵێکی پڕ پشێوی بوو، بڕیاری پشت لەکورد کردن ڕاوێژکارەکانی تووشی شۆک کرد، بەهەمان شێوەش لە لیبیاش ترەمپ بە ئاشکرا پاڵپشتی کردنی خۆی لە ژنەرال حەفتەر ڕاگەیاند، بەڵام ترەمپ لە بەرامبەر ئێران تا ئەوپەڕی دان بەخۆداگرتنی لەئاست گوشارەکان نواند و بەدەم ئامۆژگاری ڕاوێژکارەکانیەوە نەچوو، بەهیچ شێوەیەک ڕەتدانەوەی سەربازی لە دژی ئێران ولایەنگرانی لە کەنداو پەیڕەو نەکرد.

کاریکاتێر



مانشێت



سکای نیوز :
ئەمەریکا رازی نەبوو ڤیزا بە وەزیری دەرەوەی ئێران بدات بۆ ئەوەی بەشداری لە کۆبوونەوەی ئەنجوومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتیدا بکات لە نیویۆرک .



ئەی ئێف پی :
پۆلیسی کینیا لە ناوەڕاستی وڵات سێ کەسی دەستگیر کرد کە هەوڵیان دابوو بە زەبری هێز بچنە نێو سەربازگەیەکی سەر بە هێزەکانی بەریتانیا .



ئیلاف :
دوای کۆبوونەوەی ڕێکخراوی ناتۆ سەبارەت بە بارودۆخی ئالۆزی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ، سەرۆکی ئەم ڕێکخراوە داوای لە ئێران کرد پەنا نەباتە بەر گرتنەبەری ڕێوشوێنی وا کە ببنە مایەی ئالۆزی زیاتر.



ڕۆژنامەی ئەلشەرقولئەوسەت:
نوێنەری چین لە هۆنگ کۆنگ هیوای خواست جارێکی دیکە ئەم هەرێمە بگەڕێتەوە باری ئاسایی خۆی .



بی بی سی:
نەتەوە یەکگرتووەکان رایگەیاند کە بەهۆی شەڕ و ناسەقامگیریەوە ، لە ساڵی 2019دا زیاتر لە 426500 کەس لە 32 هەرێمی ئەفغانستان ئاوارە بوون .



کەنالی ئار تی :
ئەڵمانیا بڕیاری دا بەشێک لەو هێزانەی خۆی بکێشێتەوە کە لە عێراق جێگیری کردبوون .



بەشێکی هاوینەهەواری جوندیان بە دیزاینێکی نوێ نۆژەن دەکرێتەوە

هاوینەهەواری جوندیان دەکەوێتە سنووری قەزایی رواندز لە دەڤەری سۆران، لە وەرزی هاوین پڕ لە گەشتیار دەبێت، بۆ خۆشی بەخشین بە گەشتیاران و دروستکردنی دیمەنێکی جیاواز لە سالانی رابردوو، خاوەنکەی بڕیاری نۆژەنکردنەوەی داوە، نۆژەنکردنەوە کە بەمبەستی جوانکاری و دابینکردنی خزمەتگوزاری باشتر بۆ گەشتیاران، نۆژەنکردنەوە و جوانکاریەکە لە لایەن بەڕێوەبەرایەتی گەشتوگوزاری سۆران و بنکەی گەشتوگوزاری رواندز سەرپەرشتی دەکرێ، بارزان محەمەد بەڕێوەبەری گەشتوگوزاری سۆران بە خەباتی راگەیاند: دیزاینی پرۆژەکە لە لایەن ئەندازیاری بەڕێوەبەرایەتیەکە بەهزاد خودادا کراوە، پرۆژەکە پێکدێت لە (چەندین کەپری گەشتیاری و چیشتخانەی کراوە و بحیرەیە کی بچوک بۆ بەلەم و تاقگەی دەستکرد، لە گەل بوونی چەندین WC لەو شوێنە). پرۆژەکە لەبەردەم کانی و سەروچاوەی جوندیان دەکرێت و ئێستا لە جێبەجێکردن دایە و بۆ مانگی نیسان تەواو دەبێت، پرۆژەکە دەبێتە هۆی لابردنی ئەو بینا کونکریتانەی کە لە ئێستادا بەردەمی کانی جندیانی گرتووە و دیمەنی هاوینەهەوارەکەی ناشیرین کردبوو، پروژە کە لەلایەن کەرتی تایبەت واتە خاوەنی ئێستای شوێنەکە جێبەجێ دەکرێت.



هاوولاتییان چیای حەسەن بەگ و گارە و زینی وەرتێ دەکەنە ناوچەیەکی گەشتیاری

گەشتیاری زستانە لە بەخشینی خۆشی بۆ هاوڵاتی و بۆ گەشتیاران زۆر جیاواز لە گەڵ گەشتیاری هاوینە نییە، بۆیە خەریکە هاوڵاتیان درک بەم ڕاستیە دەکەن و لە گەڵ بارینی بەفر روو لەو شوێنانە دەکەن کە پێش ناوچەکانی تر بەفریان لێدەباریت و بۆ ماوەیەکی زیاتر لێی دەمێنێتەوە، لە گەڵ بەفبارینی ئەم مانگە هەریەک لە چیای حەسەن بەگ لە سنووری سۆران و چیای گارە لە سنووری سەرسەنگ لە دهۆک و زینی وەرتێ لە ناحیەی وەرتێ بوون بە پێگەی کاتبەسەر بردنی هاوڵاتیانی ناوچەکە. بەمەبستی خۆشی و شادی و کاتبەسەر بردن لە ناو بەفر و دیمەنە جوانەکانی بەفر لەناو سروشتی چیاکان هاوڵاتیان و بەشێک لە گەشتیاران بە شەپۆل ڕوویان لە چیای حەسەن بەگ و چیای گارە و زینی وەرتێ کرد، ئەمەش بووە هۆی ڕێگە گیران و ئاپۆرە لە هەندێک شوێن. هەرچەندە شوێنەکانی ناوبراو هیچ جۆرە خزمەتگوزارییەکی گەشتیاریان لێی نییە بەڵام ئەمە زەمینە خۆشکەرە بۆ بەگەشتیاری کردنی شوێنەکان و هەوڵدان بۆ دابینکردنی چەند خزمەتگوزارییەکی سەرەتای گەشتیاری لە لایەن حکومەتی هەریم.

دوو برای پایسکیل سواری ئەڵمانی بە جیهاندا دەسوڕێنەوە و هەڵسوکەوت و میواندۆستی هاوولاتییانی کورد بە نایاب وەسف دەکەن

دوو برای ئەڵمانی پێنج مانگ لەمەوبەر بڕیاریاندا کە بە پاسکیل دەوری جیهان لێبدەن و تا ئێستا 10ولاتیان تێپەڕاندووە و 5 هەزار و 400 کیلۆمەتریان بڕیوە.

ماکسملیان و جۆهانس گیەری ئەڵمانی دوای دوو کاتژمێر گفتوگۆ و شەش هەفتە ئامادەکاریی بە پایسکل لە شاری دۆرتمۆندی ئەڵمانیاوە دەستیانکرد بە گەشتێک بە جیهاندا و دوای بڕینی پێنج هەزار و 33کیلۆمەتر گەیشتنە قەزای شێخان لە سنووری پارێزگای دهۆک.

ئەم دوو گەشتیارە لە گەشتەکەیان بە جیهاندا سنووری ژمارەیەک ولاتیان بڕی، ئەوان کولتوور و سروشتی هەریمی کوردستان و هەڵسوکەوت و میوان دۆستی هاوڵاتییانی کورد بە نایاب وەسف دەکەن.

جۆهانس گیەری تەمەن 30 ساڵە و ئەندازیاری ئەلیکترۆنییە، هاوشان لەگەڵ براکەی لە گەشتەکەی سەردانی پەرستگەی لالش-یان کردووە و دواتر بەردەو هەولێری پایتەختی هەریمی کوردستان بەڕێکەوتوون.

جۆهانس گیەری لە سنووری قەزای شێخان لە لێدوانێکی بۆ ئاژانسی ئانادۆلو، گوتی: ئێمە لە مانگی تشرینی یەکەم لە ڕۆژئاوای ئەڵمانیا لە نزیک شاری دۆرتمۆند، دەستمان بە گەشتەکەمان کرد، دوای بڕینی پێنج هەزار 33کیلۆمەتر گەیشتووینەتە قەزای شێخان لە سنووری پارێزگای دهۆک لە هەریمی کوردستان. جۆهانس گوتیشی: هاوڵاتیانی هەریمی کوردستان زۆر هاوکار و میوان دۆستن و زۆریش ڕێز لە گەشتییار و کەسانی بیانی دەگرن، گەلێکی تێگەیشتوو و لێهاتوون، خاوەن کولتوورێکی جوان و سروشتێکی دڵڕفێنن، لێتان ناشارمەوە لەم گەشتەمدا کە لە ئەڵمانیا دەستم پێکردووە بە کۆماری چیک، سلۆڤاکیا، نەمسا، هەنگاریا، بولگاریا، یۆنان و تورکیا تێپەڕیوم تا گەیشتووەتە هەریمی کوردستان، بەڕاستی تەنها سەرسامی خەڵک و خاکی هەریمی کوردستان و سربیا بووم، چونکە زۆر بەخشی.



ئەوان دەڵێن، ئەوەی لە ئینتێرنێت و جیهانی میدیادا بیستوویانە سەبارەت بە ژیانی خەڵکی تورک و کورد بەیەکەوە و نەبوونی متمانە لە نێوانیاندا، ڕاست نەبووە و بە پێچەوانەوە متمانەی تەواو لە نێوان ئەو دوو گەلەدا هەیە. جۆهانس گیەری هەروەها دەشڵێت: لە گەشتەکەمان بەردەوام دەبین و دوای هەریمی کوردستان بەڕێدەکەوین بۆ ئێران، دواتر هەوڵ دەدەین ڕوو لە پاکستان بکەین و پاشان بەڕەو هیندستان و ئینجا ڕێگەی تایلاند دەگرینەبەر، دەمانەوێت ئەزموون و کولتووری ولاتان و نەتەوەکان بزانین. جۆهانس گیەری کە لە گەشتەکەیدا دەیەوێت جیهان بە چاوی خۆی ببینێت دەڵێت: زۆر شت لە میدیا و تورە کۆمەڵایەتییەکان دەخوێنینەوە، ناکرێت باوەڕ بە هەموویان بکەین، بەڵکو دەبێت بە چاوی خۆمان ببینین، بۆ نموونە ئێستا بە چاوی خۆمان بینیمان کە گەلی کورد گەلێکی میوان دۆست و مرۆڤ دۆستن و میللەتێکی ئاشتیخوازن و ڕێز لە گەشتیار و کەسانی بیانی دەگرن. ئەو گەشتیارە ئەڵمانییە هەروەها ئاماژەی بەوەدا کە لە هەریمی کوردستان بەشداری لە جەژنی لەدایکبوونی حەزرەتی مەسیحی کردووە و گوتی: لە جەژنی لە دایکبوونی حەزرەتی مەسیح-دا کاتی زۆر خۆشمان بەسەر برد لەگەڵ خەڵکی باش و هاوڕێ کوردەکانمان لە هەریم.

جۆهانس گیەری دەشڵێت: شەوی ڕابردوو ویستمان بچین لە کۆمپانیایەک بخەوین، بەڵام بە ئێمەیان گوت کە جێگەی خەوتنی تیادا نییە، زانیمان بەهۆی نەبوونی جێگا بۆ ئێمە، هەستیان بە شەرمەزاری کردووە، لەبەرامبەردا وەکو قەرەبوو داوای لێبوردنیان کرد و چەندین خواردنی بە تام و چێژی کوردییان پێشکەش کردین. ماکسملیان گیەری کە ئەندازیاری تەکنیکییە، دڵخۆشە بەوەی کە لە کوردستانە، ئەو بۆ ئاژانسی ئانادۆلو گوتی: دەتوانم بڵێم هاوولاتییانی هەریمی کوردستان لە زۆربەی هاوڵاتییانی ئەڵمانیا کراوەترن، شتێکی نامۆیە کە لە ماڵ و چێشتخانەکان میوانداری دەکرێین و لەلایەن هاوڵاتییانەوە خواردنمان پێ دەدرێت، یان شتێک دەکڕین چەند دانەیەکیش زیاتریشمان پێ دەدەن، ئەوەی لێرە دەیبینین لە وڵاتانی دیکە نەمانبینیوە، بۆ نموونە ئەمڕۆ دەمانویست بچین بۆ پەرستگەی لالش، هاوڵاتییەک پیک ئاپ-ەکەی ڕاگرت و داوای کرد کە لەگەڵی سەرکەوین، ئێمەش پایسکلە دوو کەسییەکەمان کردە نێو نۆتۆمبێلەکەی و لەگەڵی چووین بۆ پەرستگەی لالش.

گرێیشی: لە گەشتەکەماندا لانیکەم 40 کیلۆمەتر بە پایسکل دەڕۆین و هەندێک جار هەتا 140 کیلۆمەتر ڕێگەمان بڕیوە، ئێستا دەمانەوێت 60 بۆ 80 کیلۆمەتری دیکە ببڕین بۆ ئەوەی هەرێمی کوردستان باشتر ببینین. ئەو دوو گەشتیارە ئەڵمانییە هەرچەند خیوەت بۆ نووستن بەکاردەهێنن و کەلوپەلی چێشت لێنانیان لەگەڵ خۆیاندا هێناوە، بەڵام نایشارنەوە کە هەندێک جار شوێنی مانەوەیان بە ئەستەم دەست دەکەوێت، بە ناچاری پەنا دەبەنە بەر خانووە تەواو نەکراوەکان تاوەکو بەهۆی باران بارینەوە تەڕ نەبن. گەشتی ئەم دوو گەشتیارە ئەڵمانییە کە تا ئێستا نەچوونەتە نێو ژیانی هاوسەرگیری و ڕۆژانە لەگەڵ باوک، دایک و خوشکەکەیان لە ڕێگەی پەیوەندی تەلەفۆنی قسە دەکەن، لە کۆتایی مانگی ئازاری ساڵی 2020 کۆتایی دێت، دەیانەوێت لەو ماوەیەدا جیهان هەموو ببینن، بە پایسکلێکی دوو کەسی وڵات وڵات و لە وڵاتانیش شار بە شار دەگەڕێن. دوای ئەوەی ئەو دوو برایە ئەڵمانییە لە گەشتەکەیاندا گەیشتە هەولێری پایتەختی هەرێمی کوردستان سەردانی قەڵای هەولێریان کرد و بە چرکاندنی وێنەی سێڵفی و گرتنی چەند گرتەیەکی ڤیدیۆیی و وەرگرتنی چەندین زانیاری لەبارەی هەولێر و قەڵای هەولێر بە تایبەتی، خستە دەفتەری یادگارییەکانیان.

ژمارەی گەشتیاران کە بۆ سەری ساڵ هاتبوون بۆ هەرێمی کوردستان زیادی کردووە

پێنج ڕۆژ پێش دەستپێکردنی ئاهەنگی سەری ساڵ، زۆربەی میوانخانە و مۆتێلەکان پڕ لە گەشتیار ببوون، لێژنەی بەڕێوەبەرایەتییەکانی گەشتوگوزاریش بە وردی چاودێری شوێنەکانیان دەکرد، لە بەدواداچوونێکی مەیدانی لە لایەن سەرۆکی دەستەی گەشتوگوزار و تیمێکی یاوەری بۆ ژمارەیەک ئوتێلی شاری هەولێر، خاوەن ئوتێلەکان دڵشادی خۆیان دەبڕی کە ئەم ساڵ ژمارەی گەشتیاران زۆر باش بووە. لە کۆتایی سەری ساڵ دەستەی گەشتوگوزار لای خۆیەوە ئاشکرای کرد کە 167 هەزار گەشتیار بۆ ئاهەنگەکانی سەری ساڵ هاتوونەتە هەرێمی کوردستان. بە پێی ڕاگەیاندنی دەستەی گشتی گەشتوگوزار بەشی زۆری گەشتیاران لە خوارو ناوەڕاستی عێراق هاتبوون، کە ڕێژەکەیان زیاتر لە 78% بوو. بەراورد بە ساڵی ڕابردوو کە 150هەزار گەشتیار هاتبوون، 17هەزار گەشتیار زیادی کردوە. جێی ئاماژەیە کە گەشتیارانی ناو شارەکانی هەرێم ئەژمار نەکراون، بەڵکو تەنیا ئەوانەی لە دەروازە و بازگەکان و فڕۆکەخانەکان هاتوونەتە هەرێمی کوردستان ئەژمار کراون.





لاوە لیبرۆ یاریزانی تۆپی بالەی یانەی هەولێر بۆ خەبات:

بەداخەوە هێندەی بایەخ بەتۆپی پێ دەدرێت ئەوەندە بایەخ بە وەرزشەنەکانی تر نادرێت


دیمانە: سولێن سلێمان

ئەحمەد تەیب کە بە (لاوە لیبرۆ) ناسراوە یاریزانی تۆپی بالەی یانەی هەولێرە و قوتابییە لە کۆلێژی پەروەردەی جەستەیی و زانستە وەرزشییەکان، لە چاوپێکەوتنێکدا بۆ لاپەڕەی وەرزشی رۆژنامەی خەبات دەڵێت: لەساڵی 2015 بۆ یەکەمجار دەستم بە مەشق و راهێنان کرد و لە هەمان ساڵیشدا لەگەڵ یانەی ئارارات بەشداری خولی عێراقم کردووە، توانیمان یەکەمی عێراق بین، دواتریش چەندین یانە گرێبەستیان بۆ پێشنیار کردم یەکێک لەو یانانە، یانەی هەولێر بوو، کە ئەو گرێبەستەم قبوڵ کرد تا ئێستاش لەو یانەیەدا بەردەوامم.

هەروەها گوتی: بۆ ماوەی 3 ساڵە لەو یانەیەم چونکە خەڵکی ئەو شارەم و دڵخۆشم کە خزمەت بە یانەی شارەکەم دەکەم ، گوتیشی: لە ئەنجامی سەیرکردنی ئەو یارییە جۆش و خرۆشێکی زۆری پێ بەخشیم هەر بۆیەش ئەو یارییەم هەڵبژارد، ئاماژەی بەوەشدا کە یانەکەیان جارێک بووەتە پاڵەوانی عێراق و بەو هۆیەشەوە بووەتە نوێنەری عێراق لە پاڵەوانێتی عەرەبی لە وڵاتی میسر، و هەروەها کردنەوەی ئەکادیمیایەکی تۆپی بالەی یانەی وەرزشی هەولێر بە سەرپەرشتی د. وەلید عارەب کە زیاتر لە 100 منداڵی کوڕو کچی بە شێوازێکی ئەکادیمی پێگەیاندووە، دەربارەی نوێترین کارو چالاکییەکانیان دەڵێت: لە ئێستادا تیپی تازەپێگەیشتوان کە لە لایەن راهێنەری بە توانا جوان سەرپەرشتی دەکرێت و لەگەڵ تیپی پێشکەوتووان لە پێشبرکێیەکدایە و لە راهێنانی بەردەوامدایە بۆ خولی عێراقی و خولی کوردستان بە سەرپەرشتی راهێنەری بە ئەزموون کاپتن خالید ساڵح.

لاوە لیبرۆ زیاتر گوتی: هۆڵی مەشق کردنەکەیان لە زۆر خزمەتگوزاری بێبەشە وەک ساردکەرەوە و گەرم کەرەوە و چەندین خزمەتگوزاری دیکەش، بەو هۆیەشەوە نزیکەی مانگێکە لە نۆژەنکردنەوەدایە، و لە ئێستاشدا لە کۆلێژی پەروەردەی وەرزشی بەردەوامیمان بە مەشق و راهێنانەکەمان داوە، ناوبراو ئاشکراشی کرد کە بەداخەوە هێندەی بایەخ بەتۆپی پێ دەدرێت ئەوەندە بایەخ بەوەرزشوکانی تر نادرێت، تا ئێستا جیاوازی لەمروەوە هەیە، بۆ نمونە تۆپی بالە پشتگوێ خراوە هیوادارین کاربەدەستان ئاوڕێک لە تۆپی بالە بداتەوە، بە کردنەوەی چەند ناوەندێکی ئەکادیمی.

پێویستە ئەکادیمیای زیاتر لە شار و شارۆچکەکان بکرێنەوە



هیوای سەلامەتی بۆ وێنەگری یانەی هەولێر



لەم رۆژانە سەبوور رەشید وێنگەری وەرزشی یانەی هەولێر بەهۆی نەخۆشیەکەوە نەشتەرگەریەکی قاچی بۆ ئەنجامدرا و ئێستا لە ژێرچارەسەری بەردوام دایە، هۆشبەختانە نەشتەرگەریەکە سەرکەوتوو بوە.
بەناوی ستافی وەرزشی لاپەڕەی وەرزشی رۆژنامەی خەبات هیوای زوو چاکبوونەوە و گەرانەوەی بۆ دەخوازین.

رۆنالدۆ: بردنەوەی تیپەکەم لە هەموو شتێک گرنگتترە



ئەستێرەی پورتوگالی، کریستیانۆ رۆنالدۆ، هێرشبەری یانەی یۆڤانتۆسی ئیتاڵیی، بە هاتریک دەستی بە ساڵی نوێ کرد، زمارەی هاتریکەکانیشی لە کاروانی یاریکردنی خۆیدا بۆ 56 هاتریک بەرز کردەوە، لە دوای یارییەکەی بەرامبەر کالیاریش وتی: دڵخۆشم بەوەی توانیم بە هاتریک سێشوازی لە ساڵی 2020بکەم. ئەمەو لە گەڕی هەزدیەمی خولی یانەکانی ئیتاڵیادا، یانەی یوڤانتس بە زوار تۆڵی خاوێن شکستی بە یانەی کالیاری میوانی هێنا، لەو یارییەدا کریستیانۆ ساسێکی یەکلایکەرەوە و هاتریکی تۆمار کرد.

رۆنالدۆ لە دوای یارییەکە خۆشحاڵی خۆی بەو سەرەتا بەهێزە بۆ میدیاکان دەربڕی، وتیشی: ئەمو سێ تۆڵە زۆر ئاسوودەی کردم، بەڵام بردنەوەی تیسەکەم بۆ من لە هەموو شتێک ترنتترە، دڵخۆشم بەوەی توانیمان بە سەرەتایەکی بەهێز دەست بە ساڵی نوێ بکەین، لە هەمووی ترنتتر ئەوەیە، بتوانین ئاستی خۆمان بەرز بکەینەوە. رۆنالدۆ وتیشی: هەوڵدەدەین یاری دوای یاری ئاستێکی بەرز سێشکەش بکەین، هیوادارم ئینتەر میلان لە یارییەکەی ئەمشەوی لە دزی ناسۆڵی بدۆڕێت بۆ ئەوەی ئێمە بە ئاسوودەیی لە کالزیۆ ببینینەوە و دەمانەوێت رکابەری بۆ سەرجەم نازناوەکانی دیکەی ئەم وەرزە بکەین. شیاوی باسکردنە، کریستیانۆ رۆنالدۆ، بووە یەکەمین یاریزانی پورتوگالی لە سێریا ئەی هاتریک تۆمار بکات و بووە یەکەمین یاریزانیش لە 2020 هاتریک تۆمار بکات، رۆنالدۆ، بووە یەکەمین یاریزان لەسەر ئاستی هەر سێنز خولە تەورەکەی ئەوروپا 36 هاتریک تۆمار بکات، نزیکترین رکابەریش لیێ لیڤنیل میسییە، کە خاوەنی 34 هاتریکە.

رەمزی میرەکانی



جامی سوپەری ئیسپانی ئەو تام و چێژەی نابێت

ئەگەرچی راگەیاندنە وەرزشیەکانی جیهان گرنگیەکی زۆر بە جامی سوپەری ئیسپانی دەدەن، کەچی لەهەمان کاتیش زۆر لەتام و چێژی یاریزانان لەوێ نابینرێن بەهۆی بەشداری نەکردنیان لەم جامەدا. زۆرێک لە یاریزانەکان ناتوانن بچنە سۆدیە و یاوەری یانەکانیان بکەن، یاریزانەکانیش بریتین لە تیر شتیگن، دیمبلی، هازارد، دیگۆ کۆستا ، گۆدیس، رۆدریگۆ مۆرینۆ

بۆ ڕێکلام کردن پەیوەندی بکەن بە:
0750 906 9595
یان ئیمەیڵی:
reklam@xebat.net
پشتی ئاگادارییەکان:
0750 588 1616

سەرنووسەر
سەلام عەبدوڵڵا
tel: 0750 445 9940 selam@xebat.net
0770 2969696
بەڕێوەبەری هونەری
شکار عفان نەقشبەندی
shkaraffan@gmail.com

خاوەنی ئیمتیاز
عەلی عەبدوڵڵا
سکرتێری نووسین
دڵشاد مستەفا وەسانی
dilshadmstafa@yahoo.com

KHABAT info@xebat.net
www.xebat.net
Daily Newspaper Kurdistan - Iraq
Organ of KDP
Concessioner: Ali Abdulla
Editor-in-chief: Salam Abdulla

خەبات XEBAT
Wed.8. Jan. 2020 No: (5906)
ناونیشان: هەولێر- شەقامی سەرەکی مەسیف سەلاحەدین - بەرامبەر وەزارەتی پێشمەرگە . میدیا سەنتەر

تەنز لە ئەدەبی ئێمەدا

سەلام عەبدوڵڵا وەک نموونە



دانا کەمال

ئەو ناونیشانەی سەرەوە بۆ ئەدەبی ئێمە نوێیە، نووسەرانی کورد یان نەیانتوانیوە لەو فۆرمەدا قاڵبێنەوە، یاخود ئەم جۆرە ژانرە گرنگییەکی ئەوتۆی پێنەدراوە لە ئەدەبی کوردیدا، لەکاتێک لە ئەدەبی جیهان، بە گرنگییەکی زۆرەوە لێیانڕوانیوە.

ئەگەر ئاوڕێکی خێراش لە فەرهەنگی کوردی بدەینەوە، دەبینین هەریەکە لە (هەجوو، هەزل، مەتەڵ، لەتیفە، فوکاهە، موتایبە، لۆدەگی) لە فەرهەنگمان دەبیندرێن، کەچی تەنز وەک پێویست لە ئەدەبمان ڕەنگی نەداوەتەوە. بەراورد بە ئەدەبی کوردیش لە ئەدەبیاتی ئەمەریکا بۆکۆڤسکی توانی لە ڕێگەی چیرۆک و ڕۆمانە تەنز ئامێزەکانیەوە بە ئاشکرا ڕەخنە لە دەسەڵاتی سیاسی و باری ڕامیاری و تەنانەت ئابووری وڵاتیش بگرێت، کتێبی کۆمەڵە چیرۆکی قاحپەی 135 کیلۆیی و ڕۆمانی بازاڕی باشترین دوو نموونەن. لە ئەدەبیاتی ئەوروپا لەو ڕوانگە و لەم ئەدەبەوە ڕووسەکان خاوەنی دۆستۆڤسکی و ئەنتۆن چیخۆفن، لە ئیتاڵیاش مۆراڤیا و لە تورکیاش عەزیز نەسین. هەریەک لەو نووسەرانە توانیان لە ڕێگەی بەرهەمەکانیان کۆمەڵگەی ئەوەدم بخەنە ژێر پرسیارەوە. ئاخر هەریەک لەو نووسەرانە لە ڕێگەی بەرهەمی ساتیر یان تەنز ئامێزەکانیان توانیان دوو مەبەست بپێکن.

یەکەم/ ڕەخنەگرتن لە نابوتی و ناشیرینییەکانی نێو کۆمەڵگە و دەسەڵاتی سیاسی و بواری فەرهەنگی و کولتووری و ڕامیاری و کۆمەڵایەتییەکانی ئەوەدم.

دووەم/ بە نووسینی ئەو شێوە بەرهەمەکانیان کەلێنی ئەدەب و کتێبخانەکانیان لەو ژانرە پڕکردەوە، کە ئەمەش بۆ میژووی ئەدەبیان باشترین سەرچاوە دەبێت. بەڵام ئەدەبی ئێمە وێڕای کەمبوون و زۆرجاریش نەبوونی ئەم جۆرە ژانرە، کاتێک نووسەرێک دەستدەداتە وەها ژانرێک، لێکۆڵیارانی کورد وەک پێویست پێشوازی لێناکەن، یاخود وەک هەر بەرهەمێکی دی پەراوێز دەخرێت و دەکرێتە پشتی کتێبخانەکانەوە. ئەم حاڵەتەیە هەم کەلێن بۆ ئەدەب و کتێبخانەکانمان دروست دەکات و هەمیش نووسەر حەوسەڵەی جارێکی تری ئەو ژانرەی نییە. وەک ڕۆلان بارت دەیگوت: (ئەمە مردنی نووسەری ڕاستەقینەیە).

ئەدەبی تەنز ئامێز یان ساتیر، لە شێوە گشتییەکەیدا ڕەخنەگرتن یان تایبەت بە دەربڕینی ماناگەلی تۆندوتیژی کۆمەڵایەتی، ڕامیاری، ئایینی، کولتووری، فەرهەنگی، هونەری...هتد) کە بەشێوەی ژانەری شیعر، چیرۆک، ڕۆمان دەنووسرێت.

ئەوەی سەرەوە زەمینەسازییەک بوو بۆ قسەکانم، ئەوەی لێرەدا دەمەوێ باسیبکەم هەوڵێکی جیدی سەلام عەبدوڵڵای نووسەر و ڕۆژنامەنووسە، کە لە دووتوێی کتێبێکی349 لاپەڕەدا بەناوی (تەقەی خۆشی ڕامەگرن) بە چاپی گەیاندووە، کە هەندێ لە کورتە چیرۆکەکانی ناو ئەم کتێبە دەگەڕێتەوە بۆ ساڵانی هەشتاکان و هەندێکی تری چیرۆکەکان دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی دووهەزار و لە کتێبێکدا بەناوی (تەقریستان) دەزگای چاپی موکریان بۆی چاپ و بڵاوکردووەتەوە.

ئەم کۆ کورتە چیرۆکە تەنز ئامێزەی سەلام عەبدوڵڵا، هەوڵێکی نوێیە بۆ ئەدەبمان و پڕکردنەوەی بەشێک لەو کەلێنە گەورەی ئەدەبی کوردی لە بواری تەنزدا، کە لەلایەن نووسەرانی کوردەوە پەراوێزخراوە یاخود کەمترین کار لەسەر ئەمجۆرە فۆرمە کراوە



ئەم کۆ کورتە چیرۆکە تەنز ئامێزەی سەلام عەبدوڵڵا، هەوڵێکی نوێیە بۆ ئەدەبمان و پڕکردنەوەی بەشێک لەو کەلێنە گەورەی ئەدەبی کوردی لە بواری تەنزدا، کە لەلایەن نووسەرانی کوردەوە پەراوێزخراوە یاخود کەمترین کار لەسەر ئەمجۆرە فۆرمە کراوە.

بە گشتی کتێبی تەقەی خۆشی ڕامەگرن ڕەخنەگرتنە لە دیاردە باوەکانی نێو کۆمەڵگە، بە تایبەت ڕەخنەگرتن لە دیاردەکانی (دەسەڵاتی سیاسی و هەژموونی حزبی، ڕوانگەی کۆمەڵایەتی، ڕامیاری، ئایینی، بژێوی ژیانی ڕۆژانە و کار و لایەنی ئایینی) چەندین بابەتی تر.

ئەم کتێبە چاپی یەکەمیەتی و ساڵی 2019 بە تیراژی 1000دانەی لێ جاپکراوە و لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانەکان ژمارە سپاردنی (908)ی پێدراوە.

ئاگرین: سوپاسی هەموتان دەکەم کە پاڵپشت و هاوکارمن



توانا زرار

هونەرمەندی لاو و دەنگخۆش ئاگرین، یەکێکە لەو گەنجە دەنگخۆشانەی لەم دواییەدا بەهۆی دەنگە خۆشەکەیەوە خۆی بە هەوادارانی ئاشناکرد. ئاگرین، سوپاسگوزاری خۆی بۆ هەموو ئەو کەسانە دەردەبڕێت کە لەکاری هونەری پاڵپشت و هاوکاری بوونە و دەشڵێت هەموو قسە و پێشنیار و ڕەخنە ئەرێنی و نەرێنییەکانی ئێوە بۆ من دروستکەرن.

لەوالی تایبەتی خۆی هونەرمەند ئاگرین دەڵێت: خۆشەویستان دەمەوێت پێتان بڵێم من هەمیشە لێتانەوە نزیکم و قسەکانی ئێوە دەبینم، ئەرێنی بێت یاخود نەرێنی لەکۆتاییدا هەموو ڕەخنەو پێشنیارەکانتان بۆ من دروستکەرن.

بۆ ئەوەش سوپاسی هەر هەموتان دەکەم کە هەمیشە پاڵپشت و یارمەتیدەربوون بۆ من و بەرەو سەرکەوتنی زیاترم دەبەن و هانی ئەودم دەدەن کاری جوانتر و باشتر بکەم تاکو بگەو بەئاستی دڵخۆشی هەموتان.

دەشڵێت: ڕاستە من ناتوانم بۆ هەمیشە وەڵامی نامەکانتان بدەمەوە، بەڵام هەمیشە کار لەسەر قسەکانتان دەکەم و خۆشەویستیم بۆ هەموتان هەیە.



بروسکەی پیرۆزبایی

دڵزار: لووتکەی پیرۆزی خەبات و پەیامی مرۆڤپەروەریی شیعر

گەورە تێکۆشەری ڕێگەی ئازادیی ژیان، ئازادیی نیشتیمان و شاعیری بەهای مرۆڤپەروەری ..

مامۆستا دڵزار

سڵاوی وشەو قەڵەمی جوانی کوردستان

بە بۆنەی سەد ساڵەی ڕۆژی لە دایکبوونتان، لە ناخەوە، لە ئاگردانی خەباتێکی نیشتیمانی، نەتەوەیی، کۆمەڵایەتیی پشوو درێژی دژوارەوە، هەروەها لە باخچەی هەمەڕەنگینی پەیامی جوان خوازی و شۆڕشگێڕیی شیعرەکانتەوە پیرۆزبایی شاگردی دڵسۆزتان پێشکەش بە بەڕێزتان دەکەم و دەخوازم هەمیشە لەشساغ و تەمەن درێژبن .

هاوکات دەخوازم، بگرە داواکارم نەوەی نوێ لە مێژووی خەباتی دژوارو ڕاستگۆیانەتان و ڕەوسەی بەرهەمە کلتوریە هەمە ڕەنگە جوانەکەتان، پەند و دەرسی نیشتیمانی و مرۆڤ پەروەری لێیان وەربگرێ .

جارێکیدیکە گەرمی پیرۆزبایی و چەپکە گوڵی وەفاداری پێشکێشە .

سوپاس

مومتاز حیدەری
هەولێر کوردستان
2020/1/8

